٤


سروه

ئەدەبی - فەرهەنگی

١٣٦٣

بنکەی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

گۆواری ئەدەبی - فەرهەنگی سروه - ساڵی یەکەم ، ژمارە ٤، زستانی ١٣٦٤ ،نرخ ١٥ تمەن .



تەوبە

ماموستا مەلا محەممەدی رەبیعی


یا رەب من تەوبەی پەشیمانیمەن
وادەی ئەڵوەدای کۆچ جوانیمەن
هەرچەن جەی وەرتر نەعزم کرد پەیمان
مەئیووس نیم جە تۆ بە نەقز ئیمان
یا هەرچەن جورمم بێ حەساو کەردەن
بە یەکتایی تۆ شیرکم ناوەردەن
هەرچێوم کەردەن جە نافەرمانی
سەرکەشی نیەن غەیر لە نادانی
ئیسە قەلب من مایل وەلای تۆن
ئومێدەش پەناوسایەی ولای تۆن
هەرچەن تەبع من ئالوودەی هەوان
تەنیا رێبەری ورەحم تۆش دەوان
چون ناکاملەن وێنەی سەغیرەن
تەحت تەئیسرەن وێنەی ئەسیرەن
ئەمما شاگردێ با ئیستعدادەن
پەی تەحریر جەید چقەید ئامادەن
هەرنە تەحوێلەن چون نەشئەی خەلیل
هەتا "وَجَّهْتُ"ش مەبۆ وە دەلیل
ئیسە چون هذا هذای ئەووەلین
هەرها نەتەحقیق زومرەی نافلین
چون یاواوە مەرز یەکتا پەرەستی
بێ باکەن جەلەوم ئەفکار پەستی
کەی بۆخواکەی بیاووم وەحەد؟
وە هەمزەی ئەحەد لابەم نوقتەی خەد
گێرۆم نەئاغۆش شاهیدی مەقسوود
فەرامۆشم بۆ ئەعرازی وجوود
ئەو شووشەی تەوبەم چەن جار شکاوان
هێشتا هەر کوێرم، نیەنم تاوان

نێوەرۆک

سەروتار ٣
زمانی یەکگرتووی ئەدەبی ٨
مەعاد چیە ١٣
مامەڕەحەی سونچو.................. ١٨
رەخنە لەسەرباس ولێکۆڵینەوە ٢٠
دەستەڵاتی مەولەوی ٢٢
دەچینە خشت بڕین ٢٤
مەلاعەلی قزلجی ٢٨
ئەحمەدی شەنگ ٣٤
جوغرافیای شارستانی سەقز ٣٧
پیرەدار ٤٠
رەخنەو پیشنیار ٤٢
سوارە ٤٤
رەخنە لەسەر فەرهەنگی خاڵ ٤٨
مانگا زەرد ٥٢
ئێمە وخوێنەر ٥٤
سەرداری موسڵمانی کورد ٥٧
راوەتازی ٦٠
جەدوەل ٦٧
نەخۆشی کولی لەموکریاندا ٦٨
هەواری شیعر ٧٢
حیساباتی ئاخری ساڵ ٧٤
هونەروهونەرمەندانی کوردستان ٨٢
رێنوێنی ئەدەبی ٨٦
کوردستان و وەرزش ٨٨
نۆڵەی ئەژدەهاک ٩٢
دیاری ٩٦
تەنز چیە ٩٨
لەگەڵ شیعری شاعیرانی لاو ١٠٠
چیرۆک بۆمنداڵان ١٠٢
شیعری رستان ١٠٥

چاپ: از شرکت ایرانچاپ
تلفن: ٣٢٨١


وینەی سەربەرگ :
گومی سەرسەکو
لەشاری بوکان
دیاری کاک خالیدی قەلعەکووهی
وینەی پشت بەرگ:
تەشی ریس
دیاری کاک نادری قازی







گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی
سروە
لە ژێر چاودێری دەستەی نووسەران
ناونیشان : اورمیه ـ خیابان شهید باکری ـ نیش کوی ساعد ـ انتشارات صلاح الدین ایوبی (مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی) تلفن : ٢٥٨٠٠





وێڕای سلاو و پیرۆزبایی (سروە) بە ئێوە خوێنەرانی بەرێز بەبۆنەی ساڵڕۆژی سەرکەوتنی پڕ شکۆی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و تێکەوپێچانی تۆماری حکوومەتی سەرشۆڕانەی شاستەمکارەکان سەروتاری ئەمجارەمان دەس پێدەکەین .

(تعهّد)ی قەڵەم وقەڵەمی (تعهّد)

تێ بینی

لەژمارەی پێشوو داوێڕای باس لەسەر خاسیەتی ئامراز بوونی قەڵەم دواین گوتمان قەڵەم وەک تیغێکە باخەوان درووی پێ هەڵدەپەرتێوێ و غەیان خوێنی پێ دەرژێنێ "

هەروەها گوتمان بەرفراوانی و گیرایی زمانی قەڵەم ، پاراوی و تەئسیری خێرای نووسینەکان هەروەها ئاسان و هەرزان دەستکەوتنی بڵاو کراوە .تەبلیغاتییەکان بوونەتە هۆی ئەوەکە ئاپۆرەیەکی زۆر لەدەوری کۆببێتەوە وژمارییەکی زۆرتریش لەبەروبووی بەهرە وەرگرن ،ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەکە وێڕای هەوڵدانی بەکەلک وئینسانی نووسەرانی

دەرەوەست ، دوژمنانی مرۆڤایەتی وەخۆ کەون شەپۆلێکی بەسام و گەورەی نووسینی دژیو وتێکدەرو رووخێنەرەوە رێ بخەن بۆلەنێوبردنی ئیستعدادەکان،هونەرو قەریحە پاکەکان و یالادان و بەر دەستکردنیان .

دیسان کوتمان ئیستعماری بیروفکر کەبۆزال بوون بەسەرتەواوی بارەکانی ژیانی خەلک هەل ومەرجی بنەرەتی پێویستە ،ئامانجێکە کەسیاسەتمەدارەکانی ئیستکبارو ئیلحاد لەقەلەمی چاوەروان دەکەن .لەدوا یی دا وێرای بانگ هێشتنی هەموو ئازادبیران و (اولوا الالباب) لەرێبازی خەباتی راستی و بنەرەتی دژی ئیستعماری قەلەم وبەهرەوەرگرتنیبەچاکە لەقەلەم بەلێنیمان دا کە ئەگەربلوێ هێندێک لەبارەی (تعهدی) قەلەم بدوێین .

"تعهد" چیەو چەتایبەتیەکی هەیە

"تعهد "وشە یەکی عەرەبی یەو لە (عەهد)ەوە هاتووەومانای پەیمان دەدا ،دەرەوەست یا "متعهد" بەکەسێک دەگوتری کەپەیمانی بەستووە ولەسەر پەیمان و بەلێنی سوورە . بەشێوەیەک کەئەم پەیمانە ببێتە ئەسلێکی سابت ونەگۆراوە ولەبیروکردەوەی ئەودا دیار بێ .

کاتێک باسی "تعهد"دەکرێ دەبێ بەوردی روون بکرێتەوە وشی بکرێتەوە بۆئەوەش دەبێ وەلامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە **کەتعهدسە بارەت بەکێ وعەهدو پەیمان چیە ؟ چەتایبەتیەکی هەیە ؟**

بۆروون کردنەوەیەکی پترلەولامی ئەو دووپرسیارەدا لەپێشدا بەکورتی مانای لێدەدەینەوە ودوایەتایبەتیەکانی " تعهدی قەلەم" ویا خۆ دەرەوەست بوون سەبارەت بە ستەمکارو تاغووتیەکان و خێوی فێلو تەلەکە دەخەینە بەرباس

تعهدسەربارەت بەکێ و عەهدو پەیمان چیە ؟

ئاشکرایە کە لەچوارچێوەی بیرو بروایەکی هاوبەش بەشی زۆری ئێمەی کورددا تعهد لە قیبالی خودا دایە، واتەئیمە لەبەرابەری خودا دا "متعهدین" وهەر بەم بوئەوە هیچ قەیدێکی جگە لەخودا ناسەلمێنین . هەرچەندە پێویستە پەیوەندی دوو لایەنەی "تعهدالهی " و " تعهدغیرالهی " بخەینەبەر باس بەلام چون ئەوەسووژەیەکی عەقیدەتییە لێرەدا خۆی لێ دەبوێرین بەلکوو بەیارمەتی خودا لە جێی خۆیدا بەرەسمی لێ کۆلینەوە وبە شێوەیەکی زانیارانەی تەواو بیدەینە بەرباس ولێکۆلینەوە(۱)

ئەوە روونەکە ئەم بەرنامەی بە "تعهد"سەبارەت بە خودا دێتەگۆرێ تەنیا بەپەیرەندی نێوان عەبدوخودا و عیبادەت ورازونیاز نابرێتەوە بەلکولەتەواوی بارو دۆخی ژیانی ئادەمیزادەدا (لە بچووکترین واحیدی کۆمەلایەتی رابگرە هەتا گەورەترینی)پەیوەندیەکانی ژیانی ئەودیاری دەکا جالێرەدایە کە دەتوانین عەهد بناسێنین . پەیمانی ئێمە لەم (تعهد)ەدا بەرێوەبردن و حاکم کردنی ئەم پەیوەندیانەیە .

ئێستا بۆمان دەرکەوت کە چۆن لێپرسراوی لەبەرابەر کۆمەلی خەلک و بەکورتی هەموو شتێک "لەجیهاد و نەباتەوە هتد ..." لە (تعهد) سەبارەت بەخوداوە سەرچاوە

---

(۱) پێویستە ئەوەش رابگەیەنین کە ئێمە لەوانەنین کەبمانەوێ عەقیدەیەک دەرخواردی خەلک بدەین کە دەستکرد بێ و رێ لە خەلک هەتلە بکاوەک ئەوانە کەلەهەرە دوورترین ولاتانی جیهانرا عەقیدەوبیرو رایەک بەقەرز وەردەگرن ودەیکەنە پاشکۆی فەرهەنگی خەلک ، ئەوان غافلن لەوە کە

وصله ناچسبکی ماند بجا
غافلان ازهوشیاران کن جدا

لەم پێیەدا چاوپێدا گێرانێک بە واقیعیەتی بەرچاوو بایخەرەسەنەکانی شەریعەتی محەممەدی (د .خ) لەهەموو سەرلێ شێواوی یەک دوورمان دەخاتەوە .

دەگری و چلون ئەوەی لە بەرابەر ئەمری خودادا دەروەستە سەربارەت بەفەرد وهەموو ئەجزای جیهانی خولقاو بەتایبەت خەلک دالە هەموان بەر پرسرو لی پرسراوترە

بەپیی ئەم مەبەستەی باسمان کردو بەپیی ئەم ناسینەیکە لە (عهدوتعهد) لە زەینی خوینەرانی بەریزدا یە دەتوانین تایبەتی یەکانی (تعهد)ی قەلەم)شی بکەینەوە وبەناوی بەشیک لە تعهدی تیکرایی و هەموو لایەن باسی لی بکەین .

ئەم ئوسوولەی قەبوول کراوە پەیوەندی بە چەشنی (تعهد) ومەوزووعی (تعهد)ـ ەوە هەیە کە دەبی لە هەموویدا دەوری قەلەم بە ئاشکرا دیاربی ومیعیاد و محەکیک بی بوهەلسنگاندنی نووسراوەکان بەوپی یە .

بەلام بە جاری ئەممەبەستە بەلام بە جاری ئەم مەبەستەش رابگەیەنین کە ئەم باسە تەنیا بەقەلەم بەلکوو بەهەموو تیکوشانە فەرهەنگی یەکان کە بە شیوەیەک پەیوەندی یان بە بیرەوە هەبی مەربووت دەبی لە لایەکی ترەوە دەبی بزانین کە لازمەی راستی ئەو باسەتەنیا بەو مەرجەتەواوە کە (بەکەلک وەرگرتن لە ئامار ورەقەم ووینەی واقیعی ومەسەلەی بەجی و...) باسی لی کرابی کە ئەوەش لەوەها وتاریکدا جیی نابیتەوە وناگونجی لیبراو هەلیدەگرین بوباسەکانی عیلمی وهونەری و... ولەویدا باخاوەنراکان لە سەری بدوین ولیی ورد ببنەوە وئیمەش بە پیی توانا وبەلەبەرچاو گرتنی حال ووەزعی خومان سەیری ئەم بەشە لە گولزاری عیلم وئەدەب دەکەین.انشاالله

تایبەتی یەکانی تەعەهودی قەلەم وقەلەمی تەعەهو .

(تعهد)ی قەلەم وقەلەمی (تعهد) دوو تەعبیرن لە مانا یەکدوو وینەن لە شتیک واتە (تعهد)ی قەلەم هەر ئەو مەبەستەیە کە ئەگەر بە دەستی قەلەمی (تعهد)ی بسپیری حاسل دەبی ویا (تعهدی قەلەم) هەر ئەوەیە کە لە قەلەمی (تعهد) دەتکی .ئیستاش قەلەمی دەروەستگەلیک تایبەتی هەیە کەلە شوینەوارەکەیدا دەبی دیاربی وەک

١ـ لانەدان لەئوسوول

یەکیک لەو مەبەستە ئەساسی یانەکە لەم چەشنە باسانەدا ئەگەر بە راستی رەچاو کری ئەسالەت وسەداقەتی هەر جوولانەوەیەک دەپاریزی ودەنا بە پیچەوانە هەر کەمتر خەمی یەک زەرەیەکی قەرەبوو نەکراوە بە بار دینی وواهەیە ١٨٠ لە ریبازی ئەسلی لاماندا .

" لادان لە ئوسوول لە هیچ هەل ومەرجێکدا کارێکی دروست نیە ، هیچ کارێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو رەوا نیە وگۆڕانی زەمان و مەکان نابێتە بیانووی پێ شیل کردنی ".

لە جێگایەکی تردا چۆنیەتی ئەو تەئسیرەی گۆڕانی زەمان لە نێوەرۆکی نووسیندا پێکی دێنێ دەخەینە بەرچاو و زیاتر لەم بابەتە دەکۆڵینەوە ،بەڵام هەر لێرەدا بەپێویستی دەزانین رابگەیەنین نووسەر نابێ بەهیچ بیانوویەک ئوسوول وەلابنێ و ئەگەر وای کرد موتەعەهید نیە و خەیانەتی کردووە ،هەم بە کۆمەڵی نووسەر و قەڵەم بەدەست ، هەم بەوانەی تامەزرۆی خوێندنەوەن .

ئێمە ناڵێین کە باوەڕمان بە گۆڕانی هەل و مەرج نیە و قەڵەم نابێ تەئسیر لەوئاڵ و گۆڕانە وەربگرێ. بەپێچەوانە زۆریشی پێ لەسەر دادەگرین، بەڵام مەبەستمان ئەوەیە کە نابێ ئوسوول بکەین بە قوربانی ئەو ئاڵ و گۆڕە و بۆ خۆرێکـ ـخستن لەگەڵ هەل و مەرجی نوێ چوارچێوەی کار تێک بدەین.بۆ وێنە ئەگەر

گۆڕانی هەل و مەرج بە شێوەیەک بێ کە شێوەی نووسین و ئەو وشە و زاراوانەی جاران باو بوون لە زەمانی ئێستا باو نەبن، یا ئەو بابەتانەی کە زەمانێک بابەتی ڕۆژ بوون و قسەیان لەسەر دەکرا گرینگی خۆیان لەدەست دابێ ئایا ناتوانین دەستێکیان تێوەر بدەین و نەزمێکی نوێ بۆ کاری داهاتوومان لەبەر چاو بگرین؟

گومان لەوەدا نیە کە نەک هەر هەقی خۆمانە بەڵکوو دەبێ بە ئەرکی خۆمانی بزانین بەپێی هەل و مەرج گۆڕانێکی لەبار لە نووسینی خۆماندا پێک بێنین بەڵام گۆڕانێکی وا کە نەبێتە هۆی تێک چوونی چوارچێوە و ئەساسی کار و لە ڕێبازی ئەسڵیمان دوور نەکاتەوە.

ئەگەر لەو بڕوایەدا بین کە بۆ خۆ ڕێکخستن لەگەڵ نەزمی نوێ دەتوانین ئوسوول پێ شێل بکەین، هەروەها ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە بەپێی گۆڕانی هەل و مەرج لە داهاتوودا نەزم و شێوەی کاریش دەبێ بگۆڕدرێ، ئەو وەختە ئوسوولیش پەیتاپەیتا دەگۆڕدرێن. لە لایەکی دیکەوە لادان لە هەر ئەسڵێک بە مانای دەست هەڵگرتن لەو ئەسڵە و قەبوول کردنی ئەسڵێکی ترە بۆ ماوەیەکی تر.

ئەگەر واشی لێهات بەو مانایە کە هیچ ئەسڵێکی سابت و نەگۆڕاو نامێنێ کە وەک میعیار بتوانین پشتی پێ ببەستین.

بەڵام ئەمەش لەگەل ئەسڵی تەعەهود کە لە سەرەتای ئەم باسەدا پێمان لەسەر داگرت یەک ناگرێتەوە. (لە لایەکی ترەوە ئاشکرایە ئەگەر ئەسڵێکی سابت و لە گۆڕان نەهاتووی وا قەبوول نەکرێ، کە لە هیچ هەل و مەرجێکدا گۆڕانی بەسەردا نەیە ڕێگا یەکی قانوونی بۆ ئەنجامی هەر چەشنە خەیانەتێک بە بیانووی گۆڕانی هەل و مەرج ئاوەڵە دەکرێ.

بەرلەوەی درێژە بەم باسە بدەین سەرنجتان بۆ ئەم ڕاستییە ڕادەکێشین کە مەسەلەی "**بوون یا نەبوونی ئەسڵێکی سابت لە جیهاندا**" باسێکی قووڵی فەلسەفییە و کێشەیەکی زۆری لەسەرە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە باسێکی زۆر جوان و گرینگ و شیرینیشە ناچارین خۆی لێ بوێرین. لێرەدا هەر ئەوەندە کە بە زمانێکی سادە توانیومانە ئاسەواری خراپی نەبوونی بڕوا بە ئوسوولێکی سابت و ئاوەڵە - کردنی ڕێگای لادان لە ئوسوول بە بیانووی گورانی هەل و مەرج روون بکەینەوە

واز لەم باسە دێنین و دەگەڕێینەوە سەر باسی پێشوو.

زوربەی خوێنەرانی ئێمە شارەزاییەکیان لەگەڵ "**استراتژی**" و "**تاکتیک**" هەیە. بەداخەوە لە زمانی کوردی و فارسیدا وشەیەکی هاوتای وامان نیە کە پڕ بە پێستی بێ و بەتەواوی جیگای ئەم دوو وشە بگرێتەوە. بەڵام بەکورتی دەتوانین بڵێین، "**استراتژی" بریتییە لە ئامانج و ئوسوولی بنەڕەتی و بەرنامەی دوارۆژ، "تاکتیک" بریتییە لەو ڕێگا و شوێنانەی کە بە کردەوە بۆ گەیشتن بەمەبەست دەگیرێنە پێش و ئەو بەرنامەکەم خایەن و کاتییانەی کە لە هەڵ و مەرجی جۆراوجۆر وادیاری دەکرێن.**

وێرای ڕاکێشانی سەرنجێکی زیاتر بۆ پەیوەندی نێوان "استراتژی" و "تاکتیک" بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە "**تاکتیک**"هەرچەندە **ئاڵ و گۆڕیشی بەسەردا بێ ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە "استراتژی"یەکی سابت.** بەپێی ئەم تاریفە دەتوانین بڵێین **ئەو قسە کە دەڵێ تاکتیکی واهەیە لەگەڵ استراتژی یەک ناگرێتەوە، قسەیەکی باتڵ و نادروستە.**

بۆ ئەوەی ڕاستی ئەم قسەمان لێ دەرکەوێ سەرنجی فەرد یا دەستە یا دام و

دەزگایەک بدەیـــن کــە " استراتژی" یەکی تایبەتی بۆخۆی دیاری دەکا و بەکردەوە بۆ گەیشتن بە ئامانــــــج تاکتیکی واهەڵدەبژێرێ کە لەگەڵ استراتژی دیـــاری کراودا ناتەبایی هەیە . ودا

کێ دەتوانێ زامنی ئەوە بێ کە ئیدیعای ئەو فەرد یا دەستە و دام و دەزگایە دیاریکردنی" استراتژی" بە تایبەتی یەکەیدا،ئیدیعایەکی دروستە ؟ ئایا ڕێگــــادان بەکەلک وەرگرتـن لـە تاکتیکی وا ،بە کردەوە ڕێگا بۆ ئینسانی دوودیـــن و منافیق ناکاتەوە کە هەرچی پێی خۆشە بیکا و هەرکە لە گیرکەوت یان لێیان لە هەڵلا دا بڵێ ئەو قسەیەم یا ئەوکارەم تەنیا تاکتیکێک بووە و هیچیدی ؟ باشتریـن چەکی دەستی ئینسانـی منافیقیش هەر ئەمەیە .ئایا دۆستایەتی ئینسانـی وا جێگای دڵخۆشی یە ؟ ئایا ئەو ئیدیعایە یان داو نانەوەیەک نیە ؟

ئایا هەدەف وەسیلە تەوجیە دەکا ؟

بووەتە قسەی سەر زار و زمانان کە (لە نووسبن وئاخاوتنـدا) دەڵێن هەدەف وەسیـلـە تەوجیە دەکا ،ئێمە لێرەدا دەمانەوێ وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە .مەبەست لەم قسە ئەمەیە کە بۆ گەیشتن بە ئامانج بە هەر ڕێگایەکدا بڕۆین هەر دروستە . یانی بۆ ئەوەی بە ئامانج (ئوسوول و استراتژی) بگەین دەتوانین لەهەر وەسیلەیەک (هەر شێوە و تاکتیکێک) کەلک وەربگرین کەوابێ دەکرێ شێوەوتاکتیکی وا هەڵبژێرین کە دژ بە هەموو ئوسوول و ڕێ و شوێنی دیاری کراو بێ و با هەڵبـــژار - دنیشیان استراتــژی و چوارچێوەی پێشوو بە تەواوی تێک بدا .لێرەدایە کە دەتوانین لە وەڵامـی پرسیاری سەرەوەدا بڵێین : **نا هەدەف وەسیلە تەوجیە ناکا** و ئەو وەسیلانەی بۆ گەیشتن بە ئامانج کەلکیان لێ وەردەگیرێ دەبێ لەگەڵ ئوسوول یەک بگرنەوە ،دەنا بە بیانووی گەیشتن بە ئامانج ڕێگا بۆ هەر چەشنە خەیانەت و جینایەتێک دەکرێتەوە .هەروەک ڕێڕەوانی ئەم ڕێبازە وا دەکەن .

کەوابوو **قەڵەمی هەر نووسەرێکی " متعهد " خۆی لە بوختان و پێوەهەڵبەستن ، درۆ ، پیاوخراپکردنی خەڵک ، بڵاوکردنەوەی فەساد ،بایەخ- دان بەو داب و شوێنە دزێوانەی برەویان پەیدا کردووە یا بە پێچەوانە ،حاشا لە واقیعییەت بەرچاوتەنگی بەهۆی خۆش ویستن و بوغزاندن (چاو قووچاندن لە چاکەی دوژمن و خراپەی دۆست بی ئینسافی،تەعەسوبی کوێر ، خەیانەت لە ئەمانەت ، دزی (لە نووسەرانیتر) و دەست تێوەردان لە قسەونووسراوەی نووسەرانی دیکە (وەختی گێڕانەوە)** دەپارێزێ و ئەم ڕاستی و ڕووراستییەش تەنیا بە مەبەستی ڕێزدانان بۆ ئەسڵێکە کە لەم وتارەدا خستمانە بەرباس "لانەدان لە ئوسوول".

درێژەی هەیە



بسم الله الرحمن الرحیم

«سرمقاله»

باعرض سلام و تبریک "سروه" به شما خوانندگان محترم بمناسبت سالروز پیروزی شکوهمند انقلاب اسلامی ایران و درهم‌پیچیده شدن طومار حکومت ننگین شاهان ستمگر سرمقاله را آغاز می‌کنیم .

" تعهدقلم و قلم تعهد "

تذکره :

در شمارهٔ پیش ضمن بحث دربارهٔ خاصیت ابزار بودن

بروانه ل ۷۸

زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی

بەشی دووەم

لە ژمارەی پێشوودا ئەم باسەمان گەیاندە جێگایەک کە گوتمان دیاریکردنی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی لە هەر وڵاتێکدا پێویستە. هیچ زمانێک نیە کە لەهجەی جۆراو جۆری نەبێ. دانیشتوانی هەر شار و مەڵبەند و تەنانەت گوندێک لەهجەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکتر، بۆ دەرس خوێندن، بۆ بڵاو- کردنەوەی کتێب و گۆوار و رۆژنامە و.... زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبییان دەوێ.

هەروەها گوتمان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا کە دانیشتوانی ناوچە جۆر بە جۆرەکانی زمانی جیاوازیان هەیە، باش وایە کە وێرای **دیاریکردنی زمانێکی یەکگرتووی هاوبەش بۆ هەموو وڵات، هەر نەتەوەیەکیش ئازاد بێ زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆی پەرە پێ بدا.**

بەڵام لێرەشدا مەسەلەی دیاریکردنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی هەر لە گۆڕێدایە. چونکوو هەرکام لە زمانە ناوچەییەکانیش بۆ خۆی لە چەندین لەهجە و بن لەهجە پێک هاتووە. هەر وەک هەموو وڵات نیازی بە زمانێکی یەکگرتوو هەیە، زمانە ناوچەییەکانیش دەبێ بە جێگای خوێندن و نووسین بە هەموو لەهجەکان زمانێکی ئەدەبی تاقانە بۆ خۆیان دیاری بکەن. لە دیاریکردنی ئەم زمانە ئەدەبییە ناوچەییەشدا، هەروەک زمانی یەکگرتووی وڵات دەکرێ عامیلی **سیاسی** یا **ئاینی** یا **ئابووری و بازرگانی** یا... دەتوانێ تەئسیر دابنێ. باسەکەمان دێنینە سەر زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی و ئەم مەسەلانەی تێدا دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لەهجەکانی زمانی کوردی

تا ئێستا بۆ دابەشکردنی لەهجەکانی زمانی کوردی بە دوو یا چەند لەهجەی ئەسڵی هەوڵێکی زۆر دراوە. بە رای ئێمە باشترینیان دابەش کردنی بە سێ لەهجەی ئەسڵییە لەلایەن مامۆستا ع.ئ.زەبیحی یەوە کە بریتی یەلە :

"١- لەهجەی شیمالی (باکووری) کە ئەم بن لەهجانەی تێدا بەدی دەکرێ: هەرکی، شکاکی، جەلالی (بایەزیدی)، هەکاری، بۆتی جزیری، عفرینی، دومبلی (زازا)، بادینی،...

٢- لەهجەی ناوەندی کە بەغەلەت پێی دەڵێن لەهجەی سۆرانی. ئەوەی راست بێ (سۆرانی) بن لەهجەیەکی ناوەندییە. لەم مەڵبەندەدا ئەم بن لەهجانە هەن : موکریانی، سۆرانی، سولەیمانی، شوانی، جافی سنەیی، گەڕووسی....

٣- لەهجەی جنووبی کە ئەم بن لەهجانەی تێدا بەدی دەکرێ: کرمانشانی، کەلوڕی، کولیایی، پیروەندی، لەکی و لوڕی[1]..."(٢)

(١)لەسەر ئەوەی کە لوڕی یە لەهجەیەک لە فارسی یا کوردی دەژمێردرێ یا خۆ زمانێکی سەربەخۆیە رای جیاواز هەیە

لە رابردوودا هەل و مەرجێکی وا نەهاتۆتە پێش کە یەکێک لەو هۆیانەی پێشتر باسمان کردن لەدیاری کردنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردیدا کاریگەربووبێ و لەهجەیەکی بەسەر ئەوانیتردا زاڵ کردبێ . دەسەڵاتی سیاسی لەم بوارەدا بێ تەئسیربووە. دەوڵەتێکی سەر بەخۆی کورد ، هەر نەبووە و هیچدەوڵەتێکی عەداڵەتخوازی دڵسۆزیش لەو وڵاتانەداکە کوردیان تێدا ، دژی نەهاتۆتە سەرکار کە خۆی بەم کارەوە ماندوو بکا. پێغەمبەرێکمان لێ هەڵنەکەوتووە کە کتێبی ئاسمانی خۆی بە زمانی کوردی هێنابێ و ئەسپاردەکەی بەم زمانە راگەیاندبێ . بەبۆنەی ، پاشکەوتوویی ئابووری وڵاتەکەشمانەوە زیاتر لەوەی شارە کوردنشینەکان مەڵبەندی بازرگانی وئاڵ و گۆڕی کەل و پەل بن ، بازاڕی شارە فارس و تورک و عەرەب نشینەکان وەک تاران، تەورێز ،بەغدا ئەستەموڵ ، بەبرە وبوون و بازرگانی کورد رووی تێ کردوون .

سەرباری هەموو ئەمانەش جگە لەکوردستانی عێراق کە ئەویش پاشخەباتێکی درێژ خایەن سەر بە حکوومەتی پاشایەتی ئەوکاتەی عێراق ، شۆڕ کراو دەرویک بۆ ئازاد. بوونی زمانی کوردی کرایەوە لەوبەشانەی وڵاتە کوردنشینەکانی ئێران و تورکیادا کە زوربەی کوردەکانی تێدا ، نیشتەجێن حکوومەتەتاغووتیە ملهوڕەکان سەرەتاییترین مافە نەتەوایەتی و فەرهەنگیەکانی گەلیکوردیان پێشێل دەکرد و خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی کوردی و تەنانەت لەتورکیای پاش دەسەڵاتداری کەمالیستەکاندا قسەکردن بەم زمانەیان قەدەغە کردبوو ،وبەپەیڕەوی کردن لەسیاسەتێکی شۆڤینیستی و دژی ئینسانی و دژی ئیسلامی بۆتواندنەوەی ئەم میللەتە چەندملیۆنییە لەنێو میللەتانی بەدەستەڵاتدا تێدەکۆشان .

لە کوردستانی عێراقیش کە ئەم مافە تارادەیەک دابین کراوە ، لەبەر نەبوونی دام و دەزگایەکی دڵسۆزی هونەر پەروەر ، سیاسەتێک بەڕێوەدەچێ کە درێژەدانی دەبێتە هۆی پووچەڵ و بێنێوەرۆک کردنی زمان و فەرهەنگ وئەدەبی کوردی . لەو وڵاتەدا بە پێی زیاد و کەمی ژمارەی لاپەڕەکانی هەر کتێب و نووسراوەیەک بایەخ و نرخیان بۆ دادەنرێ . ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هەر نائەدیبێک خۆی هێنێتە ریزی نووسەرانەوە و کتێبی قەبە وبێ نێوەرۆک پێشکەش بە بازاڕی ئەدەبی کوردی بکا .

لە مێژووی ژیانی ئەدەبی کوردی لەو وڵاتەدا نموونەی بەرچاوی هەوڵدانی رووخێنەرانەی بەئانقەست زۆر هەیە ، بۆ وێنە سەفارەتی ئینگلیس لەبەغدا بۆ ماوەیەک گۆواری، **" دەنگی گێتی تازە"**ی بڵاوە دەکردەوە کە جگە لەتێکدان و لە گرێژەنەبردنی چوارچێوەی زمانی کوردی و بەرەودان بە بازاڕی وشەدا تاشین ئەرکێکی دیکەی بە ئەستۆ نەگرتبوو ، ئێستاش نموونەی ئەم چەشنە تێکۆشانە بە ئاشکراو بەنهێنی کەم نیە ، کە بەرهەمەکەی بریتیە لە وکتێب وگۆوارانەی یەک لەدووی یەک بڵاو دەبنەوە .

ئەڵبەت هەوڵ و تێکۆشانی ئەو مامۆستا پایەبەرزانەی کە لەو دەرفەتە کەلکیان وەر گرتووە و بەبێ سەرنجدان بە باری ماددی و قازانجی شەخسی خۆیان ، بۆ ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی هەوڵ دەدەن جێگای رێز و سوپاسە. ماڵیان ئاوەدان بێ و خودا بۆ کوردی بێ بەشیان بپارێزێ.

ئێستاش کە لە ئاکامی شۆڕشی پڕ شکۆی ئیسلامیدا ، دەرەتانێکی باش بۆ گەلی کورد نەک هەر لەئێران بەڵکوو

(٢) پێشەکی قامووسی زمانی کوردی .ع.ا . زەبیحی بەرگی یەکەم ل ٤٢

له ناوچه‌دا ره‌خساوه جێگای خۆیه‌تی که بۆ تێهه‌ڵێنانه‌وه‌ی رابردوو ، هه‌ولێک بدرێ . که‌م و کووڕی تا بڵێی زۆره‌ و گه‌لێک ده‌رد هه‌ن که‌ده‌رمانیان ده‌وێ . ئه‌وه‌ی لێره‌دا جێگای باسه ژیاندنه‌وه و بووژاندنه‌وه‌ی زمان و فه‌رهه‌نگ و ئه‌ده‌بی کوردی و هه‌ڵبژاردنی زمانی یه‌کگرتووی ئه‌ده‌بی کوردی‌یه .

هه‌رچه‌ند وه‌ک له‌سه‌ره‌وه‌باس کرا تائێستا هه‌ل ومه‌رجێکی وا پێک نه‌هاتووه که زمانی یه‌کگرتووی ئه‌ده‌بی کوردی دیاری بکرێ ، به‌ڵام له‌ مێژووی دوو سێ قه‌رنی پێش له‌ئێستای ولاته‌که‌ماندا خولی وا به‌رچاو ده‌که‌وێ که‌ ده‌سه‌ڵاتێکی به هێزی سیاسی له‌به‌شێکی ناوچه‌کوردنشینه‌کاندا گوراوه وبۆ ماوه‌یه‌ک زمان و ئه‌ده‌بی کوردی ، که‌وتۆته گه‌شه‌کردن .له‌هه‌رکام له‌م سه‌رده‌مانه‌شدا یه‌کێک له‌ له‌هجه‌کانی کوردی به‌سه‌ر ئه‌وانی تردا زاڵ بووه .

له سه‌رده‌مێکدا که جزیر و بۆتان میرنشین بوون له‌هجه‌ی کوردی شیمال کراوه‌ته زمانی ره‌سمی و ئه‌ده‌بی کوردی و به‌دامه‌زرانی ده‌سه‌ڵاتی ئه‌رده‌ڵانه‌کان له شاره‌زوور ، مه‌یدان بۆ گه‌شه‌کردنی له‌هجه‌ی گۆران ئاوه‌ڵه بوو . ئه‌م له‌هجه‌یه بۆماوه‌یه‌ک له‌ئاخر و ئۆخری سه‌ده‌ی سێزده‌هه‌می کۆچیدا وه‌ک زمانی ره‌سمی کوردی په‌ره‌ی گرت . پاشانیش که له نیوه‌ڕاستی سه‌ده‌ی ، حه‌قده‌هه‌می زاینیدا سوڵتان مورادی چواره‌م به‌غدا و شاره‌زووری گرت و ئه‌رده‌ڵانه‌کان ئه‌ومه‌ڵبه‌نده‌یان به‌جێ هێشت و به‌ره‌و کوردستانی ئێران گه‌ڕانه‌وه ، له‌هجه‌ی گۆران ، پاڵپشتی سیاسی خۆی له‌ده‌ستدا. به‌سه‌قام گرتنی ده‌سه‌ڵاتی بابانه‌کان له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا له‌هجه‌ی کوردی نێوه‌ڕاست گه‌شه‌ی کرد . له‌وسه‌رده‌مدا که ده‌توانین بڵێین شۆڕشێکی ئه‌ده‌بی له زمانی کوردیدا به‌رپا کرا ، شاعیری پایه‌به‌رز وبه‌ناوبانگی وه‌ک نالی ،کوردی سالم و ... سه‌ریان هه‌ڵدا و شیعرو ئه‌ده‌بی کوردی‌یان ، گه‌یانده سنوورێکی دووره‌ده‌ست. ئه‌م شاعیره به‌ناوبانگانه هه‌موویان به له‌هجه‌ی کوردی نێوه‌ڕاست شیعریان داناوه و **جێگای سه‌رنجه‌که نالی بۆپێک هێنانی زمانی یه‌کگرتووی . ئه‌ده‌بی هه‌وڵێکی زۆری داوه و له‌شیعره‌کانی خۆیدا له وشه‌و زاراوه‌ی ناوچه جۆربه‌جۆره‌کان که‌لکی وه‌ر گرتووه‌**که‌بێ‌گومان له‌قسه‌کردنی ئاسایی خۆیدا ، (که‌خه‌ڵکی شاره‌زوور بووه) به کاری نه‌بردوون وته‌نیا مه‌به‌ستی له‌وکاره‌پێک هێنانی زمانی یه‌کگرتوو بووه ، وه‌ک ده‌ڵێ :

په‌رچه‌می روو داده‌پۆشێ پێچی زولفی پێچه‌یه
"دا" به رۆژیش پێی بڵێن شه‌معی شه‌بستانی هه‌یه

* * *

ئه‌ی میهری میهره‌بان وه‌ره‌سه‌ر بامی بامداد
"دا" مه‌هرووان ببن به‌هیلالی شه‌وی میحاق

له‌م شیعرانه‌دا به جێگای "تا" له "دا" که‌لکی وه‌رگرتووه .ئه‌م وشه پێش له‌شه‌ڕی یه‌که‌م له ناوچه‌ی موکریاندا باو بوو و ئێستا مه‌گه‌ر له هێندێک ناوچه‌دا مابێ .

له جێگایه‌کی تردا له‌هجه‌ی ناوچه‌ی سنه له شیعره‌کانیدا ده‌گونجێنێ و ده‌ڵێ :

دائیم له دووته مێگه‌لی ژن نێرگه‌لی پیاگ
به‌م ریشه‌وه له پێشه‌وه‌بووگی به سه‌ر گه‌له

هه‌ر وه‌ها له غه‌زه‌لێکیدا سێ وشه‌ی "من" و "ئه‌ز"و "ئه‌من" به‌کار ده‌باکه هه‌ر یه‌که‌یان له ناوچه‌یه‌کی کوردستاندا باوه .

ناری سینه‌م گه‌ر نه‌بێ غه‌رقم "ئه‌من"
ئاوی چاوم گه‌ر نه‌بێ سووتاوم "ئه‌ز"

* * *

ئه‌ی ره‌فیقان سوحبه‌تی نالی مه‌که‌ن
بۆچ که "من"له‌وڕا وه‌کوو به‌دناوم "ئه‌ز"

لەم سەردەمەبەدوا زوربەی شاعیران و نووسەرانی کورد هەرئەم رێبازەیان گرتووە . بەتایبەتی لە کاتی دەسەلاتداری شێخ مەحموودی حەفیددا زمانی رەسمی کوردی . هەر لەهجەی نێوەڕاست بوو و هەموو نامەوکتێب وڕۆژنامەیەک هەر بەم شێوە دەنووسراو بڵاودەکراوە . ئێستاش دەبینین کە ئەملەهجە زیاتر لەوانی تر خزمەتی پێ کراوەو گەشەیەکی زیاتری کردووە . راستەکە لەهجەی کوردی شیمال زمانی بەشێکی زیاتر لە خەڵکی کوردستانەو شاعیرو عارفی مەزن و پایەبەرزی وەک مەلای جزیری ، ئەحمەدی خانی، فەقێ تەیران ، عەلی حەریری، و ....شیان لێ هەڵکەوتووەکە ئاسمانی شیعر و ئەدەبی کوردیان پێ رازاوەتەوە و کورد هەتاهەتایە شانازیان، پێ دەکا ، بەڵام هەروەک گوتمان کەمی و زۆری دانیشتوانی ناوچەیەک و تەنانەت گرینگی سیاسی و ئەدەبیش نابێتە هۆیئیمتیازێکی تایبەتی بۆ لەهجەیەک لە هەڵبژاردنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبیدا .

لە لای ترەوە پێویستە بەربەرەکانێ یەکی زۆرتوندیش لەگەڵ بەکار هێنانی دوو یا چەندلەهجەی زمانی کوردی بکرێ چونکوو ئەمە دەبێتە هۆی لاواز بوونی زمانەکەمان . هیچ میللەتێک ئەم کارەی نەکردووەو وکوردیش دەبێ خۆی لێ بپارێزێ .

لە هەل و مەرجی ئێستادا بە بۆنەی دەوڵەمەند بوونی لەهجەی خزمەت پێ کراوی ، کوردی نێوەڕاست لە چاو لەهجەکانی دیکە،ئەمشێوە ئاخاوتنە بۆ زمانی یەکگرتوو لەبارترە و لەلای دیکەشەوە بەکردەوە هەرئەم لەهجەیە کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا جێگای خۆی کردۆتەوە وخۆی بەسەر لەهجەکانی دیکەدا سەپاندووە . بەتایبەتی لە کوردستانی ئێراندا ئەگەر بمانەوێ ، لەهجەیەکی دیکە بۆ نووسین هەڵبژێرین ، یادەبێ هەر واز لە نووسین بێنین یا خۆ لەسەری رابوێستین تا وردە وردە شاعیر و نووسەرە لاوەکانی شیمال یا جنووب دەست بدەنە قەڵەم و لاوەکانی دیکەش خۆیان بە فێربوونیئەو لەهجانەوە خەریک بکەن. کە وابێ باشتر ئەوەیە هەرنەبێ لەم کات و شوێنەدا یانی لە هەل ومەرجی ئێستایکوردستانی ئێراندا کە دەرەتانی بڵاوەکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی پێک هاتووە لەهجەی کوردی نێوەڕاست لەبەرچاو بگیرێ و ئەم ئیمکانە باشەمان کەخوا یارێ پەرەش دەگرێ لەدەست نەچێ .

ئەگەر دەڵێین لەهجەی کوردی نێوەڕاست جێگای خۆی لە ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە وبۆتەزمانی یەکگرتووی ئەدەبی ، بەومانانیە کە کارتەواو بووە و نیازێکی بە باس و لێکۆڵینەوە و خۆپێوە ماندووکردن نەماوە .هێشتا لە نێوان نووسەر وزاناکاندا ئەم مەسەلە کێشەی لەسەر دەکرێ و تاگەیشتن بە بۆ چوونێکی وەک یەک رێگایەکی دوورو درێژمان لەبەرە .تازە لەهجەی کوردی نێوەڕاست بۆ خۆی لەچەند لەهجە (سلێمانی موکری ، سنەیی ، سۆرانی) و چەندین بن لەهجەی دیکە (هەر شارو ناوچەیەک بن لەهجەی تایبەت بە خۆی هەیە) پێک دێ وئەوەی کە کام لەهجەیا بن لەهجە وەک ئەساس ، هەڵبژێردرێ خۆی جێگای باسە .

لەداڕشتنی بناخەی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی دا هەڵبژاردنی لەهجە یا بن لەهجەیەک بەمانای دانانی مافی تایبەتی بۆ ئەو لەهجە و وەپشت گوێ خستنی لەهجەکانی تر نیە .زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی ئی هەموو کوردە و تایبەت بەناوچەیەک نیە و نابێ . دوای دیاری کردنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبیش ئەو زمانە بە رێبازێکی تایبەتیدا گەشەدەکا و پەرە دەگرێ وبەرەوتەکامول دەڕوا . بەشێوەیەک کە دوور نیە پاش ماوەیەکی کورت ، جیاوازی یەکجار زۆر

لەگەڵ لەهجە هەڵبژێردراوەکە پەیدا بکا .

زمانی ئەدەبی لەڕەوتی فەراژۆی خۆیدا لە وشە و زاراوەی هەموو ناوچەکانەکەلک وەردەگرێ و وشەو زاراوەی ، ناڕەسەنی لێ بژار دەکرێ . بۆوێنە " **سێوک** "وشەیەکی کورت ولەزارسووک ورەسەنی کوردییە کە لە کوردی شیمالدا هەیە ، لە کوردی موکریدا "**پێرەڵماسی** " پێ دەڵێن کە ئازەرییە ، لە کوردی سنەییدا دەبێ بە "**سێف زەمینی** "کەفارسی یە ، کوردەکانی ئەودیویش پێی دەڵێن "**پەتاتە**"کەئینگلیسی یە . جائەگەر لە کوردی ئەدەبیدا "**سێوک**"بەکاربێنین نەک هەر هیچ تاوانێکمان نەکردووە . بەڵکوو کارێکی زۆر بەجێ و رەوایشمانکردووە

جگە لەم چەشنە ئاڵ و گۆڕە یش پەرەگرتنی وەزعی ژیانی مرۆڤ و داهاتنی ئامرازی نوێ ،و هات و چوو پەیوەندی نێو گەلان دەبێتە هۆی داهاتنی وشەی تازە و هێندێک وشە لە زمانی بێگانەوە دێنە نێو زمان،بۆ هێندێکیش وشەی نوێ دادەتاشرێ . ئەڵبەت ئەو پەتای پەیدابووە وهەر نووسەر و نانووسەرێک بەکەیفی خۆی وشەی تازە دادەتاشێ و شتی سەیر وسەمەرە دێنێتە نێو زمانی کوردییەوە کارێکی زۆر ناڕەوایە و دەبێ بەرگری لێ بکرێ . بەڵام ئەگەرکۆڕێک لە مامۆستا ، شارەزا و خاوەن راکان پێک بێ و ناتەواوی و کەم و کووڕی زمان بە داتاشینی ئوسوولی و بەجێی وشە پڕ بکەنەوە کارێکی خیلافیان نەکردووە . هیچ زمانێک نیە کە پێویستی بە دانان وداتاشینی وشەی نوێ نەبێ ، ئەمما ئەم کارەش ئوسوولێکی هەیە کەدەبێ لە بەر چاوبگیرێ .

لەگەڵ ئەوەی کە زمانی ئەدەبی هەتاکوو دێ لە لەهجەی ئەسڵی دوور تر دەکەوێتەوە ،گەلێک عامیلی‌تریش دەبنە هۆی نزیکبوونەوەی لەهجە جیاوازەکان . خوێندن و نووسین بە زمانی یەکگرتوو ، بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆوار و رۆژنامە و بەرنامەی رادیۆ و تلۆویزیۆن بەم زمانە لە سەر هەموو لەهجەکان تەئسیر دادەنێ و بەرەبەرە لێکیان نزیک دەکاتەوە .

جگەلەمانەیش دیاری کردنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی بەمانای بەزۆر لەنێوبردنی لەهجەکان و تواندنەوەیان لە نێو زمانی یەکگرتوودا نیە بەڵکوو دەبێ مەیدان بۆ پەرەدان بەفەرهەنگ و فۆلکلۆری هەموو ناوچەکان ئاوە لەبێ . پەرەدان بە فەرهەنگ و زمان و لەهجەی هەر مەڵبەندێک دەبێ بەهۆی پەرەگرتنی تێکڕای فەرهەنگی نەتەوەکەمان ودەوڵەمەندتر بوونی.زمانی یەکگرتووی ، ئەدەبی . کەوابێ دەبێ لە پەنای زمانی دیاری کراوی ، یەکگرتووی ئەدەبیدا شیعر و فۆلکلۆری هەر ناوچەیەک بە لەهجەی خۆیان بڵاو بکرێتەوە ورێگا لەگەشە کردنی ئیستیعدادەکان نەبەسترێ . بەڵام جگە لە شیعر وفۆلکلۆر هەربابەتێکی دیکە چ پەخشان و چیرۆک بێ و چ بابەتەزانستی یەکان و... هتد بە زمانی یەکگرتوو بنووسرێ و لە بەکارهێنانی چەند لەهجە بۆ نووسین خۆ بپارێزین .

(تەواو)

سەرچاوەکان

١- زبان شناسی و زبان فارسی
دکتر پرویز ناتل خانلری

٢- چهار گفتار در بارە زبان
دکتر محمد رضا باطنی

٣- زمانی یەکگرتووی کوردی
دوکتۆر جەمال نەبەز

۴- ئەرکی بەیان لە هەل و مەرجی ئێستادا
پاشەرۆکی مامۆستا هێمن

٥- کورد و سەر بە خۆیی زمان
مامۆستا هەژار - گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی دووهەم ١٩٧۴

٦ - پێشەکی قامووسی زمانی کوردی **م.ئ. زەبیحی**

مەعاد چیە

مامۆستا مەلا عبدالله مظفری



مەعاد یانی ئەو کاتەی کە مەخلووقات بۆ لێکدانەوەی ئاکار و کردەوە و فیکر و بیر و باوەڕی خۆیان بە تێکرایی لە بارەگای عەدالەتی ئیلاهیدا کۆ دەبنەوە ،ئەوانەی چاکەیان کردووە جەزای چاکەیان دەدرێتەوە و تاوانبارەکانیش " ئەگەر خودا لێیان نەبووریٚ " بۆ سزادانەوە مل کەچ دەکەن .

بۆ روون کردنەوەی ئەم باسە سەرنجتان بۆ ئەم خاڵانە رادەکێشین :

١ ـ هەرچەند مەعاد لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ئەو " جێگا "یە کە بەرەو ئەویٚ دەگەڕێینەوە ، بەڵام چونکوو لە هەموو یا زوربەی ئەو جێگایانەی قورئاندا کە باسی ناوەکانی قیامەت دەکریٚ واتای کات و زەمان گونجاوە ، وەک : **" یوم الحسره ، یوم الحساب ، یوم القیامه ، یوم الدین ، یوم الفصل ، الیوم الاخر ، یوم تبلی السرائر ،** ئەو رۆژەی کە نهێنییەکان ئاشکرا دەبن ." باش وایە مانای مەعاد بە " کات "ی گەڕانەوە بەرەو خودا لیٚ بدەینەوە .

٢ ـ وەک گوتمان ، مەعاد بە مانای کاتی گەڕانەوەیە ، ئەو کاتەی کە ئینسان لەدوای دەورەیەک فێر بوون و هەوڵدان ، لەدوای بڕینی هەوراز و نشیوی ژیانی ئەم دنیایە ، لەدوای بڕینی رێگای کەماڵ و بەختەوەری یا رۆیشتن بەرەو زەلکاوی سەر لیٚ شێواوی و دلڕەقی ئامادەیە بۆ وەرگرتنەوەی جەزای چاکە و سزای تاوانەکانی .

بۆیە بەو زەمانە دەگوتریٚ مەعاد ، کە خودای تەبارەک و تەعالا ئێمەی خولقاندووە و لەسەر ئەم دنیایەی داناوین ، تا بە کەلک وەرگرتن لەو نیعمەتانەی پێی داوین و بە پەیرەوی لە رێنوێنی پێغەمبەرانی خودا (د ـ خ)و بە یاریدەی عەقڵ و هۆشی خوا پێداومان کە وەک پێغەمبەرێکی دەروونی رێگای چاک و خراپمان پیٚ نیشان دەدا ، خۆمان بگەیەنینە دوامین پلەکانی تەکامول، ئەمەشمان لە نێوەرۆکی ئایەی شەریفەی " **انالله** "وە بۆ دەردەکەویٚ ، کە ئێمە بە بەندەی خودا و مەملووکی ئەو دەناسێنیٚ .

خودای مەزن دەفەرمیٚ : " ئێمە دەستوورمان بە ئادەم و حەوا و ئیبلیس دا کە لە بەهەشت بێنە خواریٚ (و لەسەر زەوی نیشتەجیٚ بن) کە وابیٚ ئەو کەسەی لە هیدایەتی من پەیڕەوی بکا ترسێکی نامێنیٚ ، بەڵام ئەوانەی کافر بن و ئایاتی ئێمە تەکزیب بکەن ، هەمیشە لە ئاوری عەزابدا دەبن ." (١)

ئەم ئایەتە پیرۆزە دەتوانیٚ " **انالله** " تەفسیر بکا ، وادەگەیەنیٚ کە

---

(١) قلنا اهبطوا منها جمیعا فاما یاتینکم منی هدی فمن تبع هدای فلاخوف علیهم و لاهم یحزنون
سورهٔ بقره ٢ / ٣٨

مەبەست لە هاتنە سەر زەوی ئینسان ئەوەیە قۆناخەکانی تەکامول بپێوێ و ڕێگای بەهەشتی جاوید بگرێتە بەر و لە عەزابی جەهەننەم خۆی دەرباز بکا ، ئینسان لەو کاتەدا کە دوایی بە تەمەنی دێ ، بەرهەمی ژیانێکی پڕ لە تێکۆشانی ئەم جیهانەی وەک تێشووی ئاخیرەت بە کۆڵەوە دەگرێ و تۆماری ئاکار و کردەوەی خۆی لە بارەگای خوداوەندی میری مەزندا دەکاتەوە ، لەو کاتەدایە کە بۆ وەرگرتنەوەی ئاکامی کارەکانمان روو دەکەینەوە خودا و هەر ئەمەیە ڕۆیشتن بەرەو مەعاد و جێگای گەڕانەوە کە لە جوملەی " **انا الیه راجعون** " دا دەستنیشان کراوە.

۳ ـ گوتمان کە رۆژی قیامەت کاتی " دوایین لێ پرسینەوە"یە چونکوو :

یەکەم ـ لە دوای حەشری مەخلووقات و چوونە بەهەشتی بەهەشتی یەکان و کەوتنە جەهەننەمی تاوانباران ، دەرگای عەمەل لەسەر ئەو مەخلووقاتە دادەخرێ و حیسابی عەمەل دوایی دێ ، ئیتر دوای ئەوە هیچ کەس ناتوانێ کارێکی باش یا خراپی وا بکا کە موستەحەققی جەزا یا سزادان بێ ، ئەو حوکمەی خودا دەیدا نە باتڵ دەبێتەوە و نە بۆ ئەوەش دەبێ جارێکی تر چاوی پێدا بخشێتەوە ، چونکوو حاکمی موتڵەق لەو دادگایەدا هەر خودایە و زەرڕە چیە هەڵە و خیلاف لە ئەحکامیدا نیە ،شتی وا تەنانەت بە مێشکیشما ندا نایە .هیچ کەسێکیش ناتوانێ شتێک بەسەر خودا دا ببڕێ.

هەرچەند هێندێک لە بەدکاران کە دوای مردن (تەنانەت بەر لە رۆژی قیامەتیش) راستی قسەکانی پێغەمبەرانی خودایان لێ دەردەکەوێ و لە کارە خراپەکانیان پەشیمان دەبنەوە ، لە خودای سوبحان دەپاڕێنەوە بیانگێڕێتەوە سەر دنیا تاکوو عەمەلی سالح بکەن ،ئەم داوایان لێ قەبووڵ ناکرێ،هەر وەک خودا لە قورئاندا دەفەرمێ: " ئەو کاتەی کە مەرگ دەگاتە سەر یەکێکیان،دەڵێ خودایە بمگەڕێنەوە تا کارێکی باش بکەم ،وەڵامی دەدرێتەوە نابێ ، ئەمە قسەیە و دەیکا ، بەڵام لە دوای ئەواندا بەرزەخێک هەیە تا ئەو رۆژەی لە قیامەتدا راست دەکرێنەوە"(۲)

دووەم ، هەرچەند مومکینە کەسانێک هەر لە دنیادا سزا یا جەزای کردەوەی خۆیان ببیننەوە، بەڵام دنیای بەرتەنگ بۆ ئەوە نابێ سزا و جەزای هەموو کارێکی تێدا بدرێتەوە. ئەمەش شوێن و کاتێکی زۆر بەربڵاوتری پێ دەوێ ، جگە لەوەش دنیا کێڵگەیەکە تۆوی ئاخیرەتی تێدا دەچێندرێ ، ئاخیرەتیش تەنیا جێگای هەڵگرتنەوەی خەرمانە .مەبەست لە مانەوەی ئینسان لەسەر ئەم دنیایە تێکۆشان بۆ دۆزینەوەی ڕێگای کەماڵ و هەڵبژاردنی ئازادانەی رێگای حەقە ، ئەگەر ئاکامی هەر کارێکیش دەست بەجێ دەرکەوتبا ، بێگومان هیچ کەس نەیدەوێرا کارێکی خراپ بکا و کەسیش لە عەمەلی سالح خۆی نەدەبوارد لە ئاکامدا ڕێگای بە کەماڵ گەیشتن لە خەڵک دەبەسترا، کەوابێ ئاخرین حیسابی کردەوەی خەڵک تەنیا لە قیامەتدا دەکرێ ، کە لەو کاتەدا دەرگای عەمەل پێوە دەدرێ و دەرگای بەهەشت و جەهەننەم بۆ میوانەکانیان دەکرێتەوە.

۴ ـ هەر وەک عەمەلی سالح و کاری خراپ جەزا و

---

(۲) حتی اذا جاء احدهم الموت قال کلا انها کلمة هو قائلها و من ورائهم
رب ارجعون لعلی اعمل صالحا ترکت ، برزخ الی یوم یبعثون ـ سورة مومنون ۲۳/۱۰۰

سزایان بۆ دانراوه، چاری وایه بیر و باوەڕ و عەقیدەش حیسابی لەسەر دەکرێ، لە حەزرەتی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێ دەگێڕنەوە کە فەرموویە: " نیەتی ئینسانی بەئیمان (کە وەک خەتێکی فیکری بناخەی کارە باشەکانیە) لە عەمەلی ئەو باشترە، بەلام عەمەلی مونافیق و دوودین (کە لەژێر ناوی خێرخوازی و بەروالەت ئیسلامەتیدا بۆ ئازاردانی ئیسلام و موسلمانان تێدەکۆشێ) لە نیەتەکەی خراپترە" (۳)

لە لایترەوە کافر و مونافیق بێئەوەی عەمەلێکی خراپیشیان کردبێ لەبەر بیروباوەڕی باتڵ و کفری دەروونی خۆیان بازخواستیان لێ دەکرێ. دەبێ بلێین: تەنیا بێ عەقیدەیی بەخودا یا باوەڕ بە قایل بوونی شەریک بۆ ئەو گەورەترین گوناهێکە کە نابەخشرێ. هیچ گوناهێکی وەک قەتڵ دزی، زینا و شوربی خومری ناگاتێ، خودای گەورە لە دوو جێگای قورئانی کەریمدا دەفەرمێ: " خودا گوناهی شیرک نابەخشێ،بەلام هەرکەس جگە لەوەی لێ بخوازێ دەیبووری." (۴)

۵ ـ خودای سوبحان کە رەحمەتێکی دنیاگر و فەیزێکی بێسنووری هەیە، هەرکارێکی چاک لانی کەم دەچەندانە پاداش دەداتەوە بەلام بۆ هەر گوناهێک کە شیاوی سزادان بێ تەنیا بەقەدەر گوناهەکە سزای بۆ دادەنێ، هەروەک لە قورئاندا دەفەرمێ: " هەرکەس کارێکی باش بکا دەچەندانە پاداشی هەیە و هەرکەس گوناهێک بکا تەنیا بەقەدەر گوناهەکە سزا دەدرێ و ئەوان لە لایەن خوداوە زوڵمیان لێ ناکرێ" (۵)

لە حەدیسێکدا لە پێغەمبەری ئیسلام (د ـ خ) گێڕدراوەتەوە کە دەفەرمێ: " خوداوەندی سوبحان فەرموویە: هەرکات عەبدی من بیەوێ کارێکی باش بکا، بەلام پێی نەکرێ، من جەزایەکی بۆ دیاری دەکەم، ئەگەر بشیکا من لە دەوە تا حەوتسەد چاکەی بۆ دەنووسم، هەرکاتێک بۆ کارێکی خراپ تەما بگرێ و نەیکا، گوناهێکی بۆ نانووسم، ئەگەر کردیشی، تەنیا گوناهێکی لەسەر دەنووسم" (۶)

مەعاد لە چ زەمانێکدایە؟

ئێمە کاتی مەعادمان بە دروستی لێ روون نیە، چونکوو ئاگاداری لەزەمانی قیامەت لە ئەسراری غەیبی خودایە، هەر وەک بۆ خۆی لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێ: " **ان الله عنده علم الساعه**"، زانستی قیامەت تەنیا لەلای خودایە (۷)

ئەڵبەت ئەمەش بەو مانا نیە کە کەسێک جگە لە خودای تەبارەک و تەعالا نەتوانێ ـ تەنانەت بە هیدایەتی خوداش ـ لە زەمان و ئەسراری قیامەت بگا، چونکوو ئاگادار بوون لە شتی وا زانستێکی بێسنوور وەک زانستی

---

(۳) **نیه المومن خیر من عمله و عمل المنافق شر من نیه** ـ نهج الفصاحه/ص ۶۳۴ شماره /۳۱۴۲

(۴) **ان الله لایغفر ان یشرک به و یغفر مادون ذلک لمن یشاء** ـ سوره‌ء نساء/۴/ آیه‌های ۴۸ و ۱۱۶

(۵) **من جاء بالحسنه فله عشر امثالها و من جاء بالسیئه فلایجزی الا مثلها و هم لایظلمون** ـ سوره‌ء انعام/۶/۱۶۰

(۶) **اذا هم عبدی بحسنه و لم یعملها کتبتها له حسنه فان عملها کتبتها له عشر حسنات الی سبع مئه ضعف، واذا هم بسیئه و لم یعملها لم اکتبها علیه فان عملها کتبتها علیه سیئه واحده** ـ نهج الفصاحه ص ۴۳۹/ شماره ۲۰۶۸

(۷) سوره‌ء لقمان ۳۴/۳۱

خودای ناویَ ، که دەستی ئینسانی کامڵ و بەئیمانیشی نەگاتێ،بەڵکوو عەبدی ساڵحی خودا لە نەتیجەی بڕوا و عەمەلی ساڵحی خۆیەوە دەتوانێ بەو پلە لە زانست و ئاگاداری بگا که بەسەرهاتی دوای مەرگی ئینسان بە وردی بزانێ و بەشێکی بۆ خەڵک بگێڕێتەوە .

خوای مەزن لە قورئاندا دەفەرمێ : ..... ئەو خودای که غەیب زانە کەوایە هیچ کەس لە نهێنیە غەیبییەکانی خۆی شارەزا ناکا مەگەر ئەو رەسووڵانەی که لێیان رازی بێ " (٨)

کەوابێ دەتوانین بلێین که پێغەمبەری مەزنی خودا (د - خ) و ئەو کەسانەی لێی نزیک بن لە زەمانی کارەساتی قیامەت و بەسەرهاتی دوای مەرگ ئاگادار بوون ، بەلام لە هەموو قورئان و ریوایاتی ئیسلامیدا زەمانێکی دیاری کراو بۆ ئەم کارەساتە نیشان نەدراوە ، هەر بۆیەش :

یەکەم - بە سەلاحی ئینسانە که بۆ ئەوەی بەرەو تەکامول هان بدرێ و چاوەڕوانی حیساب و جەزا و سزا بمێنێتەوە ، ئەم واقیعیەتە تا رادەیەک لە باری زەمان و هێندێک تایبەتی دیکەوە لە بن سەرپۆشدابێ و بشاردرێتەوە .

دووەم - ئەگەر رێبەرە ئاسمانییەکانیش وایان راگەیاندبا ، ئینسانی ئاسایی نەیدەتوانی لە حەقیقەتێکی واگەورە بگا ، هەر وەک ئەگەر پێغەمبەری مەزن ژماردی ئەتۆمەکانی جیهانمان پێ بلێ سەرمان سوڕ دەمێنێ و بێگومان بیری تەسکی ئێمە لەبەر بارگرانی زانستێکی وادا خۆ راناگرێ.

بەڵێ ئەوەی راستە ئەوەیە که زەمانی قیامەت لە دوای کووژانەوەی چرای تەمەنی دنیایە، کە مەخلووقاتی ئەم جیهانە گەیشتبنە ئاخری ئەو خەتەی که لەسەر ئەم دنیایە بۆیان دیاری کراوە و بۆ گواستنەوە لەم قۆناخەوە بۆ جیهانێکی دیکە ئامادە بوون .

مەعاد لە دینە ئاسمانییەکانی دیکەدا :

چاو خشاندنێک لە مێژووی دینە ئاسمانییەکاندا ئەم حەقیقەتە گەورەمان نیشان دەدا که ئینسان لە دوای مردن هەنگاو دەنێتە دنیایەکی بەرینترەوە که ئاخیرەتە . هەر پێغەمبەرێک هاتووە و خەڵکی بەرەو خودای حەق دەعوەت کردووە ، لە دوای ئەم بانگەوازە ئەوانی لە عەزابی جەهەننەم ترساندووە و مزگێنی نیعمەتی بەهەشتی هەتا هەتایی داونێ ، لە قورئانی پیرۆزدا هێندێک لەو بابەتانە باس کراوە:

الف - لە بەسەرهاتی حەزرەتی عیسا (س - خ) لە قورئاندا هاتووە کە ئەو حەزرەتە هێشتا لە لانکدا بووە، دوای دانەنان بە وجوودی خودا و ئیشارە بە پێغەمبەری خۆی دەڵێ: " سلاو و رەحمەتی خودام لێ بێ لەو رۆژانەدا که لە دایک بووم و ئەو رۆژەی که دەمرم و ئەو رۆژەی که زیندوو دەبمەوە و سەر لە خاک هەڵدێنمەوە ." (٩)

ب - ساحیر و جادووگەرە- کانی فیرعەونی میسر دوای ئیمان هێنان بە حەزرەتی مووسا (س-خ) لە بەرانبەر هەڕەشە و گورەشەی فیرعەوندا پاش وەلامدانەوە پێیان گوت : " بۆ ئەو کەسانەی که بە باری گوناە و تاوانەوە دەچنە بارەگای خودا وەند جەهەننەمێک هەیە که نە مەرگی تێدایە (چونکوو عەزابێکی هەتا هەتاییە)

---

(٨) عالم الغیب فلایظهر علی غیبه احد الا من ارتضی من رسول ...سورهٔ جن ٢٦/٧٢

(٩) والسلام علی یوم ولدت و یوم اموت و یوم ابعث حیا - سورهٔ جن ٢٦/٧٢

و نە ژیانی تێدایە (چونکوو عەزاب هێند زۆرە ئاسایش و حەسانەوەیان نیە و بە دایم دەڵێی لە مردندان). هەرکەس بە ئیمان و عەمەلی سالحەوە بەرەو خودا بڕوا دەرەجاتی عالیەی دەدرێتێ و بەهەشتی هەتا هەتایی کە رووباری تێدا جاریە و ئەمەیە جەزای ئەوانەی کە خۆیان لە گوناه خاوێن دەکەونەوە (١٠)

ج ـ حەزرەتی یوسف (س ـ خ) بۆ شوکرانە بژێری لە نیعمەتەکانی خوداوەند عەرزی باریتەعالای کرد "خودایە، تۆ پادشاهیت داومێ تەئویلی ئەحادیس (ئەو زانستانەی کە خەڵکی ئاسایی لێی بێبەشن)ت فێر کردووم، ئەی خوڵقێنەری ئاسمانان و زەوی تۆ ساحیب ئیختیاری منی لە دنیا و ئاخیرەتدا، بە موسلیم بمرێنە و لە ڕیزی سالحانم دابنێ" (١١)

د ـ حەزرەتی نووح (س ـ خ) بە قەومی خۆی گوت: "خودای سوبحان ئێوەی لەسەر زەوی خوڵقاند، دوایەش ئێوە دەگێڕێتەوە بۆ زەوی، یانی دەتانمرێنێ، و لە قیامەتدا حەشرتان دەکا" (١٢)

جگە لە پێڕەوانی دینە ئاسمانیەکان کۆمەڵانی دیکەی ئینسانیش بە چەشنێک باوەڕیان بە هەبوونی جیهانی دوای مەرگ بووە، وەک فیرعەونەکانی میسری کۆن، کە دەمرن پاشماوەکانیان زێڕ و جەواهیراتێکی زۆریان لەگەڵ دەنانە قەبر تا لە جیهانی دیکەدا کەلکیان لێ وەربگرن

ئیسلام و مەعاد

باوەڕ بە مەعاد یەکێک لە بناغە گرینگەکانی دینی ئیسلام و بە یەکێک لە ئوسوولی بنەڕەتی دینی ئیسلام دەژمێردرێ، هەرکەس باوەڕی پێی نیە موسڵمان نیە و لە ئەحکامی موسڵمانان وەک ئیجازەی ژنی موسڵمان هێنان، میرات گرتن لە موسڵمان و تەهارەتی بەدەن و ... بێبەش دەبێ.

تا ئەو جێگایەی کە نووسەری ئەم مەقالەیە لێکی داوەتەوە لە بیست و هەشت جێگای قورئانی مەجیددا* دوای **باس لە ئیمان** بە خودا دەست بەجێ باسی ئیمان بە رۆژی قیامەت کراوە. کە زۆربەی نزیک بە تەواویان لە زمانی خودا تەعالاوە گوتراوە و باقیەکەی لە زمانی کەسانی دیکەوە کە بە شێوەیەک گرینگی قیامەت دەگەیەنێ، دوو نموونە دێنینەوە.

١ ـ لیس البر....

چاکە ئەوە نیە کە رووی خۆت بەرەو شەرق و غەرب وەرگێڕی، بەڵام چاکە ئەوەیە کە کەسێک ئیمان بێنێ بە خودا و رۆژی قیامەت و مەلائیکە و کتێبی خودا و پێغەمبەران و .... (١٣)

٢ ـ خوداوەندی تەعالا لە قورئانی کەریمدا لە زمانی حەزرەتی یوسف (س ـ خ)ەوە دەگێڕێتەوە کە لە زینداندا بە هاوبەندەکانی خۆی دەگوت "**انی ترکت .....**" "من وازم لە ئایینی ئەو کەسانە هێناوە کە بە خودا ئیمان ناهێنن و بە رۆژی قیامەت بێباوەڕن." (١٤)

---

(١٠) **انه من یات ربه مجرما فان له جهنم لایموت فیها و لایحیی، و من یاته مومنا قد عمل الصالحات فاولئک لهم الدرجات العلی، جنات عدن تجری من تحتها الانهار خالدین فیها و ذالک جزاء من تزکی.** سورهٔ مریم ٣٢/١٩

(١١) **رب قد اتیتنی من الملک و علمتنی من تاویل الاحادیث فاطر السماوات والارض انت ولیی فی الدنیا والاخره توفنی مسلما والحقنی بالصالحین.** سورهٔ یوسف ١٠١/١٢

(١٢) **والله انبتکم من الارض نباتا ثم یعیدکم فیها و یخرجکم اخراجا.** سورهٔ نوح ١٧/٧١

(١٣) **سورهٔ بقره ١٧٧/٢/**

(١٤) **سورهٔ یوسف ٣٧/١٢**

حاجی رەئوفی سەلیمی :

مامەرەحەی سونج وکەلیخانی بانە

(رەحە) کورت کراوەی (رەحیمە) و سونج ناوی دێیەکە لە داوێنی کێوی کەلی خانی بانە لە زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس . کورت کردنەوەی ناوی رەعیەتەکان دابێکی سەردەمی دەرەبەگایەتی بوو کە دەیانویست بەوجۆرە سووکیان بکەن و جاری وابوو ناوی ناخۆشیان لێ دەنان وەکوو (عەبەگرۆێ) (خلەمەشکە) و هەروەها ناوی ناخۆشتر .

مامەرەحەی سونج هەرچەند حەفتا ساڵ تەمەنی بوونا چار بوو کارێک کە لە لاوەتیدا هەڵی بژاردبوو درێژەی پێبدا. لە داستانە ئەفسانەییەکانی کێوی (هیمالیا) و ترۆپکی ئێوێرستدا ، بیستوومانە کە پیاوی بەفرینە هەیە و فیلمیشیان لەم داستانانە دروست کردوون . بەڵام مامەرەحەی سونج پیاوە بەفرینەی راستەقینەی کەلی خان بووە ُوەکوو فریشتەی غەیبی بەهاناى کاروانییەکانی زستانەوە دەچوو و فریایان دەکەوت . هەموو رۆژێک کاڵەو پووزەوانەی هەڵدەکێشاو بەرەو کێو دەچوو .

ریشی مامەرەحە وەکوو بەفری کەلی خان سپی بوو ، هەمیشە یەخەی ئاوەڵا و مووی سپی سنگی کەلەکەوا مرادخانییەکەیەوە هاتبووە دەرەوە تێک هاڵابوو. جاری وابوو چلوورە سەهۆڵ بەریش و سمێڵ و سنگیدابەر دەبۆوە. گۆچانێکی زل و ئەستووری پێ بوو و لەپێش کاروانییەکانەوە دەڕۆیی.لە ناو تەم ومژی کێوی کەلیخاندا رێگای ون نەدەکرد . شارەزای هەموو کەلێن و قوژبنی ئەم کێوە بوو ،چونکە لە منداڵییەوە تا بەم عومرەگەیشتبووهەزاران جار بەم کێوەدا هاتوچۆی کردبوو و رێگاوبارنەکانی دەناسی .

رێبوارێک کە نەیدەتوانی بڕوا ، لەکۆڵی دەکرد .



ئەگەر وڵاخێکیش لەپێ دەکەوت بارەکەی بەکۆڵ دێناوە و گوریسێکی لە لاقی وڵاخەکە دەبەستورای دەکێشا بۆ نێو دێ . لێیان دەپرسی بۆ چی وڵاخەکە بەجێ نایەڵی خۆ تۆپیوە؟ مامەرەحە لەوەڵامدا دەیگوت : (کاری خۆم ناتەواو ناکەم . سەگی سونج بێگۆشت ناکەم) .مامەرەحە زۆربەهێزو تەکان بوو . پاڵەوانێک بوو وەکوو روستەم رەنگە ئەوهێزو تەکانەی لەباوو باپیرەیەوە بەمیرات بۆ بەجێ مابێ .

یەکێک لە باپیرەکانی مامەرەحە ناوی "موترزا"بووە موترزا هەر دووچاوی کوێر بووە . کاری هەر تەنەکە لێدان بووە تا ورچ گوێزەکانیان نەخوا و بەراز هەرزنەکەیان نەکێڵێتەوە . جارێک ورچێک دێ بۆ گوێز خواردن موترزا بە کوێریە زۆرەوانی لەگەڵ دەگرێ.بەدار گوێزە کەوە دەیکوشێ تا دەیکووژێ .

مامەرەحە لە ساڵەکانی ١٢٨٠ تا ١٣٣٠ی هەتاوی کە جادەی ماشێن لەبەینی شارەکانی بانە و سەقز

تەکێشرابوو هەر بەم کارەوە خەریک بوو و مایەی ئومێدی کاروانیەکان لە زستاندا هەر مامەرەحە بوو.

کاروانیەکان نان و خورما و کەمێک دراویان دەدا بە مامەرەحە و ژیانی نەمرونەژی خۆی و منداڵەکانی لەو ڕێگایەوە دابین دەکرد، بەڵام لە دوای ئەوساڵانە ماشێن و بۆلدزێر جێگای مامەرەحەیان گرتەوە و مامەرەحەو کاروانی



یەکان بێکار بوون.

ژیان و بەسەرهاتی ئەم پیاوە پاڵەوانە دەبێ بکرێ بە فیلم و کتێب و داستان و ئەو هونەرمەندانە کە دەیانەوێ ژیانی زەحمەت کێشانی کۆمەڵ بخەنە بەرچاو فەرموون بێن بینووسن لە بارەی وڵاتەکەی خۆیانەوە چونکوو بەڕاستی ئەم بەسەر

هاتەوەک فیلمی (شمال بزرگ) و بەسەرهاتی (اسکیمو) و (جویندگان طلا) و (سپید دندان)نووسراوەی(جک لندن) سەرنج ڕاکێشە. ئەم بەسەرهاتە لەلایەکی تریشەوە سەرگوزەشتی کاروانی و قەتارچیە زەحمەتکێشەکانە کەلەزستانی سارددا نەیان هێشتووە شارەکەیان بێ کەل و پەل و خواردەمەنی بێ و لەشارەکانی هەمەدان و

زەنگانەوە شتیان هێناوە بۆ بانە. جاری وابووە مانگێک لەڕێگەدا بوون. دەنگی زەنگی قەتار کەلەشار نزیک دەبۆوە خەڵکی دەچوونە بەخێرهاتنیان. هەر ئەم کاروانیانە بوون کەلەشەڕی دووهەمی جیهانیدا وەختێک شاری بانە هەمووی بە دەستی دەرەبەگەکان سووتا کەل و پەلی خەڵکی شاریان

دەبردە دەرەوە چونکوو ئەو وەختە خەڵک هەژار بوون و هەموو ماڵەکەیان باری وڵاخێک بوو.

شاری بانە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەدەستی رووسەکان سووتا و لە شەڕی داسەپاوی عێراق بەسەر ئێرانیشدا تائێستا سێجار بۆمباران کراوە و هەر بۆیەش دەڵێن: (بانە سووتاو) یا (بانە کلۆڵ).

لەچەند جێگای کێوی، کەلیخان قاوەخانە بۆ حەسانەوەی کاروانیەکان دروست کرابوو وەکووقاوەخانەی شاعەبباسی کەلەبەرد و خشتی سوور وقسڵ بوو سەرەکەی گومبەزی و درگاکەی کەوانی بوو رووسەکانیش بۆسەربازەکانیان جادە ماشێنێکی باریک ولێژیان دروست کردبوو بەلای کانی رووسیدادەهاتە خوار. بەڵام ئێستا هەموویان خاپوور بوون لەکاتی نووسینی ئەم بەسەر هاتە لەکێوی کەلیخان تونیل لێ دەدرێ و بریارایە جادەی بەینی بانەو سەقز ئیسفالت بکرێ بەڵام تائێستا تەواو نەبووە وئەم کارە وەکوو تەلیسمی لێهاتووە وهەر دوایی نایە خەڵک لەهاویندا لەبەرتەپ و تۆز و لەزستاندا لەبەر قوڕو چڵپاو زۆر ناڕەحەتن.

رەخنەو پێشنیار لەسەر باس ولێکۆڵینەوە ئەدەبی یەکان

پێشەکی یەک بۆ ئەم زنجیرە باسە

ئەوەی لێرە دەیبینن رەخنە و پێشنیاری مامۆستایانی خاوەن ڕا و هەموو خوێنەرە بەڕێزەکانی سروە لەسەر باسە زانستی‌یەکانی ئەدەبی کوردیە. خوا یار بێ لەم جێگای گۆوارەکەماندا جار لەگەڵ جار نەزەر و رەخنە و پێشنیاری هەموو خوێنەرانی سروە رادەگەیەنین و دەیانخەینە بەرچاوی خوێنەران. بەڵام پێویستی بە روون کردنەوەیە کە دەقی نووسراوەکان بەبێ هیچ چەشنە دەست تێ وەردان و تەنانەت بەبێ راستکردنەوەی هەڵە ئاسایی‌یەکان (وەک دانانی نیشانەی "ᵛ" و "ـ" و "ᵕ" و هەڵەی ئیملایی و...) چاپ دەکەین، کەوابێ تکا دەکەین کە رەخنەمان بۆ دەنێرن خۆتان چاوێکی دیکەی پێدا بخشێننەوە و بەبێ هەڵە بۆمانی بنێرن، هەروەها ئەوەش دەبێ بلێین لەگەڵ رێزدانان بۆ نەزەر و رەخنە و پێشنیاری خوێنەرانی خۆشەویستمان، هەروەک پێشتر رامانگەیاندووە بۆ ئەوەی لەو نەزمەی گرتوومانە بەر، لانەدەین هەرچەند بەشێکی زۆر لەو پێشنیارانەشمان قەبووڵ بێ هەتا پەسند کردنی رێبازێکی دیاری کراو لە لایەن کۆڕ و کۆنگرەیەکی ئەدەبی یەوە، لەبەر چاویان، ناگرین و تەنیا بو ئاگادار بوونی خوێنەرانی دیکە بڵاویان دەکەینەوە.

هیوادارین لە داهاتوودا تێکرای ئەم باسانە و رەخنەی خوێنەران بە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆ بڵاو بکەینەوە و دەمەتەقەیەکی ئەدەبی بکێشینە نێو کۆمەڵ و مەیدان بۆ پێک هێنانی کۆنگرەی ئەدەبی ئامادە بکەین، لەو کۆنگرەدایە کە گیر و گرفتەکانی ئێستای زمانی کوردی چارەسەر دەکرێ. انشاء الله

رەخنەی "کاک قادری فەتاحی قازی"

بەڕێوەبەرانی بەڕێزوهێژای گۆواری سروە

لەپاش سڵاو، دیسانەکە چاوم بە دیتنی سروە ڕون بۆوە، ئەوەی کە نامەکەی پێشوی منتان لە دو جێ (ل ١١، ل٤٩) مونعەکیس کردووە، سپاسو دەکەم، ئەو سەفەرەش دەمەوەێ نوکتەیەکی ڕێ زمانی یادا‌وەزی پکەم، ئومێدەوارم بە چاپی بگەیەنن.

لە لاپەرەی **٨٦**،ژمارە **٢** داهاتووە :

بەڵام ئەگەر بنوسین(واوێکی بەسە،هەروەک یەیەکی بەسە)[1] **"ئەو کتێبەی بە عەلیدا ناردەوە** "دروستە، چونکو لێرەدا **"دا** "فیعلی سێهەم شەخس و وشەیەکی جیاواز نییە و پاشگرە.

ئەگەر لەباتی واژەی **عەلی** کە دە جەوهەری خۆی دا **یەی** هەیە، واژەی خۆماڵی **"مامەند"**یا **ژۆستەم**یا **"گوڵان"** بێنین(لە دەستوری زماندا وا باشە واژەی خۆماڵی دەکار کرێ) جوملەکە (ڕستەکە) ئاوای لێ دێ :

ئەو کتێبەی بە مامەندی دا ناردەوە

ئەو = = ژۆستەمی دا =

ئەو = = گوڵانێ دا =

١ ــ ئەوە قسەی خۆمە .

"**دا** "کە بە پاشگر ناساندراوە پاشماوەی حەڕفی ئیزافەی "**بە**"یە ،یانی حەڕفی ئیزافەکەی مە تەنیا "**بە**"نییە، بەڵکە "**بە... دا** " یە، حەڕفە ئیزافەیەکی دولک و دو بەشە، بەشێکی "**بە**"یە، بەشێکی "**دا : بە دا**

حەڕفی ئیزافە

ئەم دو بەشە ناوەکە دەگرنە نێوان خۆیان بە ناوەکە دەڵێن :**مەفعولی غەیرە سەریح.** مامەند یا ڕۆستەم یا گوڵان مەفعولی غەیرە سەریحن .ناوەکە ئەگەر ناوی نێرینان بێ ، "ی"بە دووادا دێ ئەگەر ئی مێیینان بێ "ێ " دەگرێ . کە وابو **دا** دولیلێکی نییە کە بە ناوەکەوە بنوسێ ، بە جۆ بنوسرێ باشە ،بەڵام **بە**یەکان دەبێ بە **ناوە**کانەوە بنوسێن، بەو مەرجە حەرفیئاخری ناوەکان لەو حەرفانە نەبن کە بە پیتی دووای خۆیانەوە نانوسێن وەک پیتی د، ز، ژ، ر، و، ...

«ڕەخنەی»
کاک سەیدکازمی ژارابادی

بو برایانی بەریز و زەحمەتکیش دەستەی نویسەرانی گوواری (سروە) پاشریز وسلاویکی گەرم ، بەبونەی‌پاشکەوتنی کاغەزەکەم داوای لێبوردنتان لی ئەکەم و بەهوی دەرچونی ئەولین ژمارەی سروە لە چاپ‌پیروز بایتان لی ئەکەم و لە خوای گەورە داوای سەرکەوتنتان ئەکەم، پیش هەموشتیک ئەبی بلیم کە ئەوە بە بەرەکەتی ئیسلام و کوماری ئیسلامیە کە ئەم هەلو مەرجەی بو پیک هیناوین کە بتوانین پیگاویکی موسبەت بو فەرهەنگی چەوساوەی گەلەمان هەلبگرین و بتوانین بە زبانی زکماکی خومان بنویسین .

۱ ـ لەبارەی رینویسەکەتان ـ ئەبی بلیم کە رینویسەکە زور جوان وریک و پیکە بەلام خەتەکەی زور بەرچاف نیە ئەگەر مومکن بیت خەتەکەی باشتر و جوانتر بکەن .

۲ ـ لەبارەی ئەمە کە گووارەکە تەنیا بە لەهجەی کوردی خارو یانی(سورانیە) رخنەم هەیە ، هەروەک هەمومان ئەزانین تا ئیستا گەلی چەوساوەی کورد لەهەمو ناوچەکان دا بەتایبەت لە تورکیادا تەپەسەر کراوە و نەیتوانیوە بەم جورەی کە پیویستە بەهرە لە فەرهەنگ و ئەدبیاتی خو وەربگریت ئیستا هەر وەک لەسەرەوەش ئیشارەم پیکردوە بە بەرەکەتی ئیسلامە کە ئەتوانین بەهرەی لی وەربگرین ، ئەگەر بیتو ئیمە ئەکسەریەتی کورد بگرینە بەر چاف تورکیا بەئەندازەی هەمو ولاتەکانی‌تر کوردی تیائەژی وحکومەتی تورکیا حەتا ئعتراف بە کوردیەتیان ناکات، ئەگەر ئنسان لەلای قەومیکی بیگانە بکەویتە بەر زولم و زور پی نارحەت نیە بەلام ئەگەر برای هاوال جمکی ئینسان زولم لە مروف بکات مروف زور پی ناراحەت ئەبی، لەبەر ئەمە دەبوا لای کیم سی لاپەر بە لەهجەی کوردی ژورو بوایە هیوادارم کە ئەم رەخنەیەم نەبیتە جیگای ناراحەتی ئیوەی خوشەویست چونکە لە کونەوە لەهجەی بادینی فەرهەنگ و ئەدەبیاتیکی گرنگی هەبوە .

۳ ـ لەباری تیبنی ۳ کە لەبارەی بەکار بردنی پیتەکانی(ص وط)یە من بەنەزەری خوم لاگری بیروڕای ماموستا زەبیحیم چونکە لە لەهجەی بادینی دا هینک کەلیمە هەن کە مەعنای جاوازیان هەیە و لەنویسیندا وەک یێک دەنویسرین وەک صەد (۱۰۰) ویان سەد (ئاوبەند) و زور شتیتر لە دوایی کاغەزەکەمدا لە ئیوە برایانی بەریز داوا ئەکەم ئەگەر کەم و کوریێک لەنویسەکە و لەهجەکەم دا بەر چاف بکەوی ببورن.

ئیتر هیوادارم سەرکەوتوبن .

١ ــ سەبارەت بەم پارچە شیعرەی خــــوارەوەی مەولەوی :

مەیلت ئارەزووی ئەغیار کــــەردەبــێ
چیش؟خا مەکەت نام مەعدووم بەردەبێ
بێ منەت جەمەیل ئامای نامــەتــم
مەمنوون جەوەفای رەشحەی خامــەتــم
پەرسا بیت چۆنی ؟ ویت غەڵەت کەردەن
مەرنمەزانی دووریـــــت چ دەردەن؟
گەرمی بڵێسەی دەروون دەمـــــاخ
دێوە لوول ئاخ دڵەی پڕجە داخ
ئەو بەردنم نەچەم دیدەی پڕجەدەرد
ئێد ماڵا رووی حەرف خەیاڵ بێگەرد
نە قەترەی ئەسرین مەندەن نەچەمدا
نە نوختە ، نە حەرف ،ئینشایماتەمدا
عەرزە شاهەدەن خاس بدیە پێشــــدا
حەرف نوختە دارنەمەندەن تێشـــدا

لەبیرم دێ ئەم پارچە شــیعرەیـــــــان دەخوێندەوە تا دەگەیشتنە دوابەیتەکـــەی ئەنجا بۆ لێک دانەوەی دادەمان. چوونکـــوو ئەگەر مەبەست بە (عەرضە) شیعرەکەیەخۆ پڕە لە حەرفی نوختەدار، تەنانەت خوالێ خۆشبووی کاکم (وجیە الدّینی هاشمی) کە مامۆستای لێک دانەوەی شیعری مەولەوی بوو چەند مانای ناسک و جوانی بۆداتاشی و، بەهیچ کاملەوانە دڵنیا نەبوو .

ئەم گرێ کوێرە بەنینۆکی کەس شی نەکرایەوە تاساڵی ١٣١٢ی هەتاوی ئەوحەلە با وەکوونێ ئاوە زانێکی واشم نەبوو، بەڵام بەریبــەری یەکێک لە خزمانم تێکۆشام بۆبەدەس هێنانــی (کلیّات)ی مەولەوی . لەماڵی یەکێک لـــــە بەگزادەکانی باوەجانیدا کە خۆی زیندانـــی بوو شکم دەبرد.چەندساڵ لەوەپێش تاریفیئەو (کلیّات)ەم لە وبەگەزیندانی یە بیستبـوو . سەر ئەنجام (کلیّات)ی باس کراوم بەدەس هێنا کەبەخەتی (سدیعبداللە) کـــوڕەزای مەولەوی نووسرابۆوە . بەڵام وەکووبەختەکەی مەولەوی نەکبای نەگبەت هەرپەرە یەکیخستبووە سەرد یارو هەردە و دوڵێک وبەشێکی زۆرکـــەی مابوو . هەر چۆنێک بوو چەند پارچە شیعر و چەند نامەم لێ پێک هێنا کە یەکێک لەونامانە نامەبێ نوختەکەی مەولەوی بوو کە بەم نامە وبەم پارچە شیعرە سەرەخۆشی لە حەمەپاشای جاف کردووە .

ئەوا بۆ ئەوەی دەستەڵاتی مەولەویمان بــە خوێنەرانی خۆشەویستی سروە راگەیاندبێ نامە

سەیدتاهیری هاشمی :

دەسەڵاتی مەولەوی لەئەدەبیاتدا

بێ نوختە کە بەتەواوی لێرە دێنینەوە .

دیارە مەولەوی بۆ نووسینی ئەم نامەیــە خۆی سەخڵەت نەکردووەو کتێب لوغەتـــــی دانەناوە کە بەشوێن وشەی بێ نوختەدا بگەڕێ و هەروەک کاغەزە نوختەدارەکانی ئەمەشـــی بەرەوانی وجوانی هێناوە .

٢ ــ (معمّاسازی) مەولەوی . مەولەوی لەم دووشیعرەیدا کەبۆخالووها وفەردی خۆشەویستی خۆی ئەحمەد بەگی کۆماسی نووسیوە (معمّا) یەکی بەناوی (احمد) داناوە بەڵام جەنابی مامۆستا مەلاکەریم لە شەرحی دیوانی مەولەویـــــدا ئیشارەی بەمە نەکردووە .

یار وەفادارشەرت و بەین بێ شـۆ
چون نووردیدەی مەعدوومـی مەبـۆ
وەختێ بەندەی وێش بەی حاڵ وچەمدی
ئەسرین (وەچمدا)[1] ڕێزا و پەشێوبی

ئەسرین ، واتە فرمێسک بەوشەی (چــــمدا) دارژاندن دەبێ بەهۆی ئەوە کەنوختەکانـــی لاچێ و ببێ بە (حمدا) وپەشێو بوونیشی دەبێ بەهۆی ئەوە کە ئەلفەکەی ئاخری بکەوێتــــە ئەوەڵــەوەو (احمد)ی لێ بەدەس بێ .

(١) "چمدا" بەرێنووسی ئێستا بەشێوەی "چەمدا" دەنووسرێ .

سواد عریضه نامهٔ بدون نقطه مولوی را عیناً بخط او در محبت محبوب دسترس کلیشه شده که از تغییر حروف چنین محفوظ ۲۰ ر

اسم الله العال اوّل هر کلام که صدور اهل کمال در سطور آرد و اکمل و اصح هر طور املح و هر

سحر حلال که کلک در رسالک که هر رسوم معدوم محروم محرر و مسطور دارد حمد و مدح هر حامد

و هر مادح در گروه هر مسلم و در رهط هر ملحد و کادح گرو در گرو در همه اعصار و دهور

مردرگاه عالم آرا آگاه لا اله الا الله را ، و درود لا معدود و سلام لا محصور لا محدود عدد

کل داء و دواء ما دام السماک و السماک و السماء مرسل الارسال ممدود و سردار محل محمود و گاه

در علوم همه علماء آگاه محمد رسول الله را ، و مر آل اعلام و اولاد اطهار الاسرار احرار را ، و سائر

اهل اسلام و گروه صوالح الاطوار را ، حمد الله عالم حاصل و درود و سلام رسول اکرم کامل آمد

رسول کالوصول را آماده کرده و طرح اهل وداد را در دل آورده همراه آه دل کمدر در هر مسا

و هر سحر سرکار مکرم و سردار اکرم و اولوا الامر مکارم و مراحم همه مر ادام الله عمره و عمر اولاد

الکرام طوعاً و روحاً مرسل رسائل دعا و سلام ، معلوم سرکار آمده که اولاد آدم و حوا

و لدا و دا و آسا اگر همه عالم کالهوا محکوم حکم و رام امر او گردد محل او گور و همراه او مور گردد ،

عمر عمرو سرو عمر همه کس صرصر عدم و ارهٔ مرگ در راه دارد ، و حاصل و محصول دوام

هر احد را داس اعدام مالک ملک ارواح در درو آرد ، مرد راه را دل در گرو وداد

راه آورد اعمال صوالح آمد ، حالا که همه روحی و لا عمل صلحاء در کار دارد که لو راح الروح

و صار آدم کالمکروه المطروح لا طمع لعامل السوء الاسوء الدار ارحم همه رحما و اکرم همه کرما

مرده ها را همه در دار السلام همسر سور و سرور و حور و سرکار کرم مدار و اهل و اولاد او را کامروا

و دائماً دار الآء سرمد و مدد همه اهل الله محروس و مسلم و مسرور و اعداء او را در الام ،

اصل همه کارها و اساس کل ما مول و مرام الدعاء لکم و لاولادکم ما دام الروح و وسعه الحال و السلام

والاکرام ولد آل الروح المعدوم الملول

هو الموصل الکل موصول مرسول رسول معدوم ملول محمد درالسرکار مکرم همه اسم محمد اکرم صل اللهم له و سلم ما دام العالم گردد



چاکم لەبیرە :

لەنێو ماشێندا دانیشتبووم و چاوم لە چیا و شیو و دۆڵەکانی خۆمان بڕیبوو. بە دیتنی ئەم هەموو سەوزەزار و گوڵ و گیایە ، دڵم دەپشکووت، دەمگوت :

ـ بریاماڵمان لێرە بایە و بۆخۆم لەنێو ئەم شێوەرد و سەوزەزارەدا گاڵتەم کردبا .

خەیاڵ هەڵیگرتبووم و لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ لای خۆشترین کاتەکانی ژیانی پێشووم ، لەپڕ تێمڕاخوڕین و پێ یان گوتم :

ـ دە وەرە خوار، ئەوە هۆشت لە کوێیە ؟

کە چاوم هەڵێنا لەنێو ماشێنەکەدا کەس نەمابوو ، هەر کاکم بوو کە دەیگوت :

ـ وەرە ڕۆژ درەنگە ناگەینێ !

لە ماشێنەکە دابەزیم دەگەڵ دیمەنی شارێکی نەناس و نائاشنا بەرەو ڕوو بووم و بۆنێکی جیاواز لە بۆنی مەڵبەندی خۆمان بەبەر لووتمدا هات ، بە دیتنی ئەو هەموو ماشێنە کە تا ئێستا نەمدیبوو یەک بە خۆم قیژاندم و گوتم :

ـ ئای لەو هەموو ماشێنە چەند زۆرە خودایە گیان»

ئێستا قسەکەم بە تەواوی نەکردبوو کە شەقەزللەیەک لە بنان گوێم درا ، لایەکی دەم و چاومی تەزاند و سووری هەڵگێڕا ، دەستێکم بە گوێم گرتبوو دەستەکەی دیکەشیان رادەکێشام ، تاکوو لەسەر سەندەڵییەکی لە عەرزیان کوتام .

ئەگەر سەرم هەڵێنا ساڵۆنێکی گەورە و کاشیکراو و خاوێن کەپڕ لە میز و سەندەڵی بوو، لەپێش چاوم بوو، چەند مشتەری دەهاتن و دەچوون ، دوو سێ کەسیش کە کراسێکی درێژیان لەبەر دابوو هەرجارە روویان لە جێگایەک دەکرد ، هەر جارە چێشتێکیان لەسەر دەستی بوو ، هەرچەندی بە پەنامدا دەهاتن و دەڕۆیشتن بۆنی چێشتەکەی سەر دەستیان مەستی دەکردم .

ئێمە لەسەر مێزێک دانیشتبووین کە چوار سەندەڵی لە دەوروبەری دانرابوو، لێوانێکی پڕ لە کاغەزی رەنگاوڕەنگ لەسەر میزەکە بوو .

ئەمجار شاگردێک هات و دوو دەوری سەبزی و سێ چوار کوتە نان و چوار کەوچک و چەنگاڵی لەسەر میزەکە دانا و لەجیاتی ئەوان یەک دوو تەنەکەی (ژیتون)هەڵگرت و رۆیی ، پاش ماوەیەک بە

چواردەوری برنج و خۆرشتەوە گەڕاوە ، هەر یەکەی یەکی لەپێش دانان ، ئەوجار توونگەیەکیشی دۆ هێنا و بەجێی هێشتین .

من کە تا ئێستا دەوری بە تەنێم نەدیبوو ، لە خۆشیان گوتم :

- ئەوە هەمووی هی منە ؟

کاکم لە وەڵامدا گوتی :

- ئەوە بۆ هێندەی دەڕێسی ، سەرت بەردەوە ، نانت بخۆ .

بێئەوەی دەست بۆ کەوچک و چەنگاڵ بەرم بە پاروان بەربوومە برینجەکە دایکم لە حاڵێکدا گووپی پڕ بوو دەیگوت :

- سەبر دەڵێی لەشکرت بە دواوە . پارووی چکۆڵە بکە ، دەخنکێی .

بە دەم خواردنەوە ئەوەندەم چاو بەم لاو ئەولا دا گێڕا کە پاروویەک لە ئەوکم ما ، دوو سێ جار کۆخیم بەڵام پاروو جێی خۆی تازە خۆش دەکرد چاوم لە ژێرڕا هات ، کاکم کە لە پەنام بوو بە هەموو هێز و قەوەتی خۆی دوو مستی لە پشتم دا و گوتی :

- بابە قەتارا! دوایەش بە پەلە لیوانێکی دۆ دامێ.. دۆیەکەم پێداکرد پارووەکەشی لەگەڵ خۆی راماڵ دا .

ئەمجار کە لە خنکان رزگاریم بوو ، هەناسەیەکم هەڵکێشا ، بەڵام نەمدەویرا بۆلای نان خواردن هەر بچم بەڕاستی زگم بەخۆم سووتا . بۆ وەی بزانم کاکیشم هەر ئەو حاڵەی هەیە یان نا ،گوتم

- هیچی دیکەش ناخۆم ،کاکم گوتی :

- گیان بخۆ ! جا چماوە ماڵ ویران ، مەگەر قاپەکان بخۆی هێندێک راوەستام و چاوم لێکردن . ئەوانیش دەستیان کێشاوە جا ئەوجار چایان هێنا ،ژێرپیاڵەی نەگەڵ نەبوو ، وامزانیساردە ،فووشم لێ نەکرد ، هەوەڵ قووم خوارد هەتا چووە خوارێ سووتاندی بەڵام لە ترسان متەقم نەکرد و سەرم داخست هەتا بنان گوێم سوور هەڵگەڕا .

هەر چۆنێک بوو هەستاین و بەرەو گاراجی مەرەند وەڕێ کەوتین چاومان بە زۆر شتی جوان جوان کەوت . هەموو جارێ لە دڵی خۆمدا دەمگوت :

- ئەگەر هاتینەوە لە تەلیسە پووڵەکە هێندێکی هەڵدەگرم و هەرچی پێم خۆشبوو دەیکڕم ، بەو هیوایە گەیشتینە گاراج ، لەوێ سوار بووین و ماشێن رۆیی،سێ چوار کیلۆمیتری مابوو بۆ تەورێزێ دابەزین و رێگای کوورە دیاری کراوەکەمان گرتە بەر دوای سەعاتێک رێ پێوان، ماندوو و شەکەت گەیشتینە کوورە .

لە دوورەوە کۆگای خۆڵ و فەنەری خشتمان لێ دیار بوو ، کە نزیک بووینەوە چاوم بە هۆڵێکی گەورە کەوت کە چەند دەرکەی هەبوو ،لەبەر هەر دەرکەیەک دوو سێ منداڵی بچووک بە تووێی کراسێکەوە کایەیان دەکرد . هەر یەکەی کوتە پەڕۆیەکیان بە دەرزیلە لەسەر شانی قایم کردبوون ، چڵم و لیکیان تێکەڵ ببوو و بە زار و لووتیان دا داچۆرابوو ،هەر کە ئێمەیان دیت هاتنە پێش و لێمان خوردبوونەوە .

لای ئێوارە بوو ،دوو سێ دراوسێ بە دیتنی ئێمە بەرەو پیرمان هاتن و دوای تۆ خوش و من خۆش یەکیان ئێمەی بردە ماڵی خۆیان و چایەکی بۆ دانان ، ئەو چایە ماندوویی لە لەش دەرکردین و ئارەقەی رێگای سڕینەوە . کاکم هەستا و بەرەو مەیدان وەڕێ کەوت ، تا لە چۆنیەتی کاروباری ئەم کوورەیە باشتر تێ بگا .ئێمەش چووین ژوورەکەی خۆمان ئاو پرژێن کرد و رامان خست

ژوورەکەمان لە لایەک سەماوەرە کۆنێکی نەفتی و کەشەفێک و چوار پێنج ئیستیکانی لێ بوو ،لە لایەکی دیکەوە تایەک ئارد و نیوە تایەک سێوک و سێ چوار تاوە و مەنجەڵ و عەلادینێک

داندرابوو،راخەریشمان بەرەیەک و دوو حەسیر بوو.

شەو نان و چامان بە پەنیر و چای شیرین خوارد و پاشان کاکم گوتی :

ـ مەیدانی ئێمە لەگەڵ دراوسێیەکمان هاوبەشییە . کارەکەشمان شەریکایەتییە . جا لە منوو نەکەوێ قوڵ هەڵماڵێ جەنگەیەتی ،دەبێ کارێکی وابکەین بە رووسووری بچینەوە، بە قەولی کاحەمە کوتەنی : " دەبێ بە تەلیسان پوولی بەرینەوە تا لەژێر قەرزان بێینە دەر "

هەموو بەڵێنمان دا ،هەر کەسە لەبەر خۆیەوە بیری لە زۆر کار کردن و زۆر پەیدا کردن دەکردەوە ، ئاخر هەموو چارەڕەش و رووت و قووت و هەژار و برسی بووین جێمان راخست و تێخزاین ، بەڵام چون گەرم بوو شتمان کەم بە خۆ دادا، خودا ئەو رۆژەتان نەسیب نەکا ، مێشوولە دەگیانمان بەربوون و هەتا توانییان خوێنیان مژتین ، ئاراوقاراویان لێ هەڵگرتین ، ناعیلاج هەستاین و ئاورمان کردەوە ...

تاریک ورووونی بەیانی قیتیان کردینەوە و بەرەو مەیدانیان بردین ، هەموو گیانم گرمووڵە بوو، هەر پێم دەکرا خۆ هەڵکڕێنم . ئەوەندەم دەست و لاق و لاجانگم خوراندبوو هەمووی لە خوێن هاتبوو، گەیشتینە مەیدان ، کاک عەزیز کە سەرگەورەی ئێمە بوو ، پێمەڕەکەی چەقاند و دەستی هاویشتە سەر و گوتی :

ـ ئێرە مەیدانی شەڕ واتە مەیدانی بەزیو و نەبەزە، هەرکام لە ئێمە باشتر دەرد و خەفەتی خۆمان دەزانین و بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەردە دەبێ تێبکۆشین ، شەو و رۆژ نەوەستین ، دەوای دەردی هەموو شتێک پوولە و بەس. تا دەتوانن خشت ببڕن و کار بکەن هەر چەند مانگە! دوایە دەحەسێنەوە ،جا هەزار جار لە چاوی منوو کەوێ بزانم چ دەکەن ؟

دوایە ، قوتووی توتنی دەرێنا ، بە دەستە قولە ئەستوورەکانی جگەرەیەکی هەڵبەست ، لە مۆدنەکەی نا و بە شەمچەیەک ئاگری دا و چرە دووکەڵی ساز کرد ، نێو چاوانی پڕ لە گنج بوو پیاوێکی تێک سڕماوبوو.لاقی تا سەر ئەژنۆیان هەڵکردبوو وادیار بوو چەرمەسەری زۆر دیوە "

چاوم لە مەیدان گێرا . چەند کۆما خۆڵ هەڵدرابۆوە بە چاو ئیشارەیان دەکرد ' وەرن هەڵمان گرن،کەمێک لەولاتر خۆڵەمێش دەبیندرا . مەیدانەکە ماڵدرابوو، ئاوپرژێن کرابوو چاوەڕوان بوو تەنیا ئێمە هەڵاتهەڵاتی بەسەردا بکەین ، ئەویش قدیلکەی بێ و لە تاوان دەست بەزگی بگرێ .

بە دەستووری کاکعەزیز قالبمان لە قەراغ قوڕ بەدەسەوە گرت ، قوڕەکە لایلۆنی پێدا درابوو، هێشتا دەستمان بە کار نەکردبوو کە کاک عەزیز گوتی :

بەر لە هەموو شتێک قالبەکانتان بە خۆڵەمێش کەن ، تا خشتەکە جوان دەربێ دوایە قالبەکە دانێن و بە دەست تەپۆڵکەیەکی قوڕ پێدادەن ، ئەوجار باڵتراشە دارەکەی پێدابێنن با لێک و لووسی بکا ، ئیدی ئەو جار بەغار رۆی بکەن و بگەڕێنەوە .

خۆی دەستی بە خشت برین کرد ، تا ئێمەش فێر بووین . تا سەعات هەشت کارمان کرد و ئەوجار بۆ بەر چایی خواردن وچانمان دا ، دوای چارەگێک گەڕاینەوە و تا سەعات دوازدەی نیوەڕۆ کارمان کرد و دیسان بۆ نەهار مەیدانمان بەجێ هێشت ، دوای نەهار دەستمان کردەوە بە خشت برین ، تا سەعات نۆی شەو کوتامان . شەکەت و شەلاڵ گەڕاینەوە . شەو داهاتبوو کەس نازانێ چۆنم دوو سێ پاروو نان خوارد و لەجێ خزام .

لە ترسی مێشوولان هەر دەتگوت جۆلاین، جینگڵمان دەدا .

بەیانی کە هەڵیان ستاندم دەتگوت ئەوە بە چواران گرتوویانم و نایەڵن هەستم، لاقم وەک بزماری لێهاتبوو، دەستەکانم لە سەری پەنجەوە تا نێوان شانم گیرابوو، وەک بەراز ملم رەق ببوو، پشتم دانە دەهاتەوە .

هەر چۆنێک بوو هەستام. دەستمان بە کار کرد، تا رۆژی پێنج شەمۆ کە گوتیان تانیوەڕۆ کار دەکەین و نیوەڕۆ حەمام دەکەین و دەڕۆین بۆ تەورێز هێندێک دەگەڕێین و برێکیش کەل و پەل دەکڕین .

لە خۆشیان شاگەشکە بووم دەتگوت جێژنەیە، بەخەیاڵی ئەوە کە تەحتیل دەبین لە رۆژان پترم کار کرد.....

* * *


چرای تەورێز دیار بوون. ژیانی خۆمانم هاتەوە بەر چاو، ئێستاش زۆر ماڵ هەن لەبەر چراتۆڕ دادەنیشن. ئێسک و پێستێکیان ماوە و بەس، لەسەر ئەو حاڵەشدا هەدادانیان نیە. زۆرن ئەوانەی مانای حەسانەوە و پێکەنین و خۆشیان هەست نەکردووە.


چاوێکم لە مەیدانەکان کرد و دێوەزمەی رەشی خوێنمژم دی ئەگەر چاوم لە شاری تەورێز کرد، پەژارە و خەفەت دایگرتم .


دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوانم هاتنە خوار و بەر چاویان تاریک کردم، دیسان قسەکانی کاک حەمەم وەبیر هاتەوە کە دەیگوت :

" بە تەلیسان پوولی دێنینەوە بە تەلیسان "

* * *







زانایانی بەناو بانگی کورد...

مەلا عەلی قزلجی


" سەید عەبدوللا سەمەد "

پێویستە بزانین کە لە چوار چێوەی شارستانیەتی ئیسلامیدا کە یەکێک لە چوار چێوە هەرە گرینگەکانی شارستانییەتی ئینسانییە قەومی ئێرانی لێهاتوویی یەکی سەرسوڕهێنەری لە عیلم و زانست و فەلسەفەدا بە دنیا نیشان داوە و هەموو دەزانین کە خاکی هونەرپەروەری ئێران کەسانێکی وەکوو " ابن سینا و غزالی و رازی و خواجەی طوسی و فردوسی و نظامی و سعدی و مولوی و عطار و سنایی " و هەزاران فەیلەسووف و زانا و شاعیری تری پێگەیاندوە و لەم بەینەدا کورد کە بە یەکێک لە رەسەنترین نەتەوە ئێرانییەکان دەژمێردرێ شوێنێکی زۆری بووە و بە درێژایی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامی زانایانی گەورەی وەکی: **"احمد بن یوسف الکواشی"** (موفەسسیری موحەقیق) **" محی الدین خلاطی"**، (شەریک و جێگیری خواجە نەسیری تووسی لە بنیاد نانی رەسەدخانەی مەراغەدا)، **" ابن الصلاح"** (زانای گەورە)، **"ابن الحاجب"** **" عبدالرحیم عراقی "**(مامۆستای ابن حجر عقلانی)، **" ابراهیم کردی "**، **"ابن کج دینوری"** (تەبیعی دانی بە ناو بانگ) **" ابو حنیفە دینوری "**، **" ابن خلکان "**(مێژوونووسی بە ناو بانگ)، **" عزالدین علی ابن الاثیر"**، (مێژوو نووسی گەورە)، **"ابن نجا "**(فیلسوف) **" مولانا خالد نقشبندی"** (عارفی گەورەی کورد) و سەدانی تری پێشکەش بە کۆڕی زانست و فەرهەنگی ئیسلامی کردووە کە ناویان لە مێژووی پڕ شانازی عیلم وشارستانیەتی ئیسلامیدا تۆمار کراوە بەڵام بە داخەوە زوربەی زانایانی کورد بە تایبەتی ئەوانی پێشووتر بە هۆی دوور بوون لە شارە گەورەکان و دانیشتن لە کوێرە دێیەک و گۆشەی شارێک ناوبانگیان دەرنەکردوە و نووسراوە و شوێنەوارییان دراوەتە دەستی فەرامۆشی و فەوتان.

لە راستیدا پلە و پایەی عیلم و زانستی زانایانی کورد بە هیچ جۆر لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی ئەواندا یەکتری نەگرتوەتەوە.

خوا لێ خۆشبوو **" مەلا عەلی قزلجی "** لە وڵاتی قزلجە لە دوایین ساڵەکانی چواریەکی یەکەمی سەدەی ١٣ ی کۆچی لە بنەماڵەیەکدا کە پشتاو پشت زانایانی ئاینی بوون هاتووەتە دنیاوە. **" مەلا محمد"**ی باوکی لە فنوونی ئەدەب و زانستە شەرعی و ئاینییەکاندا دەستێکی باڵای بووە.

مەولانا قزلجی سەرەتای نەحو و سەرف و فقە و عقایدی لای باوکی خوێندووە، مەلا محمد" نوسخەیەکی لە کتێبی "شەرحی مەلا سەعدی تەفتازانی" لەسەر " تەسریفی زەنجانی"کە لە کتێبە پڕ بایەخەکانی عیلمی سەرفە بۆ کوڕەکەی نووسیوەتەوە کە ئەم نوسخەیە ئێستا بە ساغ و سلامەتی ماوەتەوە.



پاشی ئەوەی کە لە لای باوکی سەرەتاکانی خوێندووە هەر لەسەر ئیزنی ئەو بۆ خوێندنی پتر باری سەفەری تێکناوە و شارە و شار و دێ بە دێ بە شوێن فێربووندا گەڕاوە تاکوو دوای وەرگرتنی ئیجازەی تەدریس لەماموٚستای گەورەی خۆی "**مولانا محمدیائی**" لەسەر ویستی خوا لێ خۆشبوو " محمدامین بیگ " مالکی تورجان لەو دێ خۆش و لاپەڕەدا دەستی بە تەدریس کرد و هەتا دوایین هەناسەکانی ژیانی وەکی شەمێک سووتا و دەور و بەری خۆی رووناک کردەوە، بە شاهیدی عارف و زاناکانی سەردەمی خۆی،ساحیبی دڵێکی دروست و دەروونێکی خاوێن بووە .

هیچ کاتێک ئێرەیی و بەرچاوتەنگی وکاری ناشایستی پێوە نەبینراوە و تەنانەت لە باس و پیلە و دمەتەقەی زانستیش خۆی پاراستووە تاکوو نەکا تێکەڵ بە هەوای نەفس بێ و غورور و خۆ بە زۆر زانی و فیزی بەسەردا زاڵ بێ ، هەمیشە وەدوای قسەی حەق کەوتووە و حەقی سەلماندووە .

مەولانا قزلجی پاشی تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی لە لای باوکی بەڕێزی،بە خزمەتی سێ کەس لە زانایانی سەردەمی خۆی کە هەرسێک ناویان "محمد" بووە گەیشتووە و بۆ ماوەیەکی پتر لە بیست ساڵ لە خزمەتیاندا خەریکی فێر بوون و تێپەڕاندنی پلەکانی زانست و تەحسیلاتی بەرز بووە .

ـ ماموٚستاکانی مەولانا قزلجی :

١ ـ "مەلا محەممەدی بانی" :
کە زانایەکی هەڵکەوتووی سەردەمی خۆی بووە ،ئەو تەواوی ئەو کتێبانە کە لەو زەمانەدا خوێندنیان باو بووە لە سەرەتای سەرف و نەحوڕا تا دەگاتە علوومی بەرز هەمووی بە خەتی خۆی زۆر بە دروستی و جوانی نووسیوەتەوە ، دەربارەی توند نووسینەوەی ئەو زۆر نەقڵ دەگێڕنەوە ، بۆ وێنە دەڵێن :


کتێبی "تەفسیری بەیزاوی" لە سەرەتا تا دوایی لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا نووسیوەتەوە و ئەمە شتێکی وەک موعجیزەیە ئەم نووسراوە لە دوو بەرگدا ئێستا ماوە .

دەگێڕنەوە کە کتێبخانەکەی دووجار لە شەڕی عەشیرەتەکانی بانەدا ئاوری گرتووە و هەرچی تێیدا بووە سووتاوە و بووەتە دووکەڵ و سووتوو کەچی سەر لە نوێ ئەم ماموٚستا مەزنە بە سەبر و لەسەرەخۆیی یەکی سەیر و کەم وێنە کتێبە فەوتاوەکانی هەر بە دەسخەتی خۆی نووسیوەتەوە .

٢ ـ "مەلا محەممەدی مفتی زەهاوی" : (١)
ئەم زانا و عەللامە گەورەیە لەسەردەمی خۆیدا تاقانە بووە و بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی شیعری جوانی داناوە . ئەو کاتەی کە مفتی لەگەڵ"ناصرالدین شای قاجار"دا مولاقاتیان دەبێ و بە والی بەغدا دەڵێ:" مفتی از ماستو اهل ایران است" واتە: مفتی لە ئێمەیەوخەڵکی ئێرانە . والی وەڵام دەداتەوە کە بەڵێ ، مفتی لە دایک بووی ئێرانە بەڵام ئێمە لە تیشکی کەمالات و عیلم و زانستی وی کەلک وەردەگرین.

خوالێ خۆشبوو "**حاجی ملک الکلامی کوردستانی**"(٢) لە سەیاحەتنامەی خۆیدا دەنووسێ "ئەلحەق وێنەی مفتیم لە عیلم و زانست و فەساحەت و بەلاغەت و کەماڵدا لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا نەدیوە"

٣ ـ "مەلا محەممەدی یائی" :
مەلا محەممەدی یائی لە مزگەوتی جامیعی ساوجبلاغی موکریان " مەهابادی ئێستا " دەرسی کوتووە .



خوالێ خۆشبوو قزلجی پلەی عیلمی مەلا محەممەدی یائی زۆر لە مفتی زەهاوی بە بەرزتر زانیوە. مەولانا محەممەدی یائی لە عیلم و زانست و پاکی و تەقوا پایەی عیرفانیدا لەسەردەمی خۆیدا کەم وێنە بووە .

– بەرزترین شاگردانی مەولانا قزلجی :

١ –"مەلا عەبدوڵڵای پیرە باب" :

کە لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیدا لە مزگەوتی"هەباس ئاغای" سابلاغ خەریکی دەرس گوتنەوە بووە .

خوالێ خۆشبوو"میرزا عەلی قازی" یەکێک لە شاگردەکانی ئەو بووە و هەروەها مەلا عەبدولرەحمان دەرس بێژی مزگەوتی سوور (نەوەی عەللامە یائی)، "مەلا محمد حوسێنی تورجانی"کە دوو کتێبی بە سوودی لە دوا بەجێ ماوە ، یەکیان شەرحێکی تەواوە لەسەر " فرائض"ی ماموستا قزلجی و ئەوی تریان رێکخستراوەی " تحبە الفکر در علم درایە الحدیث"ە ، " مەلا عەبدوڵڵای وەلزی" ئەمانە هەموو لە شاگردانی مەولانا عەبدوڵڵای پیرە باب بوون و لە خەرمانی زانستی وی بەهرەیان وەرگرتووە .

مەرحوومی پیرەباب لەسەر زوربەی گیر و گرفتەکانی ریاضیاتی کۆن چ"جەبر و مقابلة" چ "هەندەسە"چ"اکر و مرایا و مناظر" و چ عیلمی هەیئەت و نجووم شتی زۆر بە کەلکی نووسیون و روونی کردوونەوە. بەڵام بەداخەوە کە ئەم نووسراوە و توێژینەوە کەم وێنانە لە گۆشەی بێدەنگی و فەرامۆشیدا کەوتوونەوە و هەر بەشەی لە جێگەیەکە و ئەگەر لە کۆکردنەوەیاندا پەلە نەکرێ ترسی ئەوە هەیە کە بە یەکجاری لەناو بچن و بفەوتێن .

٢ –"مەلا عەبدولرەحمان مەشهوور بەپێنجوێنی ":

ئەم زانا گەورەیە کە ماوەیەکی زۆر لە فێرگەی تورجان دەرسی خوێندووە و هەر لەوێش ئیجازەی وەرگرتووە یەکێک لە بەرزترین زانایانی مەنتیق و فەلسەفەیە و نووسراوە و پەراوێزەکانی لەسەر ئەم کتێبانە مەشهوورە. جێگەی خۆشحاڵیە کە زوربەی ئەم نووسراوە و پەراوێزانە لە میسر و بەغدا لە چاپ دراون.

٣ –"سەید حەسەنی چۆڕی" :

پشتاوپشت دانیشتووی وڵاتی مەریوان بوون ، لە باپیرانی گەورە و بەناوبانگی سەید حەسەنی چۆڕی "مەولانا سەید ئەبووبەکری مصنف"ە (٤)کە پتر لە سێسەد ساڵ لەمەوپێش دەژیا .کتێبی "وضوح" لە کتێبە دروست و باوەڕ پێکراوەکانی مەلا ئەبووبەکرە هەر وەها کتێبی "طبقات" کە لە مێژووی ناودارانی مذهبی شافیعیدەدوێ و یەکێکە لە کتێبە موعتەبەرەکانی مێژوویی لە نووسراوەکانی ئەوە . ئەم کتێبە زۆر بە رێک و پێکی لە بەغدا لە چاپ دراوە .

لە (قاموس الاعلام)دا سەبارەت بەم پیاوە گەورەیە ئاوا هاتووە :"سەید ئەبووبەکر ساحێبی کتێبی " وضوح " لە ساڵی ١٠١٤ دا کوچێ دوایی کردوە و سەبارەت بە ئەوەی کە نووسراو و دانراوی یەکجار زۆر بووە بە "مصنف" ناوبانگی دەرکردوە" . و(محمد طاهر بروسەء) کە لە زانایان و نووسەرانی دەوڵەتی عوسمانی بووە دەنووسێ: " کتێب و نووسراوەکانی سەید ئەبووبەکری مصنف ئەوەندە زۆرە کە تەنیا ناو بردنیان ماوەیەکی زۆری پێ دەوێ و نووسراوەکانی بە عەرەبی و فارسین ."

مەبەست لەم وتانە ئەوەیە کە سەید حەسەنی چۆڕی بەراستی رۆڵەی ئەم باپیرەیە بووە و جێگەی ئەوی بە چۆڵی

نەهێشتۆتەوە ،ئەو لەسەر زۆربەی کتێبەکانی "حکمت و کلام و منطق" پەراوێز و توێژینەوەی زۆر ورد و ژیرانەی نووسیوە و ناوی هەندێک لە نووسراوەکانی ئەمانەن :

" پەراوێز لەسەر سەعدوللای بچووک" ،"پەراوێز لەسەر تەسریفی مەلا عەلی" ،"پەراوێز لەسەر فەریدەی جلال الدین سیوطی" ،"پەراوێز لەسەر (تهذیب المنطق)" ،" پەراوێز لەسەر جەلالی مەنتیق" ،"پەراوێز لەسەر گەلەنبەویی بورهان" ، " پەراوێز لەسەر عەبدولحەکیم شەرحی شەمسی" ، " الرسالە الکلامیە" ، " پەراوێز لەسەر تەفسیری بیضاوی " لەم کتێبە دا گەیشتوەتە سوورەتی (القیامە) و لەوێدا کۆچی دوایی کردوە "

دەگێڕنەوە کە سەید حەسەنی چۆڕی لەپاش ئەوەی کە خوێندنی تەواو کرد و زۆر وڵاتی بە شوێن عیلم و فێربووندا پشکنی بڕیاری لەسەر گەڕانەوە بۆ گوندی "چۆڕ"دا . لە درێژایی ئەم گەڕانەوەیەدا گەلێک جار لە شار و گوندان لەگەڵ زانایان و مامۆستایان باس و راوێژ و دەمەتەقەی عیلمی دەکرد و بەسەر هەموانددا زاڵ دەبوو ،هەر لەم سەفەرەدا بوو کە رێگەی کەوتە "تورجان" و بۆ تاقی کردنەوە هات و لە مەحزەری دەرسی مەولانا قزلجی دانیشت. مەبەستی تەنیا هەڵسەنگاندنی پایە و مەقامی قزلجی بوو بەڵام کە دەرسەکە دوایی هات گوتی :من ئێستا دەزانم کە ئەوەی فێری بووم شتێکی زۆر کەمە و دەبێ سەر لە نوێ دەس پێ بکەمەوە ، لەو رۆژە را بە ناوی قوتابی‌یەک ناوی خۆی لە فێرگەی تورجاندا نووسی و بۆ ماوەی چاردە ساڵی دی لەم دێیە و لە خزمەتی مەولانا قزلجی سەرگەرمی خوێندن بوو تاکوو ئیزنی تەدریسیشی هەر لەوێ وەرگرت .سەید حەسەن لە ساڵی ١٣٠٥ دا چووەتە حەج و لە ساڵی ١٣٢٣ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە .

٣ ـ "مەلا عەبدوللای داغستانی ، مەشهوور بە جەوانشیر " :

خواڵێ خۆشبوو جەوانشیر خەڵکی داغستانی قەفقاز بووە و لەوێرا بە شوێن عیلم و زانستدا هاتۆتە تورجان.ئەم مەرحوومە زۆربەی کتێبە زانستی‌یەکانی بە دەسخەتی خۆی نووسیوەتەوە و پەراوێزی بەکەڵکی لەسەر نووسیون عیلم و شەریعەتی لە لای مامۆستا قزلجی خوێندووە و تەریقەتی عیرفانیش لە خوا ناسی گەورەو بەناوبانگی کورد "شێخی سراج الدین"(٥) فێر بووە و لە مەحزەری پڕ بەرەکەتی ئەم عارفە رەببانی‌یە دا خەریکی سەیر و سلووک و زیارەت و دیتنی مقاماتی عیرفانی بووە .وادەگێڕنەوە کە مەرحوومی داغستانی وەختی خۆی دەکردە دوو بەش ،نیوەی ساڵ لە هەورامان لە خزمەت شێخی سراج الدین دەبوو و نیوەکەی تریش لە تورجان لە مەجلیسی عیلمی مەولانا قزلجی دادەنیشت .

داغستانی شارەزایی‌یەکی باشی بەسەر ئەدەبی فارسیدا هەبووە و زمانی رووسیشی جوان زانیوە .رەسالەیەکی لەمەر هەیئەتی نوێ لە رووسی‌یەوە کردۆتە عەرەبی و داویە بە "مەولانا قزلجی" تاکوو بیر و رای خۆی سەبارەت بە رەسالەکە دەربڕێ.مەولانا تەنیا دوو دێڕی لە پەراوێزی کتێبەکەدا نووسیوە بەم جۆرە: " چونکە ئەمە عیلمێکی نوێ‌یە و هێشتا لای ئێمە باو نەبووە و بۆ ئێمە روون نیە ، بە هیچ جۆرێک ناتوانم لەم بارەوە بیر و رایەک دەربڕم"

ئاشکرایە کە هەر ئەم چەند وشەیە تارادەیەکی زۆر پایە بەرزی و رۆشنبیری و ئینسافی زانستی قزلجی دەگەیەنێ.

ئەم چوار زانا گەورەمان لە نێوان سەدان کەس لە شاگردانی مەرحوومی مەولانا قزلجی هەڵبژارد کە بە " فقهای اربعە" مەشهوورن.

ـ شوێنەوارەکانی مەولانا



قـزلّجـی :

مەرحوومی قزلّجی لەسەر زۆربەی کتێبە باوەکانی سەردەمی خۆی نووسراوە و پەراوێزی "مدون"ی واتە لە سەرەتاوە تا دوایی کتێبەکە نووسیوە .هێندێک لەم نووسراوانە ئەمانەن :

پەراوێز لەسەر **تەسریفی مەلا عەلی**، پەراوێز لەسەر **شەرحی مەلا جامی**، پەراوێز لەسەر **سیوطی**،پەراوێز لەسەر **مغنی اللبیب** ،پەراوێز لەسەر **تسهیل ابن مالک** ،کە کتێبێکی گەورە و تەواوە لە نەحودا . پەراوێز لەسەر **کمال شرح شافیە** ،پەراوێز لەسەر **شەرحی رضی** ،پەراوێز لەسەر **شەرحی شمسیە** ، پەراوێز لەسەر **عبد الحکیم** ،کە دژوارترین کتێبی فەلسەفە و مەنتیقە . تعلیقات لەسەر **مطول** ، تعلیقات لەسەر **مختصر** ، پەراوێز لەسەر **مفتاح ـ العلوم** ی سکاکی ، پەراوێز لەسەر **جمع الجوامع** ، پەراوێز لەسەر کتێبی وضوح ، پەراوێز و راست کردنەوە لەسەر دەستە کتێبی **تحفەی ابن حجر** ، کە دژوارترین کتێبی "فقە"ی شافیعی یە ، پەراویز لەسەر **عصام الدین استعارە** ،تعلیقات لەسەر **تەفسیری بیضاوی** ، پەراوێز لەسەر **شرح قاضی** ، پەراوێز لەسەر **حکمەالعین** ، پەراوێز لەسەر **عصام الدین وضع** ، تعلیقات لەسەر **شەرحی قەسیدەی بوردییە** ، تعلیقات لەسەر شەرحی **سبعەی معلقە** ، تعلیقات لەسەر **لامیتە العجم طغرائی**،تعلیقات لەسەر **قەسیدەی لامیە العرب** ، تعلیقات لەسەر **شەرحی قصائد ابن ابی الحدید** ، تعلیقات لەسەر **خمریە ابن الفارض** ، تعلیقات لەسەر **تائیە الکبری ابن الفارض**، تعلیقات لەسەر **قەسیدەی اشکنوائیە** ، تعلیقات لەسەر **مقامات حریری**، تعلیقات لەسەر **قامووسی فیروز آبادی**، تعلیقات لەسەر**عبدالغفور لاری** ،تعلیقات لەسەر **لاری** ، لە حیکمەتدا ، پەراوێز و تعلیقات لەسەر**مختصر قانون**، ی ابن سینا لە طبدا ، راست کردنەوە و پەراوێز لەسەر **ابن الاثیر** لە مێژوودا ، **ابن خلکان** ، **حبیب السیر** ، شەرحی **نخبەالفکر در علم درایەالحدیث** ، پەراوێز لەسەر **شەرحی الفیەعراقی** ، لە علم درایەالحدیث ،راست کردنەوە و پەراوێز لەسەر **بخاری** و **مسلم** ، لە حدیثدا ،تعلیقات لەسەر **رسالەی تشریح الابدان**، تعلیقات لەسەر**اتقان سیوطی**، تعلیقات لەسەر **شفای قاضی عیاض** ، پەراوێز لەسەر **تورات و انجیل** ، تعلیقات لەسەر **پەراوێزی جلال دوانی** لەسەر **شرح تجدید** ، تعلیقات لەسەر **شەرحی عقاید نسقی** ،تعلیقات لەسەر **شەرحی عقائد جلال دوانی**، تعلیقات لەسەر**شەرحی مواقف**، تعلیقات لەسەر **شەرحی تهذیب الکلام**،تعلیقات لەسەر **شەرحی منظومەی شاطبی** ، کتێبێکی گەورە و بەسوودە لە عیلمی قرائت و تجویدی قورئاندا کە لە ئەو پەڕی دیققەت و حەوسەلە دا زۆر بە تەواوی نووسراوە .پەراوێز لەسەر **حفایە علی الکفایە** ، تعلیقات لەسەر کتێبی **رفع الخفاء** ، پەراوێز لەسەر **تشریح الافلاک** ،پەراوێز لەسەر **شەرحی اشکال التاسیس** ، لە هەندەسەدا ، پەراوێز لەسەر **رسالە الحساب** ،پەراوێز لەسەر **شەرحی جلی**، لە عیلمی حساب و جەبردا . پەراوێز لەسەر **شەرحی جواد** لە حیسابی استدلالی و جەبردا ،منظومەی عەرەبی لە **فرائض و مواریث** ، منظومەی عەرەبی لە **تجوید دا**، **مقولات عشر** ،نووسراوەیەک لەمەر چۆنیەتی مناظرە ، شەرحێکی کەم وێنە لەسەر بسم اللە ـ الرحمن الرحیم و زۆر

شوێنەواری بەکەڵکی تر ...

– دوایی –

مەدرەسەی تورجان لە پاش وەفاتی قزڵجی لە ١٢٩٥ی کۆچی مانگی دا چەند ساڵێش لە ژێر چاوەدێری کوڕی گەورەی ئەو "مەلا محمد حەسەن" درێژەی بە کاری خۆی داوە ،مەرحوومی مەلا محمد حەسەن لە هونەری عیلمی و عەمەلیدا پایەیەکی بەرزی بووە بەتایبەت لە فقە و اصول و ئەدەبی عەرەبدا ماموٚستایەکی تەواو بووە و لە ئەدەبی فارسیشدا بەهرەیەکی زۆری بووە .لای هەموو کەس بە " مەلای گەورە " بە ناوبانگ بووە .

تا چەند ساڵێک ئەم کوڕە جێگەی باوکی پڕ کردۆتەوە بەڵام لەوەڕاکە هەر کەماڵەی زەواڵێکی بە شوێندادێ و گوڵ کە پشکووت نۆرەی هەڵبوەرینی دێ ، مەدرەسەی تورجانیش لە پاشی سەرەمێکی دوور و درێژ هات و چۆ و جەلال و شکۆ ،وردە وردە هاتەوە ریزی گوندە لاپەڕەکانی کوردستانی موکری و ئێستا نزیکەی نەوەد و چوار ساڵ بەسەر لەناوچوونی ،مەدرەسەی تورجاندا تێدەپەڕێ .

بەم جۆرە عەللامەی بە ناوبانگ مەلا عەلی قزڵجی بناغەدانەری دارالعلمی تورجان پتر لە چل و پێنج ساڵ لەم مەدەرەسەدا خەریکی بڵاو کردنەوەی عیلم و فەن لە معقول و منقول و ئەدەبدا بووە . ڕەزای خودای لێ بێ و ڕۆحی پاکی بە جەننەت شاد بێ .

ئەو سەرچاوانەی کەڵکم لێ وەرگرتوون :

١ ـ مقالەء استاد احمد ترجانی زادە ـ سالنامۀ فرهنگ مهاباد ـ فروردین ماه ١٣٣٥ .

هەڵبەت بەشێکی زۆری ئەم وتارەم وەرگێڕاوەتەوە و لەم باسەدا کەڵکم لێ وەرگرتووە .

٢ ـ مقالەء آقای محمد مکری ـ دورەء مجلەء یادگار ـ سال پنجم شمارەء ششم و هفتم ـ بهمن ماه سال ١٣٢٧ .

٣ ـ بنەماڵەی زانیاران ـ مەلا عەبدولکەریمی موودەڕڕیس بەغدا ـ ١٩٨٤ ی.ز .

٤ ـ یادی مەردان ـ مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس ـ بەغدا ـ ١٩٨٣ ی. ز

پەراوێز :

(١) ١٧٩٢ ـ ١٨٩٠ ی.ز

(٢) ناوی عەبدولمەجید کوڕی میرزا عەبدولکەریمە و نازناوی شیعری (مەجدی) یە .

(٣) ماموٚستا مەلا عەبدولکەریمی مودەررریسی بیارە لە کتێبی (یادی مەردان) دا دەفەرمێ: حاجی سەید ـ حەسەن لە ساڵی ١٣٢٣ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ،

کە ئەم شیعرەی‌نێو گیوومە بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣٢٣ کە ساڵی کۆچی دوایی ئەو خوا لێ خۆشبووەیە .

ئەمجار ماموٚستا مەلا عەبدولکەریم لە کتێبی (بنەماڵەی زانیاران) دەربارەی ساڵی وەفاتی سەید حەسەن دەفەرمێ : (لە ساڵی ١٣١٢ ی کۆچی دوایی کردووە). لێرە دا بە شاهیدی شیعرەکەی (مجدی) ، ساڵی ١٣٢٣ دەشێ دروستر بێ ،

(١٢٥٥ ـ ١٣٢٣ ی. کۆچی)

(٤) مەلا ئەبووبەکری مصنف (٩٤٠ ـ ١٠١٤ ی .کۆچی).

شیاوی باسە، کە: دوکتۆر محمد موکری و ماموٚستا مەلا عەبدولکەریمی بیارە لە کتێبی یادی مەردان و بنەماڵەی زانیاراندا شەجەرەی سەید حەسەنی جۆری یان نووسیوە تاکوو دەچێتەوە سەر مەلا ئەبووبەکری مصنف.

ماموٚستا مەلا عەبدولکەریم لە لاپەڕەی (٥٠٦)ی بنەماڵەی زانیاراندا دیسان شجرەی‌سەید حەسەن لە زمانی خودی سەید حەسەنەوە دەنووسێ . بەڵام ئەم شەجەرەی دواییە لەگەڵ هی خۆی و هی دوکتۆر موکری یەکتر ناگرێتەوە . دەقی شەجەرەکەی سەید حەسەن لە زمانی خۆیەوە ئەمەیە :

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدلله علی ان من علینا حیث جعلنا بمحض فضله الجمیل و کرمه الجزیل غیر آل انتسب للاولیاء ، و جعل حسبنا بحس لطفه الکامل، و بتوفیقه الشامل اتباع سنه افضل اجدادنا اعز خلق الله الی الله تعالی محمد المصطفی ـ ص ـ .

فانا الفقیر حسن الجوری ، ابن المرحوم السید عبدالقادر، ابن السید ابراهیم ، ابن السیدعبدالرحمن ابن ابراهیم المعروف اولا بمیرزا ابراهیم و ثانیا بملا میرزا ، ابن السید عبدالغفار، ابن السیدابراهیم ابن السید حسن المشهور بالمصنف ، المسکن بابی بکر.

(٥) ١١٩٥ ـ ١٢٨٣ ی. کۆچی .



ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

ئەحمەدی شەنگ

ئەوە سەرێکە من دێشێ ،
دڵێکە منی چەندی لەگری و چەندی لەژانە ،
ئەوە دایکێ ئەحمەدی شەنگ ،
دەچۆوە سەر بورجێکە منەوەر .
دووربینەکە خۆی دەهاویشتەوە .
هەر لە ئێرانە هەتا وەکوو توورانە ،
خەبەرچییان خەبەری خۆیان ،
دە کووچە و محەلی شاری دەگێڕانە .
ئەوە دایکێ ئەحمەدی شەنگ بانگ دێلێ :

ـ ڕۆڵە ئەحمەدە ئەحمەدە گیانە !
ـ ئەتوو نەتزانیوە ئەوڕۆ حەوت ڕۆژە ،
ـ گاڕان و ماڵی تۆیان دەبردەوە بە تالانە .
ـ فەرسەخ بە فەرسەخ ، قۆناخ بە قۆناخ
دەئاژوانە .
ـ سەرکردەی ئەوێ لەشکرێ ،
ـ خانی سەیان گێلان گێسەیانە ،
ئەحمەدی شەنگ بانگ دەکات :
ـ ئەرێ دایە ! چەکان بێننە بەر بێلایە .

ـ سبحەینێ شەڕە دەگەڵ ئەوێ دەعوایە.
ـ خۆ من خەمی ئەوەم نیە،
ـ گاڕانی منیان دەبردەوە بە تالان.
ـ فەرسەخ بە فەرسەخ،
ـ قۆناخ بە قۆناخ دە ئاژوایە.
ـ من خەمی ئەوەمە،
ـ ئەورۆ کە حەوت رۆژە،
ـ سەرێ گاوانی ئەحمەدی شەنگیان دەبڕی.
ـ دەکەوتەوە لە دەشتەکێ لە سەحرایە.
ئەحمەدی شەنگ بانگ دەکاتێ :
ـ وەرە فەرەجێ فەرەج خاتوونە.
ـ لەپێشم رابڕە بەزینە.
ـ لەیلکم لە تەویلە و یەخترمەخانێ بۆ
دەربینە.
ـ زینێکە موڕسەلی لە پشتی بەشە تینە.
ـ جووتێکم دەمانجان بە قەڵپووزی زینی
دابینە.
ـ رمبێ نەزەریم،
ـ لە کەونە رەشماڵێ بۆ دەربینە.
ـ ئەرێ ژنێ ئەتووحەلاڵی منی.
ـ بە دەستێکت بگرەوە رمبێ،
ـ بە دەستی دی رکێفی من دابگری.
ـ ئەوان دووسەت و پەنجا سوارن
ـ سێسەت و پەنجا سواری دیکەشیان
ـ بێتە گەڵێ،
بە حەول و قەوەتی خودای،
بەتەنێیان دەچمێ.
ئەوە ئەحمەدی شەنگ بە توندی بە گوڕی
لە لەیلکێ دەخوڕی :
لەیلک لێی وەزمان دەهات،
دەیگوت : ها خانە خراپ
ـ وەختە بسۆزێ بەردی عەبدولعەزیزی.
ـ ئەتۆ پێت وایە من چ گۆڵە بارگینێکم،
بە نووکی دەفسۆزێ.
ـ کە لەکێ منت دەدڕی،
ـ ئەمن بە پاشوان فڕێم دەدایە گڕی
دە ئاوری.
ـ بە پێشوان خۆم فڕێ دەداوە
بە گوڕی.
ـ رێگای حەوت شەو و حەوت رۆژان،
ـ بە دانێکیم بۆ تۆ دەبڕی.
ـ دەچوومە پێدەشتی خانی،
ـ سەیان گێلان گێسەیان،
ـ ئەوە یەک بە یەک نۆرە بە نۆرە،
ـ لەسەر خوانی زینیت دادەبڕی.
دوویان دەردەچوون،
یەکیان بە خوارزا.
ئەوی دیکەشیان بە بەرپێی
لەیلکێت دەبەخشی.
ئەوە خوارزای ئەحمەدێ شەنگ
بانگ دێلێ هۆی خالە !
وەرە با بە جووتە جووتە سوار بین،
بزانین چیان پێدەکەین بەو حیزانە.
ئەوە ئەحمەدێ شەنگ،
زگی بە خوارزای خۆی دەسۆزا.
پیلی دەگرت و
دەیاویشتەوە پاشکۆیە خۆی.
لە پشتەوەڕا قەرەبینایەکی لە ئەحمەدێ
شەنگ دەداوە.
بەسەر یاڵ و بژی لەیلکێ دا بەردەداوە.
سواری لەیلکێ، تاقانەی دایکێ
دەک دایک لەبۆت نەمێنی،
لەبۆ تاقە سێوەکەی سەرلکێ.
بەجێ دەمای لە وڵاتی غەریبیان بەتەنێ.
ئەحمەدێ شەنگ بانگ دێلێ :
سەرێکە من دێشێ و دلێکە منی
چەندی لەگری و چەندی لە گژی گژی.
ئەوە کێ دیویەتی لە دەورەتی دەزمانان،
خوارزا خالێ خۆ بگوژی.
خوارزا ئەحمەدی شەنگ بانگ دێلێ :
سەرێکە من دێشێ و دلێکە منی
چەندی لەگری و چەندی لە گژی گژی
ئەوە مەرد هەر ئەو مەردەیە،
دوژمنی خۆی بە فێڵ و تەڵەکان.

لە گۆشەی مەیدانێ دا بگوژی.
سواری لەیلکێ تاقانەی دایکی،
دەک دایک لەبۆت نەمێنێ،
لە بۆ تاقە سێوەکەی سەر لکێ.
بەجێ دەمای لە ولاتی غەریبیان بەتەنێ،
ئەوە دەورەی لەیلکێیان دەداوە،
لەیلک یاڵ و بژی دەناوە دەخوێناوێ،
دەورەی لەیلکیان دەداوە.
لەیلک ئەو سەفی رووی تێدەکردن،
خەزای لێ دەکردنەوە تەواوە.
هیندێکان دەیانگوت:
ئەوە ئەحمەدێ شەنگە و هەرگیز نەگوژراوە
لەیلک کەرتی دەکردەوە لغاوە،
دەردەپەڕی،
لە گەلێک جێیان دەڕۆیی بە یورتمە،
لە گەلێک جێیان دەڕۆیی بە سەرراوە.
خەبەری بۆ ماڵە کۆسەوەتمانان دێناوە،
دایکی ئەحمەدێ شەنگ،
دەچۆوە سەر بورجێکە منەوەر،
دووربینەکە خۆی داویشتە لای رۆژئاوایە،
تەمەشای دەکرد.
دوور تۆزو غومارێک دیارە.
دەیگوت سەلاو سەد سەلای گەورەو
گرانم لێ رابوو،
ئەوە ئەحمەدێ شەنگەیان بریندارە،
یا نەگوژراوە.
سواری لەیلکێ، تاقانەی دایکێ،
دەک دایک لەبۆت نەمێنێ!
لە بۆ تاقە سێوەکەی سەر لکێ،
بەجێ دەمایەوە لە ولاتی غەریبیان بەتەنێ،
دایکی ئەحمەدێ شەنگ بانگ دێلێ:
هۆی کاشام ئاغا!
کاشام ئاغای دە ردێن شینە!
ئەتۆ هەروو تۆڵەی ئەحمەدیم لەبۆ بستینە.
ئەو نیازی ئەتۆ لەسەری،
لەکنە من حاسڵ دەبێ،
هەر لەکنە من دەبێتەوە بە یەقینە.

ئەوە کاشام ئاغا بانگ دێلێ:
دە لە پێشم رابرن بەزینە.
لەیلکم لە تەویلە و یەختر مەخانەی
بۆ دەربینە.
زینێکە موسەلی لەپشتی بشەتینە.
جووتێکم دەمانچان
بۆ بە قەلپووزی زینی دابینە.
رمبی نەزەریم
لە کەونە رەشمالان بۆ دەربینە،
بابە ئەی لەبەر کاشام ئاغای
لە گەلێک جێیان دەیکردەوە هەڵلایە،
دەچۆوە پێشێ لە لەشکری
خانی سەیان گێلان گێسەیان.
سێسەت و پەنجا سواری لێ فرێدەدان،
هەر لەوی وایە توورەکێکە لەوی دەکایە.
کاشام ئاغا بانگ دێلێ:
کێ بوو ئەحمەدێ شەنگی دەگوژت؟
خوارزا ئەحمەدێ شەنگ بانگ دێلێ:
هەر ئەمن بووم بە دەستی خۆم،
پشتی خۆم دەشکاند.
هەر ئەمن بووم بە دەستی خۆم،
جەرگی خۆم دەبڕییە.
ئەوە کاشام ئاغا بانگ دێلێ:
ئەمن گوێم گرانن.
گوێم لەوان قسانە نیە.
وەرە پێشێ بزانم جواب و سوالی تۆ چیە؟
دەهاتەوە پێشێ،
قەرەبینایەکی لە خوارزا ئەحمەدێ شەنگ
دەداوە.
دمی دەناوە بە خوێناوی.
دەیگوت ئۆخەی سوکنایی دڵم دەهات،
وەدەزانم ئەحمەدێ شەنگ هەرگیز نەگوژراوە.
سواری لەیلکێ تاقانەی دایکێ،
دەک دایک لەبۆت نەمێنێ!
لە بۆ سێوە سوورەکەی سەر لکێ!
بەجێ دەمای لە ولاتی غەریبیان بەتەنێ!

جوغرافیای شارستانی سەقز

بەشی دووهەم

نووسینی عبدالخالق احمد اغوی قزنە



کانی یەکانی سەقز :

رەجەب ـ کۆنەسەقز
کانی باغ ـ مزگەوتەچکۆلە
کانی باغی خان کانی قوشقانە
کانی هەیاس بەگ ـ کانی
کەلانتەر ـ کانی بەردینە ،کە
لەمەوپێش ئاوی خەڵکی سەقزیان
دابین دەکرد .

بایەکان :

رەوەندی رۆژاوای ، **ئۆقیانووسی گەورە** (لە **میدیتەرانەـ دەریای رەش ـ** ، **ئیسکاندیناوی**) زستانان رەوەندی ئۆقیانووسی گەورە بۆ **ئێران** زۆرگرینگن . ئەم رەوەندانە چ لە**دەریایرەشەوە** چلە **میدیتەرانەوە** چ لە باکووری رۆژاوای **ئیسکاندیناویەوە** تەئسیرێکی زۆر لە ئاو وهەوای زوربەی خاکی ئێران دەکەن، بەتایبەتی بۆکشت وکاڵ زۆر پێویستن. رەوەندەکانی رۆژاوا تا نێوەراستی بەهار بەرەو رۆژهەلات دەبزوون و هاوینان تەقریبەن دەبڕێنەوە .

ئەم رەوەندە شەدارانەلە ئێران لەرەوەندەساردەکانی **سیبری** و نێوەندی **ئاسیا و** باکووری رۆژاوا هەڵدەنگوون و دەبنە هۆی بارینی بەفر و باران چونکە سەرچاوەی بارینی زستانی رۆژاوای ئێران **ئوقیانووسی گەورە** و **دەریای میدیتەرانەن.** رێبازی رەوەندەکە جەنووبیترە . ئەو رەوەندە بەرەو **خەلیجی فارس** دەچێ هێندێک لقی لێ جیا دەبێتەوە ودێتە **ئێران** و دوای ئەمە بەشێکی ئەم رەوەندە بەرەو جەنووب پێچ دەکاتەوە و روو لە **باختەران** دەکا، لەوێ پێی **دەڵێین"بای زەلان "یا "چەپ با "** بەشێکیش لە رۆژاواوە دێتە ئەم هەرێمە بە **"کەللەبا "**مەشهوورە .

شەماڵ :

سەرچاوەی ئەم بایە **میدیتەرانەیە** و لقێکە لەو بایانەی لەسەر **میدیتەرانەوە** بەرەو رۆژهەلات و جەنووبی رۆژهەلات هەڵدەکەن. بای شەماڵ دوای ئەوەی گەیشتە چیاکانی سنوور شان بەشانی کێوەکان لە جنووبی رۆژاواوە روو وە باکوور هەڵدەکشێ و لە سەرانسەری مەڵبەندەکە بەم شوێنەدا دەڕوا .

شەماڵ لە نووچگەی کێوی نەکەرۆز
هێنایە سەقز پەیامی نەورۆز
وتی ئەم جەژنەیکاوە وفەرەیدوون
لە کوردانی پاک پیرۆزبێ پیرۆز

(شێخ نافیعی مەزهەر)

زریان :

رەوەندی ئەم بایەبەپێچەوانەی بای **شەماڵ**، رووی لەباکووری رۆژهەلات ،جەنووب ، جەنووبی رۆژاوایە . بەتەحقیق دەرکەوتووە سەرچاوەی ئەم بایە ئەوشاری هەوایەکە زستانان لە **سیبری** بەدی دێ وئەندازەی دەگاتە ٧٧٥میلی میتر ، چونکە لەم کاتەدا **دەریای خەزەر (قەزوێن،کاسپیەن)** ئەو شاریکی کەمتری لەسەرە رووی تێدەکاو بەرەو جەنووبی

رۆژاوا دەڕوا و ئەمە هەرئەو بایەیەلە تەوریزو زۆرشوێنی ئازەربایجان بایمەەی پـــێ دەڵێن : ئەم جەرەیانە لە دەوروبەری دەریاچەی ورمــێ مەسیرەکەی دەگۆڕێ و لەبـەر زنجیرە چیاکانی سنـوور و چیاکانی کوردستان بەرەجنووب و جەنووبی رۆژاوا بادەداتەوە وناوی دەبێ بە زریـــان.

گیاندارەکــان :

گیانداری وەحشی وزەرندە لەسەقز زۆر کەمەو تەقریبەن نادرە . لەوانەی تا ئێستا کەوی نەبوون وسەربەخۆ دەژین دەتوانین **ورچ و بزنەکێـوی وئاسک وبەراز وکەروێشـک و چەقەڵ وگورک و رێـــوی** ناو بەرین ژمارەیان زۆرە و لە هەموو چییەکی سەقز هەن. **ورچ** دوورە پەرێز وگۆشەگیرە و لە نێو ئەشکەوت و لە دوندی کێوە بەرزەکان دەژی. بـەڵام **بزنەکێوی و ئاسک** زۆرن ولـە هەموو شوێنێکی ئەم مەڵبەندە بە تایبەتی لەبەشی سەرشیـو و دەور و بەری چیای **چل چەمـە** هەن . بەراز زیانی خورۆیە و ملۆزم و ئافەتی باغ ودارو باری ئەم مەڵبەندەیە .

باڵندەی ئەم مەڵبەندە زۆرو جۆربەجۆرن : **پەرەسیلکــە باشوو، کوڕکوڕ، کــەو پەپووسڵێمانکە ، کوندەبـوو چێرگ ،بۆرچین، هەڵۆ ، شوان خەڵەتێنە ، داڵ، قشقەڵـە سێروو، کاسەڵکە شینە، قەل ، کەندەسمە ، سۆنە ، فیسقـــە ریشۆڵی، شەهێن، شمقار ، سەقر زرەکەو ، کۆترەباریکە ،قاژوو گاکۆتر ،جوربۆرە ، باز ،پاساری حاجی لەق لەق ،مریشک ،شیرین شاهۆ ،عەینەمەلە ،مشک گرە....**

گیانداری کەوی : **ئەسـپ وشتر ، مانگا ، بزن، مـەڕ ، گامێش، سەگ، پشیلە ، ......**

خـەزنــدە :

ماری زەرندە زۆر کەمـن تەنیا لە چیا دوورەدەستەکان ئەویش زۆر کەم بەرچـــاو دەکەون ماری ئاو کە بـێ ئازارە ، زۆرە . دووپشکی ئەم مەڵبەندە زەردو زەعیفن و زۆرکەم دیارن.ئەنواعـی حەشەرە و پەپوولەش لـــەم مەڵبەندە هەن .

ژمارەی خێزانەکانی ساڵی ٦٢ بە ئاماری تەخمینـــی بەخشداری سەقـز

تورجان	٤٣٠١	خێزان
تیلەکۆ	٧١٤٦	=
خورخورە	٢٢٤٥	=
سەرشیو	٧٠٧٤	=
کولتەپە	٤٩٠٥٠	=
مەرخوز	١٥٧٤	=
میرەدێ	٩٢٤	=

ئاماری ژمارەی قوتابییەـ کانی ساڵی ٦٣-٦٢ یشارستانی سەقز :(٢)

ژمارەی هەموو قوتابییەکانی ئیبتیدایی ١١٣٠١ کەس

ژمارەی هەموو قوتابییەکانی ئیبتیدایی شاری سەقز ٧٣٧٤ کەس

ژمارەی هەموو قوتابییەکانی ئیبتیدایی گوندەکان ٣٩٢٧ کەس

ژمارەی قوتابییەکانی راهنمایی شار ٢٥١٣ کەس

= = گوند ٩٦ =

ژمارەی مەدرەسەی کوڕانەی شار ٦ دەست



تایبەتە ئینسانییەکان سەقز

نفووسی شارستانی سەقز
١٤١٠٠٠ کەس

نفووسی گوندەکان
٦٠٠٠٠ کەس

نفووسی شاری سەقز
٨١٠٠٠ کەس

ژمارەی مەدرەسەی کچانەی شار
٣ دەست
ژمارەی مەدرەسەی گوندەکانی
شار ٣ دەست
ژمارەی مەدرەسەی شەوانەی
راهنمایی شار ٢ دەست بە
٢١٧ کەس قوتابی یەوە
ژمارەی دەبیرستانەکانی شاری
سەقز ٥ دەست ٢ی کچانە و ٣ ی
کورانە


ژمارەی قوتابی یەکانی
ئیبتیدایی ١٥٤٥٩ کەس
ژمارەی قوتابییەکانی
ئیبتیدایی گوند ٩٧٨٧ کەس
چوار دەستکودەکستانی شار
٧٣٠ کەس
ژمارەی قوتابی یەکانی
راهنمایی شار ٢١٧٤ کەس
ژمارەی مەدرەسەکانی راهنمایی
گوند وشار ١٠ دەست ، ٦ دەست

قوتابی یەکانی هونەرستان
٥٨٣ کەس
قوتابی یەکانی هونەرستان
شەوانە ٢٩٧ کەس.
زمان :
زمانی خەڵکی سەقز کوردی
یە و لەهجەیان نێوەندی یە
ئەم لەهجەیە تایبەتی
جنووبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە
یانی زوربەی کوردەکانی
کوردستانی عێراق لە
رەواندزەوە بۆ جەنووب و
کوردەکانی جەنووبی دەریاچەی
ورمێ لە ئێران ، بەم لەهجەیە
قسە دەکەن لەوە تا زمانی
کوردی لە تورکیا وسووریا
قەدەغە کراوە ، بەهۆی
بووژانەوەی کوردی عێراق ،
لەهجەی نێوەندە بەسەر
لەهجەی شیمالدا زاڵ بووە
و ئێستا لەهجەی ئەدەبی یە.
زمانی کوردی لە ئێران و
عێراق بە ئەلف وبێی عەرەبی
لە سووریا بە ئەلف وبێی
لاتینی ، لە یەکیێتی سوڤیەت
بە ئەلف وبێی رووسی
دەنووسرێ .



شارە و ٤دەستی گوندان
ژمارەی قوتابی یەکانی
دەبیرستانەکانی شار ٣٤١٥ کەس
ژمارەی دەبیرستانە عموومی-
یەکان ٤ دەست .
دەستێک دانیشسەرای موقەدە-
ماتی - دەستێکی خەدەمات

ژمارەی قوتابی دبیرستانەکان
١٣١٠ کەس ، فەننی
و حیرفەیی ٢٦٢ کەس
دەستێک هونەرستان ٢٣٢ گوند
ویسعەتی مەڵبەندەکە ٥١١٠
کیلومیتری چوارگۆشە .
نێوانی دوورترین دێ دەگەڵ
شار ١١٠ کیلومیترە خاوەنی
مەدرەسە .
ژمارەی نوێنەرەکانی ئاموزش
و پەروەرشی هەرسێک بەش
ئاماری نفووسی شارستانی سەقز
و ژمارەی قوتابییەکان و
ژمارەی مەدرەسەکان بەئاماری
ساڵی ١٣٥٨ و ١٣٥٧
نفووسی ناوچەی شارودێ
١١٢/٤٤٦ کەس



پیرەدار

سەلاحی عەرەبی

ئاخر و ئۆخری پایـــزە ، گژە بای توورە وەک دارەوانێ رق هەستاو ملی ناوەتە قوولە و هەرا ، هەرجارە شالاو بـــۆ لایەک دەباو بەچڕنووکی تیژ و دزێوی سەروپرچی دارەکـــان دەڕنێتەوە ؛

هەرگەلایەک بەنا بەدڵـــی خەریکی ماڵ ئاوایی دەگـــەڵ لق و پۆپانە ، تـرساوو ڕەنگ بزرکاولە هێرشی باکەوتۆتـــە لەرزین، وەهالـەرزینێک کـــە هۆی تێدا چـوون و ســـەر هەڵپسانیەتی .

پیرە داری رووت و قووتـــی تەنیای سەرکانی ،بەئارامـــی رادەژێ ! وێنەی قەلافەتـــی چەمیوی لە نێو چاوەی مـــات و بێدەنگدا دیمەنی راستـە ـ قینەی وەرزی زەردی تەمـــەن دەنوێنێ !

خۆڵەمیشی ئاورگی سڕ هــەر تاوە نا تاوێک شینگڵێک لـــە خۆی دەدا و دەبێتە تۆڕ و بە سەر نیگای گەشیکانی دەکشێ و لێڵی دەکا . دەسماڵـــی ناسکی هەورینی ئاسمان تارای ڕەشی رووی هەتاوە !

بەڵام هەرکە بالینگی دایـە ، گەوە و شیرازەی دەستلێـک بەر دەدەن ، تیتۆل وریشاڵی بە هەزار پینە وپـــەڕۆ و تەقەڵان ناچێتەوە سەریەک. سەرلەنوێ خۆربەدی دەکرێ و هەور بۆ هەمیشە ناتوانێ رووەمەتی بشارێتەوە !

هەور دەتوێتەوە و دەبێتـــە فرمێسک و پەنا بـــۆ زەوی دێنێ ....!

بەڵێ داوێنی پاک وزێڕینـــی رۆژ پەڵەی پێوە نامێنـــێ ، ئەو پەڕۆ شینە دەبێتە پەڵەی دڵخۆشی لە زەوی دا .

پایزی ئەو ساڵ هەواڵـــی هاتنی زستانێکی ساردی پێیە ، تەزووی سەرما لەئێستـــاوە پیاو دەتەزێنێ .

هەر وەک هەموو داریـــک پیرەداریش خەریکە مل بنێ لـە خەوێ،وێژینگان دەدا وئێستـا خەو بەباشی سواری ســـەری نەبووە .

زستانان هەتاو هێرش بـــۆ ڕێبواران ناهێنێ هەتا خـــۆ بخەنە بن سێبەری فێنکی و بحەسێنەوە ! ئەوەش دەزانـــێ کە لەو بەری سنووری پایـزو زستاندا وەرزی چرۆ وگـــەڵا خۆی حاشار داوە .

هەر بۆیەش دڵنیا و دڵخۆشە کە ئەو وەرزانەش بنەبـــڕ دەبن وبنەگر نابن !

چەند رۆژێکی دی تێپەڕی دارەکان خەویان لێ کەوت و پیرە داریش هەرواتر .

سەرما یەکجارەکی وڵاتـــی داگرت . زستانەوبێ دەرەتانە.

ڕێبوارەکان تاق وازتیژ بـــە پەنایدا رادەبرن وبـــێ ئەوەی سەرنجی بدەنێ تێپـــەڕ دەبن .

ئەویش چاوی لێیەو لـــە بەحری خەماندا خەم دەخوا .

بەڵام خۆچ دەنگی لـــێ وە نایە ، گەلێکی وای دیـــوە ، سواوە ،ئاخر ئەو هاتن وچوونە هەرکاری ئەوساڵ نیە ...!

خۆی دەزانێ پایـــز و

خەڵک لەترسان دەگەیشتنەبەر دەوەنێکی دەیانبـــری و دەرخواردی سۆبـەیان دەدا .

ئاغای دێ لەگەڵ ئـەوەی سووتەمەنی‌یەکی زۆری داخستبوو تەواوی وڵاتی ئاخنیبوو ،چونکە ئەوەندە چاو برسی وبەتەمـاح بوو ، دەنۆکەرانی راخـــوڕی پیرەداری سەرکانیش ببـڕن و بیهێننەوە ! نۆکەریش بـــێ راوە ستان دەستیان دابیور

ومشار و بەرەو شوێنی دیاری
کراو رێکەوتن .

حوکمی حاکم وەهای تین
دا بوون،خێرا یەکی گەیشتنە سەری،
نێوی خودا و رەسوولانیان
هێنا و قۆڵیان لێ هەڵماڵی
و کەوتنە گیانی ، بەزەبری
هەوەڵین بیور پیرەدار
وەخەبەر هات ...!

تێپەڕینی پایز وزستان و
هاتنی بەهار هەموو خەون و
خەیاڵ بوو!

لەماوەی دووجگەرەکێشاندا
عارەبە وهێنایانەوە .

لەبەر دەروازەی ماڵی ئاغا
بە عەرزیاندا داوهەرئەوێ
رۆژێ هۆرەیان لەخۆی بۆتاشی
و قەڵت وبڕیان کرد .

پیرەداریان لەقولینچکێکی
هۆدەی ئاوردوودا بەلیزە
دانا ، هەتا باش وشک بێ و
ئەگەر هاتوو سووتەمەنی بەشی
نەکرد لەگەڵ ویشکەڵان ببێتە
دەستە چیلەی سۆبە .

بەڵام خودا وراستان ئەوێ
ساڵێ پیرەدار نۆرەی نەهات
و نەسووتێندرا .

بەهار هات و هاوین رۆیی
و گەلا وەرین و دیسان سەرما
گەڕایەوە .

سۆبە خاوێن کرانەوە و
قۆڵیان تێهەڵکێشرا وبوونەوە
سەرما رەتێن و خۆشەویست .

دیسان کوورەی ئاغا نێڵ درا
و وەگرفە کەوت و نۆبەگەیشتە
پیرەدار .

بەڵام هەر ئەودەم دەستیان
لێ نەدا با باشتر بوو!!؟
هەر جارێک ئاوریان بەلاشەی
لەت و پەتیەوە دەنا دەستی
دەکرد بە قرچ وهۆڕ و
ئاورینگی دەدا .

وادەسووتا و پۆلووی لێ
دەکەوتەوە ، کوورە دەبوو
بەدندووکی کەوێ !

گڕ لەنێو قۆڵەکوورە-
دا تەندوورەی دەکرد وچەشنی
کۆڵەکە سەری بەمیچەوە
دەساوی .

هەدای نەداو ئۆقرەی
نەگرت ، زمانی کێشاو بە
کەلەکەی ژنگاوی ودابێژراوی
قۆڵە کوورەدا خۆی لەقامیش
و هەڵاشی هاڵاند ، لەلایەکی
دیکەشەوە سکڵ بەزارکی
خەفەنگدا دەر پەڕی .

سووتمان گەوتە قەڵایە ،
سووتمانێکی هێندە گەورەو
بەسام کەتەلاری لیپاولیپ
لە بێ روحمی و دلڕەقی ،
یانی باشتر بڵێن مەکۆگەی
زۆری تێک تەپاند .



کەلاکیان خست ،قژ ولق و
پۆپیان پەڕاندو بەژنیان
رووتاندەوە و مووورە
موورەیان کرد .

کەڵ دەنگ دران وعارەبەیان
رەکێش کرد ،بەلەقەلەق وجیڕە
جیڕ چوونە سەرمەیتی لەت
و پەتی پیرەدار ، تێی‌رۆهاتن
و خێرا یەکی خستیانە سەربانی



نیە لە مومکینێ ئیمکان خەتا و سەهوی نەبێ
بەغەیری خاجەیی دیوانی (عالم الاسما)

لەم بەشەدا کە زۆریش سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی ڕاکێشاوە دوو مەبەستمان لەبەرچاوە : یەکەم:ئەوەی کە بە هاوکاری هەموو خوێنەرە بەئەمەگەکانمان هەڵەی ژمارەکانی رابردوو راست بکرێتەوە . دووەم: پێشنیاری خوێنەر بە هەموو ئەو کەسانەی کە بۆسروە دەنووسن یا دەیانەوێ بنووسن راگەیەندرێ . لە راستیدا ئەم لاپەڕە دەبێتە هۆی پەیوەندی گرتنی خوێنەرانی سروە و ئەو نووسەرانەی لە دوور و نزیکەوە شت بۆ سروە دەنووسن .

گوندی کیسەڵانی سەقز :
ماموستا مەلامەحموودی ابن الخیاط

پێشتر کتێبی "دوران بی‌خبری" نووسراوی برادەری دڵسۆز "رەشیدیکەیخوسرەوی"م خوێندبۆوە .کاتێک لەسروەی ژمارە ۳ دا جوغرافیای شارستانی سەقزیشم خوێندەوە، دیم لەسەر قەڵای گوندی زێویە و ئەشکەوتی کەرەفتوو و قەپلانتوو (ئاراماییت)،کە هەرسێیان شوێنەواری بەجێماو لەسەردەمی مادەکان بوون و دانیشتوانیان لەیەک نەتەوە بووە ، باسکراوە .بەڵام بەداخەوە هیچ ناوێکیان لە قەڵای سوولاکان نەبردووە . چونکوو خۆم لەو گوندە لە دایک بووم وکەم تاکورتێک لەسەر قەڵاکەی ئاگاداریم هەیە ، ئەوەی دەیزانم دەینووسم . بەوهیوایەی زیاتر بکەوێتە بەرسەرنجی ئەوانەی لەسەر شارستانیەت وجوغرافیا و مێژووی وڵاتەکەمان تەحقیق دەکەن .

گوندیسوولاکان لەپازدە کیلۆمیتری رۆژهەڵاتی زێویە و لەنێوان ئەم گوندە و ئەشکەوتی کەرفتوودا هەڵکەوتووە .قەپلانتوویش دەکەوێتە جنووبی رۆژاوایی سوولاکان . لەسوولاکاندا دوو قەڵاهەیە کەناویان قەڵای سەروو وقەڵای خوارووە .لەنێوان هەردوو قەڵاکەدا دوو گۆڕستان هەیە کەئاسەواری خانووبەرەی رووخاوی تێدا دۆزراوەتەوە . لەنێو ئەو کاولانەدا چەندین جار ئاقیق و لەتکە سواڵەتی نووسراو دۆزراوەتەوە .

هەرچەند تائێستاکاری لە سەر نەکراوە ،بەڵام پێم وایە ئەگەر بەشێوەیەکی ئوسوولی بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە گرینگیەکی کەمتری لە قەڵای زێویە نابێ . قەڵای

ڕەخنە و

سەروو کە شوێنەواری خانوو- بەرەی رووخاوی لێیە بەردێکی زۆر بڵیندە کەبڵیندایییەکەی بیست تا بیست وپێنج میترێک دەبێ و لە نێوەراستیدا هەیوانێک داتاشراوە کەبە پلیکان بۆی سەر دەکەون . لەقەدیمەوە پێی دەڵێن "تاقەجانە"یا "تاقەجوانە"یا "تاقچە" . پیرەپیاوان دەیانگوت ئەم قەڵا وقەڵاکەی زێویە شاری کوردان بوون و لەشەڕ لەگەڵ دراوسێکاندا لە نێو چوون .بەڵام دوورنیە کە قەڵای سوولاکانیش هەروەک ، لە "تاریخی مەرد ۆخ"و"دوران بی‌خبری"دا بۆزێویەنووسراوە بە بوولەرزە لەنێو چووبێ .

پێشنیارێکیشم ئەوەیە،کە لەهەر ژمارەیەکدا باسی یەکێک لە زانایانی ئاینی بکەن تا گۆوارەکە لەیادی زانا ئاینییەکان و دەستوورە بەکەلکەکانی مەزهەبی دوور نەبێ .

دیواندەرە :**کاک سەعید خوسرەو**

مانای وشە سەختەکان لە ژێر هەر مەقالەیەکدا بە زمانێکی ئاسان بنووسن .

ئەگەر دەتوانن فەرهەنگی لوغەتێکی بەکەلک چاپ بکەن.

پێشنیار ٧

دیواندەرە :کاک خەلیلی عبداللهی

وێنەی رەنگی لە تەبیعەتی کوردستان و شوێنەوارە کۆنەکانی ئەم مەڵبەندە لەسروەدا چاپ بکرێ

نەخشەیەکی تەواو لە کوردستانی ئێران کەوەزعی تەبیعی ئەم ناوچە نیشان بدا لە چاپ بدرێ.

فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی هەموو ناوچەکانی کوردستان بڵاوبکرێتەوە

باسی بێهداشت وناوی گژو گیای کوردستان

ناساندنی کتێبە کوردییەکان ونووسەرانی ئەو کتێبانە

ئەگەر لەباری ماڵییەوە تەنگ و چەڵەمەیەکتان لە پێشدایە نرخی گۆوارەکەزیاتر بکەن ، چونکوو نێوەرۆکی پڕبایەخی سروە لەگەڵنرخەکەی رێک ناکەوێ .

پیرانشار : کاک خدری ئیسماعیلی

لەسەر رووداوە گرینگە کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکان، کوردناسەکان ،کوردینووسەکان ، پتر بنووسن و ژیانی تاڵی ئەم گەلە هەژارەزیاتر بخەنە بەرباس .

سەردەشت :کاک ئەحمەدی ئیبراهیمی

١ ـ گۆواری سروە بکرێ بەمانگانە

٢ ـ لەبارەی قورئانی پیرۆزدا لە هەر ژمارەیەکدا شتێک بنووسرێ .

٣ ـ ئەگەر ئیمکانی هەبێ لە هەر ژمارەیەکی سروەدا چەند حەدیسی چاک لە چەند راوی باوەڕپێکراوی ئەهلی سوننەت چاپ بکرێ .

٤ ـ لەبارەی مەسایلی کۆمەڵایەتی دا (جێژن،ئازیەتباری ، ژن بە ژنە ،مارەیی چوونەسەر قەبران ،دەروێش و ...) مەتالبێک بنووسن .

٥ ـ هەواڵدەرێکتان لەناو شارەکوردەکان هەبێ .

گوندیبرایم ئاوای میاندواو :کاک قادر پەروین

ئەگەر دەتوانن بەسەرهات و ژیاننامەی شاعیری مەزن مامۆستا هەژار لەسروەدا بنووسن .

نەغەدە :کاک جەببار خوشناو

شیعری نوێ سەرنجێکی زیاتری بدرێتێ .

عەلیئابادی بۆکان : کاک حەمەدەمینی حەمیدی

چەند لاپەڕێک بۆ لێکدانەوەی گیرو گرفتی گوندنشینەکان و وەزعی ژیانیان دابنێن . لەبارەی بێهداشت و ئاو وبەرق و کشت و کاڵی گوندەکانەوەبنووسرێ.

مەهاباد :کاک یەحیا عەسکەری

لاپەڕێک لەسروە بۆحەدیس و ئایاتێک لە قورئانی پیرۆز دابنێن کە ئۆمەتی موسڵمانی بۆ خوێندن و بارهێنانهان داوە .

باسی مێژوو و کارەساتە مێژووییەکانی کوردستان وەک قەڵای دمدم و دریاز، فەقرەقا ، بیستوون و........ پێویستە .

چۆنیەتی هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان ،ژیاننامەی حەزرەتی محەممەد (دخ) و چۆنیەتی بە خەلافەتگەیشتنی خولەفای راشیدین و ژیاننامەو کردەوەکانیان لەهەر ژمارەیەکی سروەدا چاپ بکرێ .

گوندی داشبەندی بۆکان : کاک سەیدکەماڵی لەتیفی قورمیش

دەبینم کە زۆرتری نێوەرۆکی گۆوارەکە باسی پێشینانە . جاهیوادارم لە مەودوا لەسەر کەندو کۆسپ و گیرو گرفتەکانی ئێستای کوردستان بدوێن .

لاپەڕەی "لەگەڵ شیعری شاعیرانی لاو" زیاتر بکرێ


لەباسی جوغرافیایشارستانی سەقز لاپەڕی ٢٦دا گوتراوە گوندی داشبەند لەشەش کیلۆمیتری میاندواو دایە . داشبەند لەمیاندواودوورترە و پازدەکیلۆمیتر لەبۆکان دوورە .



شاعیرانی کورد

سواره

عەزیزی کەیخوسرەوی



لە تاریکی وشەوەزەنگی سامناک وپڕ مەترسیدا ،کە ئاڵی زاڵی شەو وەک گەڵای داری خەزەڵوەر چەموڵەی کلۆڵی وچارەڕەشی لە خەڵکی وڵاتەکەمان نابوو،ئەستێرەیەکی پڕ تریفە لە ئاسمانی هونەر وئەدەبیاتی کوردەواریدا ئەنگووت.شاعیرێکی خاوەن هەستکە وەک ئەستێرەیەک بە تیشکی جوانی خۆی پەردەی شەوەزەنگی هەڵدڕی و لە زەنوێری زێڕئاژنی سای زرینگانەوەی شەو بە خوڕ زەمزەمەی هەڵبڕی. شیعرە جوانەکانی کە گرمتر لە پڕشنگی تاوی بەهاری و بە تینتر لە روانینی بە تاو تینی زاوا و ناسکتر لە رووومەتی بووکی رەزاسووک بوون،وەکوو شمشاڵی رەشماڵی دۆڵی هەڵدڕی ولە بورجی خاپووری مێژووی ئەدەبدا ،کە بەراستی وەکوو ئاوێنەی جیهان نوما ،نیشاندەری تەواوی خۆشی وتاڵی رابردووی گەلەکەمانە ،پەچەی قورسی نیسیانی لە سەرئەدەبدۆستان لادا ، شنەی نەرمە لاوێنی دەم بای ختە ناوکۆڕی ئەدیبان وئەدەبدۆستان و لەشی نەحەساوەی رێبوارانی لە رێگای دوور و پڕسەخڵەتی بێ پسانەوە وگەڕانەوەی ئەدەبی کوردەواریدا حەساندەوە .

ئەو ئەستێرە گەشە ، شۆڕە سواری مەیدانی ئەدەبی کورد کاک سوارەی ئێلخانی زادەکوڕی ئەحمەدئاغا ،کوڕی حاجی بایز ئاغای کوڕی حاجی ئێلخانی یە کە لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاویدا لە گوندی "تورجان" ی سەر بە ناوچەی بۆکان هاتە سەر دنیا .

کاک سوارە خوێندنی سەرەتایی لە بۆکان دەست پێ کرد ،لە کاتی مێرمنداڵیدا

زۆر بزۆز و وریابوو، بەڵام بەداخەوە لە تەمەنی ١٣-١٤ساڵیدا چەرخی چەوت وچەپگەردی رۆژگار لە گەڵی هاتە کایەوە و هەوەڵین نەیاری خۆی لە ئاستی دەربڕی نەخۆشی شەپلە (فەلەج) پای پڕهێزی کە لە کاتی راو لە چروچیاکانی ولاتەکەیدا، یارمەتی دەرێکی باشی بوو، لە هێزوتەوژم کەوت. ماوەی دووساڵ لەژێر چاوەدێری دوکتۆرێکی ئەڵمانی لە دەرمانگای بۆکاندا بوو.

شەوق و عەلاقەی بە زانست وفێربوون بە رادەیەک بوو، کە لەو ماوەیەدا لە قەرەگوێز لە لای مامۆستا مەلا محەممەد ئەمینی ئەشعەری کوڕی حاجی مەلا دەرسی دەخوێند. دوایەش گەڕاوە شاری بۆکان ولە قوتابخانەی ناوەندی (دبیرستان) وەکوو قوتابی یەکی (مستمع آزاد) وەرگیرا و تا پۆلی پێنجەمی ناوەندی لەوێ خوێندی. چونکوو لەو کاتەدا لە بۆکان کە شارەدێیەک بوو رێگای خوێندنی زیاتر نەبوو، بە ناچار لە باوەشی گەرمی خا و خێزان دوور کەوتەوە وئاوارە و پەریوەی تاران بوو. شاری بەگرمە ودووکەڵ و پڕ لە هاژە و هاڕەی ژیانی ماشێنی و خەڵکی بێ بەش لە نەشە وشنە.

کاک سوارە کە لە بەرتاوی گەرمی بەر دەواری عەشیرەت گۆچ کرابوو، و تەنیا بەجامی ئاوی کانیاوی دێیەکەی کوڵی دڵی پڕزۆخی دادەمرکاو بۆن و بەرامەی سەرسەکۆی کاگڵی ئاوپژاوی نیشتمانی جوانی پێ لە بێنداترین عەترەکانی هەندەران خۆشتر بوو، بەهەر کووچە و شەقامێکی تاراندا کە بە شەلەشەل رادەبرد شەپۆلی خەم و خەفەت بەرە و دڵی دەهات. هەموو ئەو تایبەتمەندی یە جۆراوجۆرانەی ژیان وەکوو پەردەی سینەما لە لاپەڕەی خەیاڵیدا نەخشیان دەبەست وپلەی بەرزیان دەدا بە ئاسەواری بێ خەوش و گەردی ورەنگی سوور و شینیان دەدا بە شیعر و عاتیفەی گەشی. شوێنی ئەم کارتێ کردنەش لە شیعرە بەرزەکانیدا بەتایبەتی لە: **"شار" "خەوەبەردینە" و "کچی بەیان" دا** بەراشکاوی بەرچاو دەکەوێ.

کاک سوارە لە بەر دەستکورتی ونەبوونی بابی لە تاران دەچێتە ماڵی حاجی رەحمان ئاغای مامی وخوێندنی نێوەندی و زانستگا لەریشتەی (حقوق قضایی)دا درێژە دەدا. هەمیشەش ژیانێکی ساکاری بووە و بەدەست ئێشی لاقیەوە ناڵاندوویە.

سوارەی لەش بە بار لە بزووتنەوە سیاسی یەکانی خوێندکارانی زانستگادا بەشداری دەکردو هەربەو بۆنەوە لەلایەن رێژیمی شایەتی ئەوسەردەمەوە گیرا و بۆ ماوەی دووساڵ لە زیندانی قزل‌قەڵا زیندانی کرا. بەوحاڵەشەوە زۆریان جەزرەبە وئازاردا بەڵام بە شاهیدی هاوالانی زیندانی خۆڕاگری یەکی زۆری لە خۆ نیشاندا و ورەی بە زیندانی-یەکانی دیکەش دەدا.

دوای ئەوەش کە دووساڵ لە تاریکە تاراوگەکەدا زەمانی تەریکی تێپەڕاند، بە هیوا بوو بگرمێنێ هەوری بەهاری وگشت بەندی یەکان لەزیندانی بەردینی خارا رەها بن، داخەکەم بە چاوی خۆی نەیدی کە چۆن هەوری رەشپۆشی بە گرمە وناڵە نیازی هەزاران گەزیزەی بە نازی وەدی هێناوئاوپرژێنی کوڵی دڵی پڕزۆخی رۆڵە کوژراوانی گرتە ئەستۆی خۆی.

پاش بەسەر چوونی دەورەی تەریکی درێژەی بە خوێندنی خۆیدا و لیسانسی حقووقی قەزایی وەرگرت. باوەکوو دەیتوانی دەفتەری وەکالەت دابنێ کە کارێکی پڕ داهات بوو، یا خۆ لە دادگوستەری دابمەزرێ، بەڵام لە بەرئەوەی هەستی بەوە دەکرد کە لە هیچ یەک لەوکارانەدا ناتوانێ دەردێکی گەلە چەوساوەکەی دەرمان بکا ولە لای ترەوە شەوقێکی زۆری لە سەر شیعر و ئەدەب و فۆلکلۆری نەتەوایەتی گەلەکەی بوو،

هەر کە پێشنیاری دامەزران لە دەزگای رادیۆی پێ کرا قەبوولی کرد و سەرەڕای ئەوەی نیوەرۆکی بەرنامە رادیۆیی‌یەکانی بە دڵ نەبوو، لە بەشی شیعر وئەدەبدا دەستی بە کار کرد. کاک سوارە بەرنامەیەکی رادیۆیی بە ناوی "تاپۆو بوومەلێڵ" دەنووسی وهەر خۆشی بەڕێوەی دەبرد .لەو بەرنامەدا وەڵامی شاعیران و نووسەرانی لاو و تازەکار و نەناسراوی کوردی دەداوە.بۆ باشترکردنی بەرهەمەکانیان رێنوێنی دەکردن . جگە لە مانەش ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی لەو بەرنامەدا شی دەکردەوە ولە سەریان دەدوا . شاعیر و نووسەرەکوردەکانی ئەو سەردەمە چ لە ئێران و چ لە دەرەوەی وڵات کەلکێکی زۆریان لێ وەردەگرت . دەنگێکی زۆر گیرای بوو،زۆر بەجوانی و رێک و پێکی شیعرەکانی دەخوێندەوە وبەرنامەکانی بەڕێوە دەبرد، هەربۆیەش سەرنجی گوێ گرانی بەرنامەکەی بۆ لای خۆی رادەکێشا .

کاک سوارە هەر لە تافی لاوێتی‌یەوە، لەو کاتەوەکە لە قوتابخانەی ناوەندی دەرسی دەخوێند ، شیعری دەگوت ، ئەو کاتەش کە خوێندکاری زانستگا بوو،هەر وەها سەردەمێک کە لەزیندانی تاغووتدا بوو و دوای ئازاد بوونی لە زیندانیش شیعری داناوە ، کە شیعرەکانی دوایی بە هۆی بەرەو ژوور چوونی پلەی زانست وئەزموونی کۆمەڵایەتی لەباری نیوەرۆکەوە هەتا دەهات قووڵتر و پڕ ماناتر دەبوو و نیشاندەری هەستکردنی شاعیر بە دەرد و ژان و ئازاری کۆمەڵ بوون .



لە هونەری شاعیریدا رێبازی گۆرانی گرتۆتە پێش. شیعری خەیامیشی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی .

کاک سوارەکە زوربەی تەمەنی کورتی ٣٨ساڵەی خۆی بۆ خزمەت بە زمان وئەدەبی کوردی تەرخان کردبوو، لەساڵی ١٣٥٤ی‌هەتاویدا لە نەخۆشخانەی میساقیەی تاران بە نەخۆشی سەرەتان مرد و داخ و کەسەرێکی زۆری بۆ ئەدەب دۆستان و هونەرپەروەرانی کورد بەجێ هێشت .

تەرمی پیرۆزی لە ناوچەی بۆکان بەخاک سپێردا،سەدبریا مابا و سروەی بەهاری ئازادی گەڵەکەمانی بەچاوی خۆی دیبا .

جگە لە کۆمەڵە شریتی بەرنامەی "تاپۆو بوومەلێڵ" ئەم ئەسەرانەیشی لێ بەجێ ماوە :

١ـ خەوە بەردینە

٢ـ قەل و هەڵۆ : وەرگێڕاوی "عقاب" کە شیعری "پوشکین" ە و دوکتۆر پەرویزی ناتیل خانلەری کردوویە بە فارسی.

٣ـ بانگەوازی پەنجەرە

٤ـ تۆ دەریامی

٥ـ کچی بەیان

٦ـ شار

٧ـ دیمەنی بەفروزستان

٨ـ مردوو ـ وەرگێڕاوی شیعری پیترۆس دوریان شاعیری هەرمەنی لە فارسی‌یەوە بۆ کوردی

٩ـ هەوارە


١٠ـ خێڵی درو

١١ـ چەند پەخشانی وەک : داستانی چەکوش وەشێنی رۆڵە کوژراو ٢٠٠ لاپەڕە

ـ داستانی لاس و خەزاڵ ٢٠٠ لاپەڕە

ـ داستانی ئافرەت ١٠٠ لاپەڕە

ـ لێکۆڵینەوە لە سەربەیتی برایمۆک و سەیدەوان کە



هیوادارم هەموئەوئاسەوارانە کۆبکرێنەوە و لە چاپ بدرێن، کە خزمەتێکی زۆر بەرزە بە ئەدەبیات و کەلەپووری نەتەوەکەمان .

«شار»

گوڵم !
دڵم پڕە لە دەرد وکوڵ ،
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت .
ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دێیەکەم ،
عیلاجی کەم کوڵیدڵی پڕم ، لـــــــە دەردی
ئینتیزارە کەت .
وەڕەز بوو گیانی من،لە شاروهاڕە هاڕی ئەو ،
لە رۆژی چڵکنی نەخۆش و تاو ویاوی شەو ،
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت ،
لەشاری چاو لەبەر چرای نیگۆن شەوارەکەت ،
یڕۆمە دێ ،کە مانگە شەو بزێتە ناو بزەم ،
چلۆن بژیم لە شارەکەت ،
کە پڕبە دڵ دژی گزەم ؟
لەشارەکەت ،...
مەلی ئەوین غەوارەیە .
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم ،
ئەوەی کە تێل و تان و رایەڵە ،
کەلەپچەیە ،
لە شارەکەت کەمەندی دووکـــەڵە
کە دێتە دەر لەماڵی دەوڵەمەند ،
وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتەبەند .
لەهەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینـــــــە
دێ بەرەو دڵم ،
دەستی گەرمی ئاشنا نیە کە ئەیگوشم ،
دەستی چێوییە .
لە شارەکەت زەلیلە شێر ، گوڵم
باوی رێوییە ،
بە هەر نیگایەک و پەتایەکا
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت ، گوڵم
ئەڵێم بروم لە شارەکەت ،
گوڵم ،هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن ئەبێتە جاڕە گوڵ
لە شاری تۆ ، لە بانی عەڕشە قۆندەرەی دراو
شارەکەت ـ
ئاسکە جوانەکەم !
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو .
کێ لە شاری قاتڵی هەژار ،
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ ؟
منێ کە گۆشی تاوی گەرمی بەر دەوارەکـــــەی
عەشیرەتم ،
بەدارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت ،
رانەهاتووە لەشم .
بناری پڕ بەهاری دێ
رەنگی سوور و شین ئەدا
لەشیعر و عاتیفەی گەشم
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم ،
ئەڵێم
بڕۆم
لەشارەکەت

بەداخەوە تائێستاش جگە لە فەرهەنگی خاڵ فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی دیکەمان لە دەستدا نیە ، بەڵام ئەو فەرهەنگەش بێ کەم و کووڕی نیە ، ئێمە لەگەڵ ڕێز و سپاس بۆ ماموستا شێخ محەممەدی خاڵ ئەوە ڕەخنەی کاک تاهای فەیزی زادەمان چاپ کردو چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پتری زانایانی کوردین ، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا ئەو کەسانەی کە زۆر بە تاسەی نووسینی فەرهەنگێکی تەواوی کوردی بە کوردی یەوەن کەلکی لێ وەربگرن ، کەسانێکیش کە ڕەخنەی بەجێیان لەسەر ئەم وتارە هەبێ بۆ خزمەت بە وشەی کوردی بە سپاسەوە بۆیان چاپ دەکەین .

تاها فەیزی زادە :

ڕەخنە لەسەر

فەرهەنگی خاڵ

فەرهەنگی خاڵ تاقە قامووسێکی کوردی بە کوردی تەواوە کە تا ئێستا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەڵبەت لە لایەن زانایانی دیکەوە بە شێوەی زانستی بۆ نووسینی قامووسی زمانی کوردی هەوڵ دراوە کە بەداخەوە ئەم ئەرکە گرینگەیان بۆ تەواو نەکراوە.

گرینگترینی ئەم هەوڵدانانە لە لایەن ماموستای بێ سەروشوێن ع.ئ.زەبیحی‌یەوە دراوە کە جگە لە دوو بەرگی "ئ" و "ب ـ بەینەت"ی چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە. کەوابێ ، فەرهەنگی خاڵ تا ئێستاش هەر تاقانەیە.

بەڵام بەداخەوە تاقانەیەکی ساوای بێهێزی پڕ کەم و کووڕی یە.هەرکات ویستبێتم پەنای بۆ بەرم یارمەتی نەداوم و گرێ پووچکەیەکی بۆ یەکالا نەکردووم. لە مانا لێکدانەوەی وشەکانی دڵم ئاوی نەخواردۆتەوە و شیکردنەوەی زاراوەکانی بە دڵمەوە نەنووساوە،کەوابوو پشتم پێی نەبەستووە، ڕەنگ بێ زۆر کەسی دیکەش وەک من وابن.

مەبەستم لە نووسینی ئەم وتارە ئەوەیە کە ئەو زانا و بەتایبەتی لاوە تامەزرۆیانەی کەدەزانم خەریکی دانانی قامووسی کوردین تووشی ئەم هەڵانە نەبنەوە و قامووسێکی ڕێک و پێک و زانستی پێشکێش بە نەتەوەکەمان بکەن. جا ئەوە لێرەدا بەکورتی بەڵام بە وردی لەسەر کەم وکووڕیەکانی " فەرهەنگی خاڵ " دەڕۆم و دەدوێم ، بەو هیوایەی کە جێگای سەرنج و کەلک وەرگرتن بێ :

١ـ ئەو وشانەی کە فەرهەنگی خاڵ " گرتوونی دەکرێ بە دوو بەشیان دابەش بکەین :

یەکەم: ئەو وشانەی کە کوردین و ناچنەوە سەر زمانەکانی تر، ئەو وشانە زوربەی وشەکانی فەرهەنگی خاڵیان پێک هێناوە، دەبا ماموستا شێخ محەممەدی خاڵ لەکاری خۆیدا بۆ هەر وشەیەک کە بەرانبەر " معادل"ی لە زمانەکانی ئاوێستایی و پەهلەویدا ماوەتەوە، ریشە ئەسڵی‌یەکانی دەست نیشان بکا و بەدوای ئەوەشدا چۆنیەتی خوێندنەوە " تلفظ" یانی نووسیبا ، یا هەرنەبێ بەرانبەرەکانی ئاوێستایی و پەهلەوی‌یەکانی بێنێ ، بۆ وێنە لەو هەموو وشە ڕەسەنە کوردی‌یانە تەنیا وشەیەک دەنووسم کە ببێتە

هەوێن بۆ وشەکانی دیکە :

بۆ **"ئاشتی"** لە فەرهەنگی خاڵ ، جزمی یەکەم، چاپی یەکەم،لاپەڕەی ٥٠"دا هەر ئەوەندە نووسراوە :

(ئاشتی) رێکیودۆستایەتی.

دەبا نووسرابا :

(ئاشتی)= (ئاویستایییەکەی ئاخشتی ، پەهلەوییەکەی : ئاشتیە).

جا ئەودەم ماناکەی نووسرابا ، کە ئەویش تەواو نیە .

دووەم: وشەکانی لاوەکی : کە کوردی نین و ماکی زمانی تریان هەیە و تێکەڵ بە زمانی کوردی بوون، زوربەی ئەو وشانە فارسی،عەرەبی ، تورکی ، ئینگلیسی یا فەڕانسەوین،ئەو وشانە لە زمانی کوردیدا بەپێی داب و دەستووری زمانەکەمان سواون، هەڵشێلدراون و تەحریف کراون و بەکورتی گۆڕاون، دەبا مامۆستا خاڵ بە دوای ئەو وشە خواستراوانەدا ئیملای وشەکان بهێنێ و دوایەش چۆنیەتی خوێندنەوە ـ یان بنووسێ و بفەرمێ لە کام زمان را وەرگیراون ولەباری دەستووریەوەچن،(ناو ،سیفەتە " ئاوەڵناو" ،قەید"ئاوەڵ کار" فیعل " کار" یا ...."ن.

ئەوا هێندێک لە وشە **فارسی، عەرەبی،تورکی ، ئینگلیسی، و فەڕانسەوییەکا ـ** نی نێو فەرهەنگی خاڵ دەخەمە بەرچاو و لە هەرکامیان تەنیا وشەیەک هەڵدەبژێرم و چۆنیەتی نووسینی لە قاموسی زمانی کوردیدا رادەگەیەنم.

" هێندێک لە وشە **فارسی ـ** یەکان : " ئاموشۆ، ئاسوودە ، ئاشووب ، باوەجۆ، بافت ،باز ، بەردار ، بەرپا ،بێدار ،برادەر جا ، چابوک ، وەشەی " چابوک، هەڵدەبژێرین کە دەبوو پێش لەوەی ماناکەی لێ بدرێتەوە ئەم روون کردنەوەی لەسەر بنووسرێ :

(چابوک)= (فارسی " چابک " ، ئاوەڵناو)

هێندێک لە وشە **عەرەبی ـ** یەکان : " عال ، ئالف ، عار ، ئارەق ، ئاخر، عازەبە ئازیز ، بەلا، بەنا ، بەقال" وشەیەکی هەڵبژاردە : (ئارەق)، کە ئەم روون کردنەوەی دەویست :

(ئارەق) = (عەرەبی " عرق " ، ناو)

هێندێک لە وشە **تورکی ـ** یەکان : " ئاغزە، چەتە ، چەخماخ، دەمار، قاچاخ ، وشەیەکی هەڵبژاردە :(قاچاخ)

(قاچاخ)= (تورکی (وەرگیراو لە مەسدەر " چاوگ "ی قاچماخ یا قاچمق ، ناو)

هێندێک لە وشە**ئینگلیسی** ـ یەکان : بومبا bomb ، جانفاس = canvas ، چاکەت= jacket، چیمەنتۆ = cement ، چینکۆ = zinc ، دۆمینە = dominoes ، گالۆش = galoshes ، ئاوەنووس = (عەبەنووس) ebony وشەیەکی هەڵبژاردە : (بۆمبا)

(بۆمبا)= (ئینگلیسی ولە ئەسلدا فەڕانسەوییە bomb) چۆنیەتی خوێندنەوەی بۆمب یا بامب ، ناو).

هێندێک لە وشە **فەڕانسەوی** ـ یەکان : " بالۆن= le ballon چەک " le chéque

وشەیەکی هەڵبژاردە:(چەک)

(چەک)= (فەڕانسەوی = le chéque، چێک ، ناو)

٢ ـ مامۆستا لە سەرەتای فەرهەنگەکەیدا جزمی یەکەم، چاپی یەکەم،١٣٧٩ ی مانگی ، لاپەری ٣٨) ، بەڵێنی داوە کە وشە و زاراوەی شێوە (لەهجە)ی بادینانی ، زازا، ئەردەلانی و موکری و چەند بن لەهجەی تریش لە فەرهەنگ (قاموس)ی خۆی بخا و بۆ ئەوەی دەبێ ناوی فەرهەنگەکەی ببێ بە " فەرهەنگی زمانی کوردی" بەڵام لەوانە کەمی کەلک وەرگرتووە و زوربەی وشە و زاراوەکان هەر دەچنەوە سەر لەهجەی شاری سولێمانی کە زێدی خۆیەتی، تازە گومان لەوەش دەکرێ کە هەموو وشەکانی ئەو لەهجەی گرتبێ.

٣ ـ دەبا مامۆستا خاڵ پاش لێکدانەوەی مانای وشە و زاراوەکان چەند نموونەیە کیشی لە رستە و شیعر و

مەتەڵ و گۆرانی وبەیت و چیرۆک و... وەک شایەد (شاهید) بۆ هێناباوە، ئەم چەشنە نموونە و شایەدانە دەبنە هۆی زیاتر روون بوونەوەی مانای وشەکان، بۆ نموونە وشەی (قەت) لەو فەرهەنگە دەخەینە بەرچاو، کە دەبوو بەم جۆرە مانای لێ بدرێتەوە

(قەت) = (عەرەبی (قط قەیدی زەمان) واتە هەرگیز، دژەکەی دەبێتە هەمیشە، تەئکیدەکەی قەت‌قەت ، لە رستەی مەنفی و پرسیاریدا بەکار دەبرێ ، لە لەهجەی شیمالدا کورتتر کراوەتەوە بۆتە قە، نموونە: قەتت دیوە وشتر بۆ گێرە ببەن ؟ قەت نابێ روو لە کاری چاک وەرگێرین .

قەت وا دەبێ خاکی دەری تۆ
تاجی سەرم بێ
ئەو دەوڵەتە بۆ من نیە، ئەی
خاک بەسەری من
" وەفایی"

لەو دەمەی مەستی سوراحی
چاوی دلدارە ئەدەب
قەت نەکەن باوەڕ بڵێن یەک
لەحظە وشیارە ئەدەب
(ئەدەب)

تا دەس لە مل هیوانەکەم
شەرطە نەنیشم قەت بەتاڵ
(سروودی نوێ بو قوتابیان)
زێوەر، ل ١١

ئەڵبەت جگە لەمانەش دەتوانین نموونەی زۆری دیکە بێنینەوە ،لێرەدا تەنیا لەنێو ئەو شیعرانەدا کەپێش لە ساڵی ١٩٦٠ـ ساڵی لە چاپ دەرچوونی جزمی یەکەمی فەرهەنگی خاڵ ـ چەند شیعرێکم هەڵبژاردووە .

٤ ـ دەبا مامۆستا خاڵ بەشە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو (کلمات مرکب) بە نیشانەی(+) لێک جوێ بکاتەوە .ئەو کارە کارێکی زۆر باشە بۆ زووتر و پتر تێگەیشتنی مانای وشەکان. لێرەدا بۆ وێنە مەسدەر (چاوگ)ێک و ناوێکی لێکدراو (مرکب) لە "فەرهەنگی خاڵ " هەڵدەبژێرین و بەو شێوەی کە لە سەرەوە باسمان کرد ،لێکیان دەکەینەوە ، تا بزانین چەندە زوو ماناکەیان دەقۆزینەوە و چۆن بە بەربڵاوی تێیان دەگەین :

(زەنگاڵ)=ناوی لێکدراو (مرکب) = زەنگ + ئاڵ) زەنگ لە زمانی پەهلەویدا بەمانای " پووز و بەلەک "ە و ئێستاش لە کوردیدا ماوەتەوە (بڕواننە فەرهەنگی پەهلەوی.ل ٩٥و٠، دوکتۆر فەرەوەشی) ، ئاڵ پاشبەندی تەشبیە (وێکچوون) و نیسبەت (چوونەوەپاڵ)ە ،(بڕواننە قامووسی زمانی کوردی ع. ئ . زەبیحی) ، ماناکەی : شتێک کە دەچێتە سەر بەلەک و تێی دەهاڵێ یا کورتتر: شتێک کە بە بەلەک وەردەپێچرێ، بەلەک پێچ .

(تێک بەربوون)= (چاوگی تێکەڵ = تێک + بەر+ بوون = تێ + ئک + بەر+ بوون = دە + یەک + بەر + بوون) حاڵی چەند کەس (یا چەند گیان لەبەر) کە بە گژی یەکتردا بچن .

٥ ـ مامۆستا خاڵ دەبا بەدوای هەر مەسدەر (چاوگ) ێکدا نووسیبای کە تێپەڕ (متعدی)ە یا تێنەپەڕ (لازم) .

ئەم کارە پێویستە لەبەر ئەوە کە کار (فعل)ەکان سەرچاوەکەیان مەسدەر (چاوگ) ـە و ئەوانیش بە گوێرەی تێپەڕی و تێنەپەڕی مەسدەرەـ کەیان هەروایان بەسەر دێ. دەزانین کە تێپەڕ ،کار (فعل) ـێکە جگە لە فاعیل پێداویستی بە مەفعوولیش هەیە ، بەلام بە پێچەوانە تێنەپەڕ کارێکە هەر پێداویستی بە فاعیل هەیە ، بۆ وێنە چاوگێک لەهەر کامیان لە فەرهەنگەکەدا هەڵدەبژێرین و چۆنیەتی نووسینیان لە قامووسدا بەرچاو دەخەین :

" **خواردن**" =(چاوگ ، سادە ، تێپەڕ) .

" **رۆیشتن**"= (چاوگ ، سادە ، تێنەپەڕ)

زۆر وشەی لاوەکی هەن کەلە زمانی کوردیدا لێک و لووس و تەحریف کراون ، مامۆستا خاڵ ئەوانەی لەگەڵ وشەی رەسەن و خۆماڵی هاو(شکڵ) هەر بە

یەک ماک هێناون و لەجێی
مانای حەقیقی دایمەزراندوون
کە نابێ وا دامەزرێن.

٦ـ وشەی واهەیە چەند مانادەدا. مانایەکیان کە پڕبە پێستی وشەکەیە،مانای حەقیقی یە وئەوانەی کە لێی دوورترن **مانای مەجازی** وشەکەن،دیارە مانادوورەکان بە گوێرەی رادەی دووری و نزیکی رێک وریز دەکرێن. **مانای حەقیقی** ژمارەی یەکی دەدرێتێ وبەدوای ئەودا ژمارەی ٢،٣.... بۆ مانا مەجازی یەکان دادەنرێ. ئەم ئەسلەی نەزمی نوێی قاموس‌نووسی لە"فەرهەنگی خاڵ"دا رەچاونەکراوە.

بۆوێنە بۆ وشەی **بۆن کردن** کە"فەرهەنگی خاڵ" نەیشیگرتووە.دەبووبنووسرێ:

(بۆن کردن)= چاوگی تێکەڵ = بۆن + کردن.

١ـ هەست کردن بە بۆن ـ کەپۆی گیراوەوبۆن ناکا ٢ـ پەیدابوونی بۆنی ناخۆش لە هێندێک شت کەزۆر بمێنێتەوە. ئەو ئاوە هێندە ماوەتەوە بۆنی کردووە.٣ـ(مجازی)تۆزێک ئاگاداربوون لە کارێکی نهێنی ـ کابرا هێندە بەم دەورووبەرانەدا دێ و دەڕوا، دەڵێی بۆنی شتێکی کردووە. ٤ـ وەبەر لووت دانی شتێک بۆ ئەوەی بزاندرێ بۆنی لێ دێ یا نا؟بۆن پێوەکردن (بەکەلک وەرگرتن لەقاموسی زەبیحی)

٧ـ لە نەزمی نوێی قاموس‌نووسی دا ئەو وشانەی کە لە نووسیندا وەک یەکن بەڵام هەریەکە مانایەکیان هەیە (کلمات متشابه=) بە دوای یەکدا دەنووسرێن و ژمارەی ١،٢.... یان لە پێشەوە بۆدادەنرێ. بۆ وێنە وشەی "دان" هەڵدەبژێرین و شێوەی نووسینەکەی دەست نیشان دەکەین:

١ـ (دان)=(ناو،ناوی سادە) واتە ددان

٢ـ (دان)=(ناو،ناوی سادە) واتە دانەوێڵەیەک کە دەردێ بە باڵندە.

٣ـ (دان)=(چاوگ،چاوگی تێپەڕ) واتە بەخشینی شتێک بە کەسێکی تر.

٤ـ (دان)=(پاشگری مەکان) وەک گوڵ+ دان = گوڵدان.

٥ـ (دان)= بەمانای وەخت وزەمان ـ دانی پێش نیوەڕۆ یانی لە کاتی پێش نیوەڕۆدا.

٨ـ ماموستا خاڵ بۆ هەر وشەیەکی دیاری کراو ، لە فەرهەنگەکەیدا وشەی دژمانا (متقابل یا متضاد) کەشی هێناباوە،بەم کارە رێگای زووتر و پتر تێگەیشتن ، بۆ خەڵک خۆشتر دەکرد. وەک وشەکانی.

سەرما ≠ گەرما

لەبار ≠ نالەبار

جوان ≠ دزێو

(بڕوانە: ج٢ و ٣ فـخ)

٩ـ ماموستاخاڵ دەبا بە دوای نووسینی هەرچاوگێکدا ریشەی کار(ریشەی فعل)یشی نووسیبا نووسینی ریشەی کار لە قاموس‌نووسی ئەورۆدا کارێکی پێویستە وکێروگرفتێکی زۆرمان بۆ وەلادەبا.

ئەوا وێنەیەک لەفەرهەنگە ـ کە بەرچاو دەخەین و چۆنیەتی پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنە رادەگەیەنین.

(کوتان) =(چاوگی تێپەڕ، ریشەی کار: کوت).

(بزمار+ کوت)= **بزمارکوت**

کوت + راو = **کوتراو**

کوت + ئەک = **کوتەک**

کوت + و + پڕ=**کوت و پڕ**

دواقسەم ئەوەیە: کە قاموس‌نووسی ئەورۆ بۆتە زانست و وەک زانستەکانی دیکە بەرەوپێش دەڕوا،پتەوتر و بەربڵاوتر دەبێ. بێخەوش و غەورترین و لەبارترین قاموسی ئەورۆ،بەپێی داب و دەستووری قاموس‌نووسی دواڕۆژ ، پێداویستی بە پێداچوونەوە، بژارکردن و وەسەرخستن هەیە، کەوابوو نەک هەرئەم فەرهەنگەبەڵکوو فەرهەنگی فارسی" معین"یش بەپێی ئەم نەزمە زانستیەی ئەورۆ،کەم وکووڕی تێدایە بۆوێنە ، بەرامبەرە لاوەکیەکان (معادل خارجی) و ریشەی کاری تێدانیە،بۆخۆشی هەستی بەم کەمیە کردووە و

تازە گەیشتبوومە ئیدارە جگەرەیەکم داگیرساندبوو و مژلە سەر مژم لێ ئەدا، دەرگای دیوەکە کرایەوە پیرە پیاوێکی کۆم بووەی کورتە بالا وەژوور کەوت و راستەوخۆ بەرە و میزەکەم هات و بێ سێ و دوو گوتی:

– ئەرێ قوروان دەرمان بۆ ولاغ و چتی وا ئەگرائەنووسن؟ سەلام و بەخێرهاتنم کرد. لەسەر کورسیەک دانیشت. بێ ئەوەی چاوەڕوانی ولامی پرسیارەکەی بێ خێرا دار جگەرەیەکی درێژی لە بەر پشتێندەکەی دەرهێنا و بە لێوە چرچەکانیەوە گرت، جگەرەیەکی قەلەوی دەست پێچی داگیرساندو مژێکی توندی لێدا و، دووکەلەکەی بە کونە لووتیدا هاتە دەر باشکە سەرنجم دایە وەبیرم هاتەوە، جارێکیان لە دێیەکی ئەو دەورو بەرانە دیتبووم و بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕابوومەوە.

– بەلێ مامە، لێرە دەرمان ئەدەن بۆ چیت دەویست؟

– وەلا قوروان مانگایەکی زەردمان هەس، نۆ رۆژ رەبەقە نەخۆشە و قرتەی نەکردیە.

– باشە مامەگیان چیەتی؟

بەواق وڕ مانێکەوە سەیری کردم، سەری راوەشاند و گوتی:

– بەخوا سەیرە جائەگەر بمزانیایێ چیەسی لای جەنابتان بۆ ئەهاتم قوروان؟

گوتم:

– مامەگیان زوێر مەبە مەبەستم لەو پرسیارەئەوەیە چۆنیەتی حالی بزانم، بزانم ئایا ئەلەوەرێ کاوێژ ئەکا؟

– قوروان پێم واسە تێ نەگەیشتبی، بڕوابکە خۆم نەئەفیرێنم و نەبیلاتەشبیە بۆنێشی گوڕیاوە. بۆ مانگاە زەرد هاتیم، مانگا زەرد.

وریا گوتی:

تێ ئەگەم مامەگیان ئەوەی



ئەفیرێنێ؟ بۆنی شیاکەی دێ یا ...؟

قسەکەی پێ بڕیم بە ئالۆزیەکەوە گوتی:

– حەی – حەی جا تۆ خوا ئەمە قسەیە قوروان؟ بزا لەم ئاخر پیریەوە بۆنی شیاکەیشم پێ ناکەن و لە ناودێکەدا نامکەنەوە پەن؟

وریا مەودای قسەی پێنەدام لێوی کرۆشت و دەفتەرەکەی گردەوە و، رووی کردە کابرا و گوتی:

ناوت چیە؟

– قوروان مانگازەردی پێ ئێژین، ناوی مانگازەردە.

وریا بزەیەکی هاتێ و گوتی:

– کاکە گیان ناوی خۆت ئەلێم، ناوی خۆت چیە؟

کابرا بە ئەسپایی لەسەر کورسیەکە هەستا و چووە پێشەوە ودەمی بردە پەنا گوێی وریا و گوتی:

بە هۆی ولاغ و ئاژەلەوە دێتە ئەم ئیدارەیە پێویستە ناوی لەم دەفتەرەیا بنووسرێ ئێستا پێم بلێ بزانم ناوت چیە؟

– ئائێستا تێ گەیشتم قوروان، پیریەو گوێ گرانی. بنووسە، حەمەی نۆکەرت.

– ناوی فامیل؟

– بەلێ؟!

– ناوی فامیلت ئەلێم حەمەی چیتپێ ئەلێن؟

– وەللاهی بەم پرسیارانە مانگازەرد هیچ، ناوی خواشتان لەبیر بردمەوە.

حەمەی خولە قنجەم پێ ئێژن هەر بەناو باوکیشمەوە شۆرەتی قنجەیان بۆ دەر هاوردیین.

وریا دوای نووسینی فامیلەکەی قەلەمەکەی لەسەر دەفتەرەکە دانا و رووی کردە کابرا و گوتی:

- گوێ بگرە مامەگیان ئێمە نە ئەتکەین بە پەن نە بەو پرسیارانەش ناوی خودات لە بیر ئەبەینەوە، تەنیا ئەمانەوێ جۆری نەخۆشینەکەیمان بۆ دەر کەوێ بەستەزمانە کەوتوویتە بیر دەوا ودەرمان پێم وایە ئەگەر ناساغی یەکەیشی شتێکی ئەوتۆ نەبووبێ ئەم دێر فریا کەوتنەت دەردەکەی لێ گرا نتر کردووە خۆت باشتر ئەزانی ،هەموو



گیانەوەری ، وەکوو ئادەمیزاد هەست بە ئێش و ئازار ئەکا .

کەی خوا هەڵ ئەگرێ ئەو بێ زمانە نۆ رۆژ بەو دەردەوە بتلێتەوە ؟

کابرا ئەنگوستە ئەستوورە قەڵە شاوەگەی لە کونەلووتی دەرهێنا و بە پشتێنە چڵکنەکەی سڕی و گوتی :

- باس و خواسی قەبر نەما لێتان کردم ! راستیت ناوێ ئێمە و مانان ئەونەباوەڕمان بە دەوا و دەرمان وشتی وانیە و خۆی ناتوانێ بلێ کوێم ئێشێ .

خالید کە تا ئەوکاتە بێ دەنگ بوو، چاویلکەکەی بزاوت و گوتی :

- بۆ خێرا فریای نەکەوتی و دوای تێپەڕ بوونی نۆ رۆژ بەسەر ناساغی مانگا کەتا ئەوسا حاجی شێخ حسەین قەوری پڕ نوور بێ بەهرەی بوو. وڵاغ و ئاژەڵ تەنانەت خۆشمان نەخۆش بکەوتایەین دەرمانە بخۆمانەی پێ ئەدایەن و نووشتەی بۆ ئەنووسین .

جائەگەر رەزای خوای لەسەر بوایە خاس ئەبووینەوە.

بروانە ل ٧٧

ئێمە و خوێنەر

مەهاباد :**کاک سیامەندی فتووحی**

رەخنەکانت بە تایبەتی لە سەر هەڵەی چاپ لە "ناڵەی منداڵ"دا زۆر بە جێ بوون .داوای لێ بووردن لە ئێوە ولە هەموو خوێنەرانی سروە دەکەین.ویستیشمان بە چاپکردنی نووسراوەکەت پێت بسەلمێنین کە هەر نووسراوەیەک باش وبە نرخ بێ چاپ دەکرێ جا هەر کەس نووسیبێتی .

• بۆکان:**کاک خوسرەوی میر موکری**

بەشێک لە پێشنیارەکانت تائێستا جێ بە جێ کراوە . بەو هیوایین ئەوانی دیکەش لە داهاتوویەکی نزیکدا جێ بەجێ بن .

براگیان نەک هەر پێمان ناخۆش نابێ ،بەڵکوو زۆریشمان پێ خۆشەلاوەکانمان پێ بگەن و رەخنەمان لێ بگرن .

ئەمریکا :**کاک بەختیار دەرگەلەیی**

نامەکەت گەیشت .رەخنە و پێشنیارەکانت بە جین . هیوادارین ئەوەندەی بۆمان بلوێ داخوازەکانت جێ بەجێ بکەین .

• گوندی شێخانی ناوچەی شنۆ :**کاک حاسڵ قادری**

یەکەم نامەتان بە دەستمان نەگەیشتووە .سپاست دەکەین کە ئامادەیی خۆت بۆ هاوکاری لە سەر باسی "کەڵبەش" دەربڕیوە .خوا یار بێ لە داهاتوودا لە نزیکەوە پەیوەندیت لە گەڵ دەگرین .بەداخەوە شیعرەکەی خوالێ خۆشبوو مەلا رەسووڵی ئەدیبیمان بۆساخ نەکراوە تا کەلکی لێ وەربگرین .

پیرانشار :**کاک قادر پیرەمرد**

زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی لەهجەی هیچ ناوچەیەکی تایبەتی نیە .ئی هەموو کوردە. بۆ ئاگاداری زیاتر سروەی ژمارە ۳و۴ بخوێنەوە .شیعری :

لەو رۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دڵی من
هەرچەند دەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من

"هتد"

ئی "بێخود"ە و دەتوانی لە دیوانەکەیدا بیخوێنیەوە. تا ئێستا زۆر جاران بڵاو کراوەتەوە و بڵاوکردنەوەی لە سروەدا بە پێویست نازانین .

بۆکان:**کاک خالیدی قەلعە کووهی**

وێڕای سپاس لە نامە و هەستی دڵسۆزانەت ، وێنە جوانەکانت و هەروەها لەوەی کە ئامادەیی خۆت بۆ هاوکاری زیاتر دەربڕیوە ، لەم سووژانە دەتوانی وێنە بگری و بۆمانی بنێری : دیمەنی تەبیعی ناوچە ،دوورەدیمەنی شار و گوندەکانی کوردستان شوێنەواری کۆن(آثار باستانی) و دیمەنی ژنان و پیاوانی بێ بەش و هەر سووژەیەک کە هەژاری و بێ دەرەتانی خەڵکی کوردستان نیشان بدا . وادیارە ئێوەش وێنەگرێکی بێ زەوق نین و لایەنی هونەریتان لە بەرچاوە .

پاوە :**کاک باقی سەففاری**

ئەوی بابەتی فۆلکلۆری کە دەیزانی و بیستووتە هەر بە شێوەی هەورامی و وەک لە زمانی خاوەنەکەیەوە بیستووتە بۆمانی بنێرە . ئەڵبەت ئەگەر لە گەڵ ئەوەشدا وەرگێڕاوەکەیمان بە کوردی ئەدەبی بۆ بنووسیتەوە پتر سپاست دەکەین . بەڵام شیعر و فۆلکلۆری هەر ناوچەیەک بە لەهجەی خۆی بڵاو دەکەینەوە .

سەقز :کاک رەحمانی محەممەدزادە

ئێوەش دەتوانن چیرۆکی فۆلکلۆری وشتی وامان بۆ بنێرن .بەداخەوە هەروەک خۆت نووسیوتە فەرهەنگێکی کوردی وامان نیە کە بتوانین پشتی پێ ببەستین .دیارە ئەرکی زانا کوردەکانە کە بۆ نەهێشتنی ئەم کەموکوورِیە هەوڵ بدەن .چاوەرِوانیتان لەم ناوەندە فەرهەنگییە بەجێیە وئامادەیی ئێوە بۆ هاوکاری لەم زەمینەدا جێگای رێزە .ئێوەوخوێنەرانی دیکەی "سروە" دەتوانن بەکۆکردنەوەی وشەی رەسەنی کوردی بە ماناوەهەرچەند ناتەواویش بێ وناردنی نوسخەیەکی بۆ ئێمە ئەرکی خۆتان بە جێ بگەیەنن .بەڵکوو خودا تەوفیقمان بدا لەداهاتوودا هەنگاوی بۆهەڵێنینەوە .

گوندی هورمزاوێی سەردەشت :کاک حەمزەی قادری

وێرِای سپاس لە نامەو هەستی خاوێنت ،هیوادارین لەمەودوا سروە زووتر بگاتە سەردەشت .رەخنەوپێشنیارەکانیشت لە لایەن خوێنەرانی دیکەوە هاتبوونە گۆرِێ و بلاو کراونەتەوە .خوایاربێ سروە لەو رێگایەدا کە گرتوویەتە پێش سەردەکەوێ. ئێوەش درێژە بە هاوکاری خۆتان بدەن .

سەقز :کاک حامیدی ئەسعەدی

سروە وەک گۆوارێکی ئەدەبی - فەرهەنگی لە خزمەتی زمان و فەرهەنگی گەلی موسڵمانی کورددایە و فەرهەنگی گەلی موسڵمانی کوردیش بەشێکە لە فەرهەنگی ئیسلام. زیندووکردنەوەی فەرهەنگی رەسەنی نەتەوەکەشمان خزمەتێکی گەورەیە بە ئیسلام و بە گەلی چەوساوە و بێ بەشی کورد .چاوەرِوانیشمان لە هەموو دڵسۆزانی ئیسلام و کورد بە تایبەتی ماموستایانی ئاینی ئەوەیە بە ناردنی نووسراوەی بە کەلک کەم و کوورِی گۆوارەکەمان پرِ بکەنەوە .

گوندی سلۆکی مەهاباد : کاک برایمی عەزیز ئەرشەد

خوا یار بێ داخوازەکەت لە سەر ناساندنی خانزادی سۆران و هەروەها دزێوی و نالەباری ژن بە ژنە و ژن هەڵگرتن وبەرخوێن دان و... لە ژمارەکانی داهاتوودا دەخەینە بەر باس .

لێرەدا سەرنجی ئەو بەرِێزانەی کە دەیانەوێ شت بۆ سروە بنووسن ،بە تایبەتی ماموستایانی ئاینی بۆ ئەم مەبەستە گرینگە کۆمەلایەتیە رادەکێشین هیوادارین لەم بارەوە نووسراوی بەکەلکمان بۆ بنێرن تا بلاوی بکەینەوە .

نەغەدە :کاک جەبباری خۆشناو

نەک هەر گۆوار بەڵکوو گۆڤاریش وشەیەکی داتاشراوە کە لە "گوتن"ەوە دێ. بە بروای ئێمە وەک زۆر وشەی دیکە لە لەهجەی کوردی شیمالدا بە "ڤ= v" دەگوترێ و دەنووسرێ بەلام لە لەهجەی کوردی نێوەراستدا بە"و= w" وەک "چاڤ، ئاڤ، هیڤی، شیرڤان و ..." کە لە کوردی نێوەراستدا دەبن بە "چاو، ئاو ،هیوا ،شیروان و... "

پیرانشار :کاک نامیقی کوهنە پووشی

وێرای سپاس نامەووێنەکانت گەیشتوون.شیعری نوێی کوردی بەو مانایە کە لە چوارچێوەی کێشی عەرووزیدا نەبێ ،لە پێش شیعری عەرووزیشدا لە بەیتە فۆلکلۆریەکاندا بووە و لە راستیدا شیعری نوێی کوردی گەرانەوەیە بۆ سەر کێشی کۆن .

سەقز : کاک هیوا ب

پێشنیارەکانت بەگشتی جێگای سەرنجن .ئێمەش لەو بروایەداین کە نەک هەرشیعر ، بەڵکوو ئەدەبیات دەبێ وەلامدەری هەزاران پرسیاری بەرەی نوێ بێ .ئەڵبەت مەبەستی خۆت زیاتر روون نەکردبۆوە ونموونەیەکیش لە شیعرەکانی خۆت نەناردبوو . داواتان لێ دەکەین پترمان هاوکاری بکەن .

بۆکان:کاک ئەحمەدی ئەمجەدی

ئێمە هەر شیعرێکی بایەخداری نوێ لەشاعیرانی لومان بگاتە دەست بە نۆرەی خۆی لەچاپی دەدەین و لەو بارەوە کەمتەرخەمی ناکەین . چاوەڕوانی گەیشتنی پێشنیارەکانی دیکەی ئێوەین .

مەهاباد :کاک خالیدی مام عەزیز

ئێوە دەتوانن ژیاننامە و پلەی هونەری ئەو بەیت بێژەمان بۆ بنووسن.خوا یاربێ لە ژمارەکانی داهاتووی سروەدا بڵاوی دەکەینەوە .ئەڵبەت بە مەرجێک کە جوان و رێک و پێک نووسرابێ و دەستەی نووسەرانی سروە پەسندی بکا .

سەقز :کاک حامیدی شافیعی

زۆر سپاسی هەستی جوانت دەکەین .بە هیوایین چوارەمین ژمارەش جێگای رەزامەندی ئێوە و هەموو خوێنەرانی سروە بێ .

مەهاباد :کاک کەمالی فەتتاحی قازی

لە پێشنیارەکەت سەبارەت بە وەرگرتنی تەنز و چیرۆک و بەیت لە خاڵە سوورە پێشوازی دەکەین . جا ئەگەر لە سەر ناساندنی ئەو هونەرمەندەش شتێکمان بۆ بنووسی ،سپاست دەکەین .

نەغەدە :کاکە لاوپشدەری

شیعر و نامەزۆرجوانەکەت گەیشت . هەر لە ئێستاوە جێگای خۆت لەم گۆوارەدا کردۆتەوە و داوای هاوکاری زیاترت لێ دەکەین .ئەمەش نموونەیەک لە شیعرەکەت کە هیوادارین لە داهاتوودا بتوانین هەمووی بڵاو بکەینەوە .

نەمردم جارێکی دیکەش بە وردی
لە غوربەت خوێندمەوە گۆواری کوردی

سنە :کاک عەلی خانی

پێشنیارەکانت بە نۆرەی خۆی بڵاو دەکرێنەوە .

مەهاباد :کاک چم .شەمزاو

لە باسی زمانی یەکگرتوودا ئێمە نەمانگوتووە نابێ لە وشەی زمانەکانی دیکە وەک: "کونگرە ،مەسەلە زەمینە ،ئیدیعا و..."کەلک وەربگرین.بە پێچەوانە ئەو کارەمان لە جێگایەکدا کە وشەی رەسەنی کوردی مان نەبێ لە وشە داتاشین پێ باشترە .ئێمە دەڵێین رەستە و جوملەکانمان دەبێ کوردی بێ و جوملەی وەک :"زەنگی خوارد "،"بەمەسیرم ناخوا " و ... کوردی نین ،هەر چەند وشەکانیشی کوردی بێ .تکایە جارێکی تر ئەو باسە بخوێنەوە .پێشنیارە جوانەکانیشت لە بەر چاو دەگرین .

مەهاباد : خوشکە مەنیجەی لەیلی

وێڕای سپاس هیوادارین وەکوو خوشکێکی دڵسۆز درێژە بە هاوکاری خۆت لەگەڵ"سروە" بدەی .

مەهاباد :کاک ناسری ئەمیری

خوا یاربێ بەوەختی خۆی کەلک لە نووسراوەکەت وەردەگرین .بەڵام لە سەر جوغرافیای مەهاباد دەبێ پترلەوە بنووسی و هەموو لایەنێکی جوغرافیای تەبیعی ، ئابووری وئینسانی مەڵبەندەکە بخرێتە بەر باس. هیوادارین زیاتری کار لەسەر بکەی .

پیرانشار :کاک فەتاحی نەهری

وێڕای سپاس ،ئێوەش دەتوانن بە ناردنی وێنەی جوان وبە مانا یارمەتی گۆوارەکەتان بدەن.لە نێو ئەو دیاری یانەداجوانترینیان بۆچاپ هەڵدەبژێرین.دەتوانن بە جێگای وێنە فیلمەکەیمان بۆبنێرن .ئەڵبەت ئەگەر هەر دووکیان بنێرن باشترە .

بۆکان:کاک محەممەدی ئەبکان

ئێوە بە هاوڕێی گۆوارەکەمان دەزانین پێشنیارەکانیشت لە بەرچاو دەگرین .

سنە :کاک فایەقی یووسفی

نووسراوەکەتمان بۆبنێرە تا دوای لێکۆڵینەوە بڕیاری لە سەر بدەین .

بۆ سەر ناودارێکی مێژووی کوردستان

فاروق فەرەج خوسرەوی

سەرداری موسڵمانی کورد صلاح الدینی ئەیوبی

بەشی چوارەم



کۆچی دوایی سوڵتان صلاح الدین

لەدوای ئەوە سوڵتان صلاح الدین چووە (قودس) و پاش ڕێک و پێک کردنی کاروباری ئەو شارە ویستی بچێتە حەج، بەڵام لەبەر مەترسی پەلامار هێنانەوەی خاچ پەرستەکان نەیتوانی بەو ئاواتە پیرۆزە بگا و بەرەو دیمەشق ڕۆیشت.

" ڕۆژی چواردەی سەفەری ساڵی ٥٢٩ ی.ک (١١٩٣ ی.ز)" چوو بەپیر حەجاجەوە و ئەم ئیستیقبالە زۆر قەرەباڵغ و ڕۆحانی بوو، تەئسیری تێ کرد لە نەچوونی بۆ حەج زۆر عاجز بوو و گریا، هەر ئەوە شەوە لەرزی لێهات و ڕۆژ بە ڕۆژ نەخۆشی‌یەکەی گرانتر بوو نیهایەت ڕۆژی چوارشەممەی ٢٧ی سەفەری ٥٨٩ (٤ی مارسی ١١٩٣ ی.ز) ئەمری خوای بەجێ هێنا، عومری ٥٧ ساڵ بوو". (١١)

مردنی سوڵتان صلاح‌الدین هەموو موسڵمانانی ئازیەتبار کرد. جیهانی ئیسلام کە چاوی بڕیبووە ئازایەتی و پیاوەتی و چاونەترسی و هێمنایەتی ئەم سەردارە دڵپاک و خواپەرستە، بە لەدەست چوونی ئەو خۆی بە مەڕی بێشوان دەزانی.

ئاخر صلاح الدين تەنيا سوارچاكێكی توند و تۆڵ و شەكەتی نەناس وشيروەشێنێكی بێوێنەنەبوو،بەڵكوو ئامۆژگار بوو، مسكێن نەواز بوو،رێبەر بوو،رێبەرێكی وابوو كە باشترين رێگای بۆ سەركەوتن بەسەر دوژمنانی نێوخۆيی و بێگانەدا دۆزيبۆوە.

دەيزانی كە بۆ زاڵبوون بەسەر خوو و خدەی ناپەسند و خۆ بە زل زانيندا دەبێ ئەهلی تەقوا بێ و لەكاتێكدا گەورەترين دەسەڵاتی بە دەستەوەيە بەسەر نەفسی خۆيدا زاڵ بێ و خۆی لێ نەگۆڕێ، بەڵكوو وەك هەموو سەركەوتنێك خوا داويە بۆی ديكەش يارمەتی لە خوا بخوازێ.

صلاح الدين ئينسانێكی دەست و دڵباز و داپەروەر بوو و زۆر بە روو خۆشيەوە خەڵكی فەقير وهەژاری وەردەگرت و سكاڵای دەپرسين و دەستی دەگرتن. چەندە لەگەڵ دوژمنی بەرەوڕوو، سەخت و رەق و ئازا بوو، دوو هێندە لەگەڵ ژێردەستی خۆی بەرەحم و بەدڵ و دەروون بوو دوژمنی قەستەسەری كە بەديل دەگيرا لە ئەماندا بوو و هەموو چاكەيەكی لەگەڵ دەكرا هێندێك لە ئاكار و رەوشتی صلاح الدين لەم قسانەيدا دەردەكەوێ كە وەك ئامۆژگارييەك بە مەليك زاهيری كوڕی گوتوە:

ئامۆژگاری صلاح الدين بۆ مەليك زاهيری كوڕی:

" تەوسيەی تەقوات دەكەم كە مەبدەئی هەموو خێرێكە. ئەوی خوا ئەمری پێ كردوە منيش ئەمرت پێ دەكەم. چونكە سەبەبی رزگاريتە.

خۆت بپارێزە لە خوێن رژتن، چونكە خوێن نانوێ. دڵی رەعيەت راگرەو تەماشای ئەحواڵی بكە چونكە تۆ ئەمينی من و ئەمينی خوای بەسەريانەوە،دڵی ئومەرا و ئەركانی حكوومەت راگرە چونكە موەفەقيەتی من لە سايەی مودارای خەڵكەوەيە.

حەسوودی بە كەس مەبە چونكە ئەجەل مۆڵەتی كەس نادا، لە موعامەلە لەگەڵ خەڵكدا زۆر ديقەت بكەچونكە ئەگەر ئەوانت لێ رەزا نەبێ خوا عەفوت ناكا، بەڵام ئەوەی لە بەينی تۆ وخواتدا واقيع بێ بە تۆبەكردنێ لێت دەبوورێ،چونكە گەورە و لێبووردە." (١٢)

سوڵتان صلاح الدين باشی دەزانی كە تاقە رێگەی بەختەو
خوا و دينی خوادا يەكەتی نەتەوە موسڵمانەكانە و ب

سوڵتان صلاح الدين باشی دەزانی كە تاقە رێگەی بەختەوەری جيهانی ئيسلام و سەركەوتنی بەسەر دوژمنانی خوا و دينی خوادا يەكەتی نەتەوە موسڵمانەكانە و بۆ پێك هێنانی ئەو يەكەتيیەش هەرچی پێی دەكرا كردی. لە ماوەی دەسەڵاتداری ئەودا ميسر و شام كە لەمێژ بوو شەڕ و كێشە و دووبەرەكييان لەنێودا بوو يەكيان گرت و وڵاتێكی گەورەی ئيسلامی لە كوردستانەوە هەتا توونس و يەمەن و عەدەن لەژێر دەسەڵاتی سوڵتان صلاح الديندا برايانە دەژيان و لە ئاكامی ئەو يەكەتيیەشدا بوو كە پەلاماری بەرينی خاچپەرستەكان تێك شكا و شاری قودس و بەشێكی زۆر لە وڵاتی فەلەستين لە چنگيان رزگار كرا.



نموونەيەك سنكەی سەردەمی سوڵتان صلاح الدين


سوڵتان صلاح الدين سەرەرای ئەوەی پادشای وڵاتێكی ئاوا گەورە بوو ماڵی دنيای بەهيچ نەدەزانی و كاتێك مرد تەنانەت

خانوویەکیشی لێ بەجێ نەما و وەک دەگێڕنەوە تەنیا ٤٧ درهەمی لێ بەجێ مابوو.

***

چۆن سەرکۆنەی ئەوانە

جیهانی ئیسلام و سەرکەوتنی بەسەر دوژمنا پێک هێنانی ئەو یەکەتیەش هەرچی پێی دەکرا کرد



نموونەیەکی ترلە سکەی سەردەمی سولتان صلاح الدین

نەکەین کە، بەبێ لە بەر چاوگرتنی وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بیرو باوەڕی فەلسەفی ئەو سەردەمە، پەلامار دەبەنە سەر صلاح الدین و بەوناوە کەگۆیا بۆکورد حەولی نەداوە تاوانبار دەکەن؟

ئەگەر ئەوانە شارەزای مێژووی گەلی کورد و گەلانی دیکەی جیهان بان دەیانزانی کە پێش لە شۆڕشی مەزنی فەڕانسە، هیچ شۆڕشێک بە ناوی ناسیۆنالیزمەوە لە دنیادا نەکراوەوئەو شەڕانەی کراون یا بەمەبەستی داگیر کردنی وڵاتانی دیکەبوون یا لەسەر ئاین و مەزهەب. مەگەر خاچ پەرستەکان مەبەستیان لەو شەڕانە ناسیۆنالیزم بوو یاپەرەدان بە قەڵەمڕەوی مەسیحیەت و بەناو "رزگارکردنی گۆڕی حەزرەتی عیسا لە چنگ موسڵمانان".

ئەگەر سەرنجێکی مێژووی گەلی کوردیش بدەین، دەبینین کەیەکەم بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، حکوومەتی ئەوڕەحمان پاشای بابان بووە. کەئەویش هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی مەزنی فەڕانسە.

کەوابێ نە بەعەقڵ و نە بەزانست رێی تێ ناچێ کە صلاح الدینی ئەییووبی لەو سەردەمەدا توانیبای بە ناوی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمەوە تێبکۆشێ.

ئەمەش بە مانای دیفاع لە ناسیۆنالیزمی کوێر نیە .... رووی قسە لەو کەسانەیە کە خۆیان بەشتێک دەزانن و بە سووکی دەڕواننە پایەو نرخی خەباتی صلاح الدینی ئەییووبی ئەم سەردارە پایەبەرزەی کورد و جیهانی ئیسلام.

صلاح الدینێک کە هەموو گەلانی موسڵمان، بەتایبەتی گەلی موسڵمانی کورد شانازی پێوە دەکەن و حەقی خۆشیەتی.

هەر نەمر بێ یادی ئەو گەورە پیاوەی جیهانی ئیسلام و گەلی کورد.

تەواو.....

پەراوێز

١١ - کوردستان و کورد - ئەمین زەکی بەگ ل - ١٧٦

١٢ - کوردستان وکورد - ئەمین زەکی بەگ ل - ١٧٩

"سەرچاوەکان"

١ - شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی . وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار چاپی دووەم

٢ - کورد و کوردستان - ئەمین زەکی بەگ

٣ - تاریخ قرون وسطی - آلبرماله - ترجمه میرزا عبدالحسین هژیر .دنیای کتاب

٤ - سرگذشت فلسطین - کارنامهٔ سیاه استعمار - تالیف استاد اکرم زعیتر - ترجمه علیاکبر هاشمی رفسنجانی


٥ - صحنه‌های تکان دهندهٔ در تاریخ اسلام - علی دوانی

کەروێشک گواندارێکە کە نینۆکی هەیە ، گیاخۆرە ، کلکی زۆر قوڵەیە ، تووکی نەرمە، درێژایی لە بەرزایی پترە ، پێشووی لە پاشووی کورتترن ، بەباز و قونە دەڕوا ، گوێی زۆر درێژن، سەری لەچاو لەشی زۆر گەورەیە ، چاوی زەق و لەروون و نانووقێن زیاتر بە چاوان دەبیندرێتەوە، دەڵێن مێ یەکەی حەیز دەشوا ، دەترەکێ و زاو زووی زۆرە ، لە جێگای سارد و گەرمدا هەیە لە بژوێنترین کوێستانی کوردستاندا و گەرمترین و کراڕترین بێروونی عەرەبستاندا دەژی، بە بێچووی دەڵێن بەچ و کە بۆ باغ ، بێستان ،شیناوەرد ،و ڕەپستە تەنانەت خۆیان و خەرمان وەک بەڵا وایە بۆیە وەرزێر و باغەوان رقیان لێیە و بە تەپکە و تەڵە و خوردە و داو دەیگرن . گۆشتی دەخورێ ، دەڵێن تەمەنی بەوە را دیارە کە هەر ساڵە کونێکی لەبن کلک دەبێ .

نیزیکەی سی ، چل ساڵ لەوەی پێش کەم ساحێب ملک و ئاغا و مەزنی کورد هەبوو، رموودەی راوە کەروێشک نەبێ ، دیارە ئەم کارەش بەستە بە دەست رۆین و نەرۆینەوە بوو ، ئاغای دەولەمەند



بەشی دووەم



راوە تاژی

نووسینی: هێمن

پەڕەوازە بوو و توانی توند رابکا " سەپسێنی " پێ دەگوترێ ، بە رواڵەت یەکجار بەستەزمان و بێدەسەڵات و ترسەنۆکە لەبەر هیچ گیانداری چوارپێ و باڵندەی پچووکی راوێ دەسناکاتەوە، کەچی دژمنی وەرزێر و رەزەوان و بێستانچی یە . تا دەستی لەسەر دابنێی بەزەڕ و بەدفەڕە ، بە رۆژ لە لانەدا خۆی مەڵاس دەدا و بەشە و دەگەڕێ و دەلەوەڕێ ، هیچ ناپارێزێ ، رستەیان لە ئاوریشمی رەنگاو رەنگ دەهۆنییەوە و گولێنگی سیمپێچی جوانیان وێدەخست سەری گولێنگداریان لە باسکی راستە یا راست و چەپ لەشان دەکرد . قەلادەیان لە قایشی باش دروست دەکرد و بە ئاورێشم دەچنی ، زەنگولەی زەرد ، زێو تەنانت زێڕیان لێ دەدروو ، سەری دیکەی رستەیان لە ئالقەی قەلادە هەڵدەکێشا . ئاغا دێ بە خۆی و باب نۆکەر و رەعیەت

سوارەوە دەچووە ڕاو، لەو جێگایەی زانیبایان کەروێشکگرە ڕاویان دادەبەشی و سوار سەفیان دەبەست، لەکێو یا بانوو سوارێک بە تاژی یەکی کارامەوە سەر ڕاوی دەگرت، سەر ڕاو دەبوو لەپێش سوارانداﹰ بێ و چاوی لەلای خوارێ بێ تا ئەگەر کەروێشکیان لە داوێنێ تێ بەر دا وریا بێ و بزانی روو لە کام لا دەکا، ئەو

سواران کەمتر بایە، کەروێشک چاکتر دەبیندراوە یا زووتر هەڵدەهات، لانی تازە و کوێرە ولانی شەوێ دینی نیشانەی ئەوە بوو، کەروێشک هەر لەو دەور و بەرەیە، جا دەبوو بە فیتوو یەکتر حاڵی بکەن، سەف ڕاستتر و سوار خوردتر بن، ورد بڕوانن و نەیبوێرن، کەم وایە کەروێشک لەبەر سەفی ڕاست و ڕێک و پێک





دەبوو ڕاستە و ڕاست لە پێشدا بێ، ئەگەر تاژی خوارەوە نەیانکوشت و بە ماندوویی گەیشتە سەر ڕاو ئەو تاژی یەکەی خۆی بەر داتێ، دەبوو تاژی سەربەرەژێر بەر نەدا و ڕاوەستێ تا کەروێشک کەمێکی لێ ڕەت دەبێ، بەر ڕاو سوارێک بوو کە باشترین و چێترین تاژی پێ بێ و کەمێک لە دوای سوارانەوە بێ تا ئەگەر کەروێشک پاش ڕاو بکا، تاژی خۆی تێ بەر دا، سوارەکانی دیکە کە نێوانیان پێنج، شەش گەز پتر نەبوو، چ تاژی یان پێ با یا نەبا دەبوو لە ڕێکی یەک بڕۆن و هەر کەسە لە لای سەرووی خۆی ورد بڕوانێ و هەوڵ بدا هیچ بن پنچک و بەردێک نەبوێرێ، تا سەف ڕاستتر و نێوانی

و سواری ئارام بوێرێ رابکا، خۆی لە لاندا مەڵاس دەدا و لە عەرزی دەخا. ڕاوکەری لێزان بە تەماڵ دەیبینێتەوە.

ئەو سەردەمی داب بوو ئەگەر نۆکەرێک یا ڕەعیەتسوارێک تەماڵی دیباوە دەیگوت: "نۆکەری ئاغای خۆم و ڕاوکەرانم پێ دەڵێن هۆی تەماڵە" عادەت وابوو ئاغا و خزمەکانی تەماڵانە بیدەن بەو ڕاوکەرە و خەڵاتی بکەن، سوار لە دەورەی تەماڵ کۆ دەبوونەوە، پایزە، ئازیزە، گوڵێ گوڵێ، حەیران و گەلۆیان لەسەر دەگوت و جار و بار دەهۆڵ و زورنا و سێ تەپڵیشیان لەسەر لێ دەدا، ئەگەر بۆ خاتری سەیر نەبا بە هاسانی بەدەستی دەگیرا، بەڵام ئاغای گەورە بۆ

سەیر دەچوونە راو نەک بۆ راوە گۆشت ، جا بۆیە ئەسپیان وەسەر دەپەڕاند کە هەڵێ و تاژی تێ بەر دەن ، دوو یا سێ تاژی یان تێ بەردەدا ، ئی وابوو چێ و دمگەرم بوو گوریسێکی نەدەبرد و لە سەفی سواران دەرنەدەکرد و هەڵیدەگرت و ئی وابوو خێرا و پەل و دمسارد بوو ، چەند جاری دەگێڕاوە ، لێی دەدا ، تێ رۆ دەهات تا هەر خۆی یا تاژی یەکانی دیکە دەگەینە نۆرە و هەڵیان دەگرت ، تاژی رەسەن کە کەروێشکی هەڵدەگرت نەیدەشەدە- مزاند یا بە دمیەوە دەگرت یا چەموڵەی لەسەر دادەدا ، سوارێک دادەبەزی و سەری دەبڕی و وە بەن ساموڕتەی دەخست ، ئەگەر تاژی خوێری بایە نەیدەشکاندەوە و خوارەی پێ نەدەکرد و کەروێشک رزگار دەبوو ، ئەگەر باشتر بایە راستی دەکرد و دەیگەیاندە سەر ڕاو یا لە کونێ دەکرد . کەروێشک هەمیشە بۆ لێ قەومان کونێک رەچاو دەکا ، بەڵام تا زۆری بۆ نەیە ناچێتە کونەوە سەرراوی شارەزا لای کونێ یان لێ دەگرت وادەبوو لە زارکی کوندا دادەنیشتن و ئەویش خۆی لە باوەش داویشتن ئەگەر چوو لە کونیشەوە بە پێچەک دەریان دەهێنا ، لە هیندێک مەڵبەند بە تەماڵ دەڵێن دیاردی .

خۆشترین کاتی راوەکەروێشک پاشبارانە. چونکە کوێرە ولانی تازە لە دوورەوە دیارە وادەبێ کەروێشک لەو کاتەدا کۆنە لان دەکاتەوە کە ئەویش دۆزینەوەی بۆ راوکەری شارەزا هاسانە ، جگە لەوە بەر پێی تاژی کە رووت و بڵە نەرم دەبێتەوە و ترسی کاڵە درانی نامێنێ ، بەرپێی کەروێشک کوڵکنە و قوڕ دەگرێ و باش ناتوانێ رابکا و پێی دەڵێن کەڵاشە کردن ، ئەو سەردەمە زۆری پێ ناچێ و وەختی نینۆک شکێن دێ، کەوشکەبەند پەیدا بوو و کەروێشک لانی بەرەژێری کردەوە و رەپستە و باغی پاوانی داوە بەر پەلامار هیند قەڵەو دەبێ کە دەڵێن گورچیلەی لە بەزی دا ون بووە ، ئەمجار بەسەر زەوی بەستراو و رەق دا وا هەڵدێ هەر ویزەی لەبەر پێی دێ ، تاژی لە ترسی هەڵخلیسکان و نینۆک شکان ناوێرێ توند رابکا ، هەر تاژی یەکی لە کاتی نینۆک شکێن و سیخوار لە پشتدا بگاتێ نایابە.

کە نوا بەفری هەوەڵ کەوت و بارنی نەکرد باسی سەری کەروێشکە ، چونکە شوێنی دەگەڕێ و بە پێشووی کورتەوە هەردەر ناچێ ، ئەو گیاندارە بە رواڵەت گێل و گێژە کە زانی شوێنی دەگەڕێ زۆر فێڵەزان دەبێ ، شوێنی جووتەیە ، پاشووی بە جووت وەپێش پێشووی دەخا ، راوکەر کە تووشی راستە شوێن هات ، دەزانێ کەروێشک یا چۆتە شەو گەڕ یا گەڕاوەتەوە و بەپەلە دەیگێڕێ تا دەگاتە دوولایی ، دوولایی ئەوەیە کەروێشک بەسەر شوێنی خۆیدا دەگەڕێتەوە ، لە جێگایەک بازێکی بڵیند داوێ و لەسەر کەڵەکێک یا لەقەدی



رەوەزێک دەکەوێ ، دەبێ راوکەر بە قەزاغ دوولایی دابڕوا و نەیشێلێ تا بزانێ کەروێشک لە کوێ بازی داوە و وریا بێ پاش راو نەکا و بازرە نەبێ ، هەزارە هەر وەک دوولایی وایە ، بەڵام کەروێشک

چەندین جار بە شوێنی خۆیدا هات و چۆ دەکا، وا دەبێ هەر لەنێو هەزارەدا ٠، دەکەوێ وادەبێ دیسان بازێکی دوور داوێ و لەهەر جێگایەک کەوت مات دەبێ شوێنگێڕی باش لە فێڵ و هەزارە و دوولایی کەروێشک دەگا و دەیدۆزێتەوە.



کوتە ئەوەیە کە کەروێشک پاش هەزارە و دوولایی بەقەد جێ جێخوونێک بە دەورە دەگەڕێ و ئەوەندەی پێدا دێ و دەچێ کە کەس سەرە دەری لە شوێنی ناکا، راوکەری شوێنگێڕ دەبێ زۆر بە سەرنجەوە دەورەی کوتە بدا کە نەرۆیبوو، ئەوەدیارە لەنیو کوتەدایە ئەو دەم دەبێ وەنێو کوتە بکەوێ، تا یا بیدۆزێتەوە یا ناچاری بکا هەڵێ. کە بەفر زۆر بوو و بەفر بە سەریش نەبوو کەروێشک رونوو بەفر دەکۆڵێ و دەچتە نێو بەفرەوە بەوە دەڵێن خوزە، کەروێشک لە خوزەدا بەوە دیارە کە جێی هەناسە هەڵکێشانێ زەرد دەبێ و دیارە، لێرەدا فێلێک دەکا بە بن بەفر داڕەهەتدێک دەکۆڵێ و لە چەند جێگا خوزە دیاری دەدا بۆ ئەوەی ئەو فێڵەشی لێ ببڕن، یەکێک بە تاژییەوە لە نێوەڕاست رادەوەستێ و ئەوانی دیکە خوزەکان دەشێلن، کەروێشکی خوزە زیاتر ناوێرێ رابکا و بە دەستی دەگیرێ لە پێشدا گوتم کەروێشک تا زۆری بۆ نەیە ناچێتە نێو کون کە چووە نێو کون و دیار بوو و دەستی نەگەیشتێ، دارێکی نەرم و درێژ دێنن سەری لەلە دەکەن و لە تووکی کەروێشکی با دەدەن و بەم دارە دەڵێن پێچەک ئەگەر بەوەش نەهاتە دەر ئەمجار تەڵەی لێ دادەنێنەوە و دەیگرن، لە مانگی رەشەمەدا راوەکەروێشک دوایی دێ، هەم لاواز دەبێ و بۆ خواردن نابێ هەم با دەگرێ، بەناوبانگترین چێشتێکی لە گۆشتی کەروێشکی دروست دەکەن سەنگەسیرە، لە کابانان بپرسن چۆن ساز دەکرێ !!!

ـ راوە رێوی بە تاژی ـ

کام منداڵی کوردە ناوی رێوی نەبیستبێ، سەدان ئەفسانە لەسەر رێوی لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە، خۆ لە پەندی پێشنیانیشدا ئەوەندە باسی رێوی کراوە هەر مەپرسە وەک:

رێوی خۆی لە کونەوە نەدەچوو، قانگەلاشی بە کلکیەوە دەبردە ژوور، رێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ دەیگوت ترشە، وەک رێوی کێچی دەکەوڵی کەوتووە، وەک رێوی خۆی لە ئاوی خوڕ نادا، راوی رێوی بۆ کەوڵیە و سەیری لە راوە رێوی خۆشترە، وەک رێوی سیرمەخۆرە .....

رێوی بە راستی جانەوەرێکی فێڵاوی و مەکربازە، نەوسن و بەزەڕە، هەمووشت دەخوا میوە و گۆشت و شتی وا، دژمنی کەروێشک و مشک و باڵندە بە تایبەتی باڵندەی پێڕۆیە ئەوەندەی کەروێشک بۆ باغەوان و وەرزێر خراپە ئەویش ئەوەندە بۆ ئەوانەی باڵندەی کەوی و ماڵی رادەگرن جێگای مەترسییە، تووشی رەوە قەلەموونێک بێ تاقی لێ دەبڕێ، مریشک و جووجک هەر ناهێڵێ، لە کێویش هەمیشە لە کەو سوێسکە و زرەکە و هەوێردە لە کەمیندا، تەنیا کاری چاکی خواردنی مشکی کێوی و بەچە کەروێشکە، بەڵام ئینسان فێڵی لەویش

دەبرێ ، بەڕاستی راوە رێوی سەیری خۆشە ، رێوی لە کوردستاندا زۆرە ، وەک دەڵێن راوی بۆ کەولیلە، دەنا گۆشتی ئەگەرچی دەیخون زۆر دزێو و ناشیرینە، دەڵێن وەک گۆشتی ژووشک بۆ باداری دەرمانە .

بەڕاستی هەقیانە ئەو کەسانەی دەڵێن " سەیری لە راوە رێوی خۆشترە ،راوە رێوی زیاتر بە پیادە دەکرێ ،رێویش وەک کێوی کە ترسا هەمیشە تیرەگی کوێ دەگرێ و بۆ کە ترسا هەمیشە تیرەگی کێو دەگرێ و بۆ کێوێکی دیکە دەپەڕێتەوە . دیارە ئەو لە کێو و شاخی زۆر ئەستەمدا تاژی لەهەموو



جێدایەک تەنانەت لە دەشتی نەرمانیش هەیە ، دوو دەستە کێومالّ کێوێک دەتەقێنن و هەرا و هوریایەکی زۆر دەکەن تا رێوی بترسێ ، راوکەرێک لە حاشارگەدا بەرەگەی لێ دەگرێ تا کێومالّەکان رێوی وا دەتەقێنن بەسەر بەرەگەدا بکەوێ،ئەو دەم بەرەگەگر تاژی تێ بەردەدا ، تاژی زۆر کارامە و ئازا نەبێ ناوێرێ رێوی بگرێ،رێوی کە بێ باز و بردە لەبەر تاژی دەرناچێ، بەڵام دەستی دەگەڵ دەکاتەوە، گازی لێ دەگری ، بە نینۆک دەیرنێ ، تاژی کارامە هەوڵ دەدا لە پشت ئەستۆی رۆ بێ و رایوەشێنێ تا لە کاری دەخا یا لە قەفزەی پشتی رۆ بێ و هەڵیدێرێ تا برستی لێ دەبرێ

بۆ راوە رێوی پێویست ناکا تاژی خێرا بێ ، ئەسڵەن تاژی رەشکوژ و چێ لە رێوی بەرنادەن تاژی رێوی کوژ ئازا و قایمبێ باشترە نەک تیژ و گورج،

دوڕە یا دووڕەگ بوراوە رێوی باشترە .دوورەگ وەک لە ناوەکەیەوە دیارە جنە سەگێکە لە جووت بوونی سەگ و تاژی پەیدا ببووبێ ، جا فەرق ناکا گۆڵ، سەگ بێ یا تاژی ، هەرچەند ئەگەر گۆڵ تاژی بێ دووڕەگ جوانترە ، دووڕەگ لە باسکە سەگ رووتەتر و بەرزەلینگ ترە و لەپاش تاژی لە هەموو جنە سەگێک توندتر رادەکا ، ئەی زۆر خێرایان لێ هەڵدەکەوێ کە بۆ راوە کێوی و کەروێشک تەنانەت گورگیش بەکار دێ ، تۆرەمەی دوورەگ و تاژی ، پێی دەگوترێ قەدەم .

خوێنەری خۆشەویست! بەم باسە دوور و درێژە ماندووم کردی با نەقڵێکی خۆشت بۆ بگێرمەوە ، کەمێک بێیەوە سەرەخۆ ، دەڵێن رۆژێک رێبوارێک تووشی راوکەرێک هات، تاژی یەک و تولەیەکی کونێ و دارێکی درێژ و تەڵەیەکی پێ بوو،گوتی کاکە ئۆغر بێ چ دەکەی ؟

ـ دەچمە راوە رێوی

ـ ئەدی ئەوانە چن پێتن ؟

ـ کاکە ئەگەر رێوی لەبەرم هەڵات ، ئەوە تاژی یەکەی تێ بەردەدەم، ئەگەر کوشتی باشە، دەنا لە کونێی دەکا، کە کونەکە زور قوولّ نەبوو ئەمدارەی لێ پێچەک دەدەم ، دەیهێنمە دەر، ئەگەر زۆر قوولّ بوو، تولەکەی لە بالّ دەکەم .

ـ ئەگەر ئەویش بۆی نەهاتە دەر تەڵەی لێ دادێنمەوە ئاخری پێوە دەبێ "

رێبوار گوتی :

ـ "کە وابوو بۆ رێوی خودا ماوە و بەس"

معرفی کتاب

کرد در تاریخ همسایگان

فاروق کیخسروی ترجمه

سیاحتنامه اولیا چلبی

اولیا چلبی یکی از نزدیکان دربار سلاطین عثمانی بوده و ضمن ماموریتهائی که از دربار عثمانی به او محول میشد، به نقاط دور و نزدیک جهان و مخصوصا به مناطق مختلفی از قلمرو حکومت عثمانی سفرکرده و مشاهدات خود و نتیجهٔ تحقیقاتش دربارهٔ وضعیت جغرافیایی، تاریخی و رویدادهای مختلف تاریخی و فرهنگ مردم هرمنطقه را بصورت بسیار دقیق و موشکافانه‌ای به رشتهٔ تحریر درآورده و حاصل این تلاشها را در سیاحتنامه مفصل خود گردآوری کرده است........

..... کتاب حاضر ترجمهٔ بخشی از سفرنامه اولیا چلبی است که به گشت و سیاحت او درمناطق مختلف کردستان ترکیهٔ امروز مربوط میشود و استاد بزرگواری چون سعیدناکام آن را از زبان ترکی به کردی ترجمه و تحت عنوان " کرد در تاریخ همسایگان" انتشار داده است. اینک ترجمهٔ فارسی آن به علاقمندان به تحقیق در فرهنگ و ادبیات و تاریخ و گذشتهٔ مردم کرد تقدیم میگردد.

کتێبی تازە

ئەم کتێبانە بڵاوکراونەتەوە :

١ ـ دیوانی نالی :
بەشەرحی ماموٚستا مەلاعبدالکریمی مدرس و کورەکانیەوە.

٢ ـ دیوانی وەفایی:
بەشەرحی ماموٚستا محمدعلی قەرەداغییەوە.

٣ ـ شاری وێران :
نووسینی عەلی حەسەنیانی "هاوار"



- کوٚپلەی راپەڕیو :
  نووسەر : تی.واشینگتوٚن
  وەرگێڕ : م . بەهرەوەر
- کاروانی خەیاڵ : بەشێک لە شیعرەکانی خالیدی حیسامی (هێدی)
- یادداشتهایی از کردستان : خاطرات شیخ رئوف ضیائی.بە کوشش (عمر فاروقی)
- قامووسی زمانی کوردی : دانەر: م . ئ . نەبیحی
- بسوی جهان جاویدان : اثر ملا عبدالله احمدیان .
- فەرهەنگی ناوە دوانەکانی کوردی : دانەر : تاها فەیزی زادە .

چاوەڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەش بن

ترجمهٔ ریاض الصالحین
از سخنان حضرت سیدالمرسلین
تالیف : یحیی بن شرف الدین نووی
ترجمە : احمدحواری‌نسب "ابوسعید"

فوٚڕمی ئابوونمانی گوٚواری سروە

من .... سەد و دە تمەن (١١٠) پووڵم بە حیسابی ژمارە ٥۴٠٠ ی بانکی سپە، شوعبەی مەرکەزی ورمێ، (اورمیە) بە ناوی ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی بوٚ ناردوون . داوا دەکەم لە ژمارە .... ی سروە بە دوام جار لە گەڵ جار بوٚ بنێرن ، ناو نیشانم ئەمەیە :

ناونیشان : ....

....

دەنووسێ :
" بریا بۆم کرابا بەرامبەرە لاوەکی‌یەکانیشم لە قامووسەکەمدا هێنابان"
(بڕوانە فەرهەنگی "معین" ج۱، چاپی ۵، ۱۳۶۲ ژێرنووسی ل پەنجاوحەوت)
پێویستە بەرەی تازە پێگەیشتوو ،خۆی ئامادە بکا بۆ پێداچوونەوەی ئەم فەرهەنگە یا بۆ داڕشتنی قامووسێکی ئەمڕۆیی .

خوێنەری خۆشەویست ، ئیدیعا ناکەم کە هەموو کەمو کووڕی‌یەکانی " فەرهەنگی‌خاڵ"ـم دەست نیشان کردووە ،یا ئەوەی کوتوومن راست و دروست و بێ هەڵە و پەڵەیە بەتایبەتی لێرەدا باسی ئەوەم هەر نەکردووە کە لەم کتێبەدا مانای بەشێکی زۆر لە وشەکان ناتەواو، یا نادروست و هەڵەیە ،چونکوو دەست نیشان کردنی تەواویان نیازی بە کتێبێکی سەربەخۆیە و لەم وتارەدا جێگای نابێتەوە ،تکات لێ دەکەم تۆش بە بنج و بناوانی نووسراوەکەمدا بچۆوە خوار. هەڵە و پەڵەکانم پێ‌رابگەیەنە تا رادەی زانستی هەر دووکمان بچێتە سەر ،ئاواتە خوازم ئەوانەش‌کە دەیانەوێ ئەرکی گرینگی قامووس نووسی بە ئەستۆ بگرن بە شارەزایی یەکی زیاترەوە ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنن .

روون کردنەوەیەک لەسەر فۆڕمی ئابوونمان


ئەو ۱۱۰ تمەنەی کە دەینێرن بۆ ئابوونمانی شەش مانگ یا ساڵێک نیە ، بەڵکوو بۆ شەش ژمارەی " سروە "یە کە خەرجی پۆست‌کردنیشی خراوەتە سەر ، دیارە بۆ داخوازان لە دەرەوەی وڵات زۆر و کەمی زێدە خەرجی پۆستیشی دێتە سەر، کە بۆ خۆیان دەتوانن بەراوردی بکەن . لەبیرتان نەچێ لەگەڵ ئەم فۆڕمە فیشی بانکیشمان بۆبنێرن .

ارومیه : صندوق پستی ۷۱۷ ، تلفن ۰۳۵۸۰۰


ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیووبی

هاوكۆل



تێبینی : لە سەر ئەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی رێنووسی کوردی بە پێی رێ هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە رەچاو کـــراوە جگە لەوەی نیشانەی ئەنراوە .واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی(شڕ ، گوڵ ،زۆر ،شێرو . .)ی تێد بە شکلی(شر ،گول ،زور ،شیرو . .)دەنووسرێ.



☜ ١ـ نازناوی پێشووی مەحوی شاعیــری بە ناوبانگی کورد ـ ئەوریێوی وسەگو پشیلانەی بە دزییەوە ئازووقەی مـاڵ دەخۆن و هەر وەها ئەوییەکسمو رەشـە وڵاخانەی دەچنە نێو زەرعاتی خەڵـک و زیانی دەکەن .٢ـ ناوچەیەکی شاخاوی لە کوردستانی ئێران و عیراقدا ـ نـاوی پچووکی یەکەم فەزانەوەردی جیهان ٣ـ دوعای بن لێو ـ دەنگ دانی مەڕ ـ هــەر ساڵێکی جانوو دەیبڕێ ـ ئەوەی پێــی موسڵمانین .٤ـ پیتێکی ئەلف وبێ ـ بـە مریشک دەڵێن تا بڕوا ـ ساڵ و زەمانان لە لادێ بە دەسەڵات بوو ـ یەکی تەواویش نیە . ٥ـ کەسەری بێ سەر ـ کەرستەیەکی قورەکاری کە بە مردوویی بەکارنایە ـ نێوک .٦ـ بە عەرەبــی بــە کێــوی و نەزان دەڵێن ـ هەرگیز ـ بۆ دەنگدانی ئەسپ و ماین دووجار بیڵێ .٧ـ ئاگــا لە خۆ براو ـ بێدەنگ بە . ٨ـ دارهەنە و رایەڵ وپۆو کەرکیت ساز کەو هەڵــی ئاوەسە ـ لەتکی بەڕە ـ باڵندەیەکــی قەڵەوی نێو شیناوەردە .٩ـ لەوەتــا ـ هەم کەوان هەیەتی هەم ساز ـ بــۆ زستان دایدەخەن .١٠ـ پیتەختی ئیتالیا ـ تەپۆڵکە . ١١ـ ئەگەر شتێک بدرێتە دەستی کــەسێـک دەڵێن . . .وەری بگرە ـ لە سەری هۆگان جووتیار بۆدەنگدانی گا دەیڵێ ـ بۆ تاقی کردنــەوەی هۆش دایدەهێنن .١٢ـ سوڵتانی قودس کە لە شەڕی خاچ پەرستیدا بە دەستی سوڵتان صلاح الدیــن بە دیل گیرا ـ دەنگی گوللە .١٣ـ شارێکە لە کوردستانی تورکیا ـ نەجار کۆمۆد و دەرک و شتی وای لێ ساز دەکا .١٤ـ گراوی مەم ـ گەوهەرێکی بایی دارە و لە لەهجەیەکی کوردیــدا بــە مانای نێوە ـ دژی گۆڕایی ـ گوم . ١٥ـ لە ئاخرو ئۆخری زستاندا پەیدا دەبێ.

☟ ١ـ شاعیرێکی پایەبەرزی کورد .٢ـ خشڵ و زیوەری ژنان ـ گرتن یا کوشتنی گیان لەبەری کێوی ٣ـ پاڵەوانی بەیتێکی کوردی ـ پیغەمبەری نێو زگی ماسی .٤ـ درشت نیە ولە گەڵ درشــت دەبێ بە هەمووشت ـ زۆرخۆر تووشی دەبێ .٥ـ وشەی رێزگرتن لە ژنان ـ وشتر دەیخوا ـ کەوتنــی تووش بوونە .٦ـ راهێنان ـ وشیار و زرینگ ـ لووت .٧ـ دەم ـ برینجی پڵاوی لە سەر رۆدەکــەن تا هەڵچۆڕێ ـ بووکی لێ پیرۆز بێ .٨ـ دراوی ژاپۆنی ـ دەفر و ئامانی گڵی تێدا سوور دەکەنەوە ـ ئێمەی موکریانی ـ رێگـا ٩ـ لە بەر چی ـ پێتەختی وڵاتێکی گەورەی ئیسلامی ئەفریقـــا ١٠ـ نێوەڕاستی چۆم و رووبار ـ وتی، بە زاراوەی کرماشانی ـ بە خانەوە بە نێوشاری سەقزدا دەڕوا .١١ـ یـەک بـە زاراوەی هەورامی ـ سەرمای دوای چلان . ١٢ـ ئی مێوژە رەشکەی خۆشتر و باشترە ـ بەرق هاتو چۆی پێدا دەکا ـ مێشک .١٣ـ غیرەت ـ زمانشری .١٤ـ ساکار نیە و دێخ دێخە ـ بۆ خانووبەرە لــە هەمووشت پێویستترە ـ تازە نیە .١٥ـ بەیت بێژی بەناوبــانگ و خۆشەویستی ئەو رەحمان پاشای بابان .

پڕکراوەی جەدوەلـــی (٣)

١٥	١٤	١٣	١٢	١١	١٠	٩	٨	٧	٦	٥	٤	٣	٢	١	
ن	ی	و	ک		ن	ا	ر	ی	ە	ث	ی	ق	ە	ف	١
ز	ا	ر	و	ە	ە		و	ا	و		ە	ر	و	ە	٢
ا	ل		ن	ا	ت	س	ی	ە	ز		ک	ە	ن	ر	٣
	و	ە	ە		ر	ت	ش	و		ە	ە		ی	ە	٤
ر	ب	ی	ک		ە	ر	ت	و	ت			ب	ن	ە	٥
ن	ژ	ر	و	ک		ا	ن		ی	ت	ا	ە	ە	ن	٦
و		ا	ت	و	ی	ن		ک	ش	و		ر	و	گ	٧
و	ە	ن	ر	ب		ب	ی	ت	ک		د	ز	ە	ی	٨
	ە			ە	و	ی	ر	ک		ش	و	ە		خ	٩
ک	و	ی	س		ن	ژ		و	و	ت	ی	ف		ا	١٠
ن	ا	و	ژ	ی	ج		س	م		و		ر	ە	ل	١١
	ر	س		ە	ر	و	و	ش		م	د		ە		١٢
ل	ە	ف	ە	ک		ش	ی	ک	ل	ە	ە	ی	ت		١٣
ا	ب			د	ن	ە	ر		ی	ک		ە	ی	س	١٤
ن	ی	ش	ە	ل	ی	ک		ر	و		ە	ک	و	ل	١٥

لەنێو ئەوکەسانەیدا کەپڕکراوەی دروستی ئەمجەدوەلەمان بۆبنێرن بەپێی قورعە یەک کەس بە بەرندە دەناسرێ.جایزەی بەرندەی جەدوەل بریتی یەلەساڵێک ئابوونمانی گــۆواری سروە . بەرندەی جەدوەلی ژمارە٣ کاک مستەفا شێخە بوو لە گوندی بابخاڵویی شنۆوە.

★ ★ ★

گوزارشێکی زانستی - کۆمەڵایەتی

ئامادەکردنی:قوربان عەلی کەریمی

بەهاوکاری :دوکتۆر سەمەدی قابیلی

نەخۆشی گولی

لە مەڵبەندی موکریاندا

وێڕای دەستەیەک لە لێپرسراوان و بازاڕیەکانی شاری مەهاباد بۆ دیتن و چاوپێکەوتنی ئەوانەی لە نەخۆشی گولی رزگار بوون بەرەو گوندی سەرچناری گولان دەچووین . پاش نێوان مەهاباد و میاندواو ، لامان داجادەیەکی خاکی کە بۆ دێی "سەرچنار" دەچوو.

هەوەڵ جار نەبوو دەهاتمە ئەو دێیە ،بەڵام زوربەی ئەندامانی دەستە یەکەم جاریان بوو دەهاتنە دێ گولانێک . لەدوای دەکیلۆمیتر گەیشتینە نێو دێ و دابەزین . خەڵکی دێ کە دیار بوو زوربەشیان شەکەتی دەستی نەخۆشین بەرەو پیرمان هاتن و بە رووخۆشی یەوە وەریان گرتین. دڵی ئەم بەرواڵەت نەخۆشانە مەکۆی خۆشەویستی بوو ؛ ماڵەکانیان بریتی بوو لە شەش دەست خانووبەرە کە ۱۴ماڵ و ۳۸ کەسی تێدا دەژیا پاشوت ووێژێکی کورت بەرەو ماڵەکان رۆیشتین دیواری خانوەکان لە حاڵی رووخاندا بوو. دیوی ژووری خانووبەرەکان سەرەڕای ئەوە کەلە خشتی سوور بوو ، بەڵام شێوەی لادێیی هەر پێوە دیار بوو. دوو وەتاغی بچووکی بوو کە لە سووچی یەکیاندا ئارلەسە یەک هەڵچندرابوو،لەگۆشەی ئەوی تردا پەرامێزە کۆنێک و هێندێک ئاوردوو و سێچوار لێفە شڕەی پینەکراوی لێبوو.

بەڵێ ئەوە هەموو کەل و پەلی ژیانی ماڵە گولێک بوو. لە نێویان دانیشتین دەردەدڵیان دەست پێ کرد . پیرێژنێک گوتی : کوڕەکەم لەشارە،دووی رەهنمایی دەخوێنێ ، بەڵام پوولم نیە بۆی بەرێ بکەم. پرسیم : داپیرە مانگێ چەندت



دەدەنێ ؟ گوتی: نزیک بە هەشتسەد تمەن. ژنێکیتر کە خۆشی گول و نانکەری ئەوان بوو باسی دەستکورتی و نەداری خۆی کرد وگوتی هەزار تمەن کوا بەشی پێداویستی ژیانمان دەکا ؟ یەکی دیکە گوتی : کوڕەکەم دەبێ لەشار بخوێنێ ، بەڵام پوولمان نیە دیوێکی بۆ بەکرێ بگرین . منداڵێکی ئیفلیجم دی لەسەر کورسی یەکی چەرخداردا نیشتبوو دایکی دەپاراوە چارەیەک بۆو منداڵە بدۆزینەوە. لە وەڵامدا بەرپرسی ئیدارەی بێهزیستی گوتی : پێم وانیە بتوانین کارێکی بۆ بکەین .

هەموو لە دەورەی ئاغای شوجاعی **بەرپرسی ناوەندی بەرگری لە گولی شاری مەهاباد** کۆبببوونەوە . ئاغای شوجاعی لەمێژ ساڵە ئام وشۆی گولان دەکاو پوول و شتومەکی پێویستیان بۆ دەبا .ئێستاش لە فکری قیلەتاوکردنی سەربان و سازکردنی حەمامەکە - یاندا یە .بەتێکرایی داوای ئاوردووی زستان و

لیباسیان لێ دەکرد ئەویش بەهێمنی بەڵێنی دەدانێ .

منداڵەکانیان ساغ وسەلیم لەگەڵ دایک و بابیان دەژین، یەکێک لە هاورێکان لێی پرسیم : بڵێی ئەومنداڵانەش بیگرنەوە ؟ لە وەڵامدا گوتم : زوربەی گەورەکان بە هۆی داو دەرمان چاک بوونەتەوە . دیارە منداڵەکانیش واکسینە کراون .

بڕیارمان دا هەرکە گەیشتینەوە مەهاباد کۆمەڵی لایەنگری لە گولان لە پیاوە خێرخوازو بەدڵ و دەروونەکانی شارەکەمان پێک بێنین.

گولان تەنیا بەوپوولەدەژین کە لە لایەن " مەرکەزی موبارەزە با جوزام "ی مەهابادەوە بۆیان بڕاوەتەوە . کۆمیتەی ئیمدادیش بەشێک لە خواردەمەنی و لیباسیان بۆدەنێرێ.


پێویستە بگوترێ ئاوایی سەرچنار بەڕێ یەکی لادێیی لە سەرچناری گولان جوێ دەبێتەوە و ئەم ڕێگایە ئیسفالت نەکراوە .یەکێک لەویستەکانی دێی گولان ئەوەیە کە جادەیان بۆ ئیسفالت بکرێ .بەڵێنییان دەدەینێ ئەو داوایە بە بەرپرسانی جەهادی سازندەگی رابگەیەنین .

بەکۆڵێک داخ وحەسرەتەوە ماڵ ئاواییان لێ دەکەین .

بەو هیوایە جارێکی تر بە دەستێکی پڕەوە گەڕێینەوە لایان . ئەوجار بەرەوگوندی " سیاقۆڵ" وەڕێ دەکەوین تا بزانین لەوێ چ باسە .

گوندی "سیاقۆڵ" ڕێ گولانێکی دیکەی ناوچەیە کە لە نێوان سەردەشت و مەهاباد هەڵکەوتووە .

پێنج دەستە خانووبەرەیە کە ٩ماڵ و ٣١ کەسی تێدا دەژی . بۆ گوندی سیاقۆڵ حەمام و نانەوەخانە دروست کراوە .



" بەسری

دێ گولانێکی‌تر بە ناوی "بەسری " لە ناوچەداهەیە کە ٥٢ کەس و لە ١٢ دەستە خانووبەرە دا دەژین .ئەوان جگە لە حەمام فێرگەشیان هەیە . بەڵام ئەوانیش دەردی دڵیان زۆرە . دێ گولان جێی ئەوانەیە کە بەهۆی نەخوشی دوور ئاوایی کراون .

گولی (جذام)

گولی یەکێک لە نەخۆشییەکانی وڵاتە کە لە نێوخەڵکدا " خۆرە "ی پێ دەڵێن .

ئەو نەخۆشییە لە میسر ،هیندو وڵاتی ئەفریقای مەرکەزی و غەربی ، چین ، نیجریا و کۆنگۆ . هەروەهالە ئامریکای جنووبی ، هیندو ، پاکستان و ئەفریقای رۆژهەڵاتدا بڵاو بۆتەوە .

بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و تەحقیقاتی کارناسان ، هەموو جۆرە گولییەک لە وڵاتی ئێمەدا هەیە کە زۆربەیان "موسرین". تەمەنی گرتنەوەی نەخۆشی لە یەک سالەرا تا حەفتاوپێنج سالەیە . بەڵام زۆرتر لە نێوان ١٤ تا ٢٤ ساڵدا دەبیندرێ . نەخۆشی گولی زۆرتر لە لادێ دەبێ. بە هۆی هاتن و کۆچی دیهاتییەکان بۆ شار و ئاڵ و گۆڕ ،بە تایبەتی موهاجیرەتی خەڵکی دەرەوەی وڵات کە زۆربەیان لە وڵاتانی گیرۆدەی نەخوشییەوە هاتوون ، ئەوئازارە گەیشتۆتە شارە گەورەکانیش لە گوندەکانی وڵاتی ئێمەدا لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی بێهداشتی و پاک و خاوێنی فەردی وکۆمەڵایەتی ، نەبوونی

خانووبەرەی باش و حەمام ، ڕەچاو نەکردنی بێهداشتی لەش ڕێ بۆ گیرۆدە بوون گەلێک ئاوەڵایە .

لەلایەکی ترەوە نەخۆشی یە. چڵکی و ئەنگەلی و پێستی یەکان و هەروەها پشت گوێ خستنی بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییە ناسراوەکان و نەبوونی بەرنامە - یەکی بەربڵاو وهەموولایەنە بۆدۆزینەوەی نەخۆشیش دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

ئەگەر کوو نەخۆش لەسەریەک و بۆ ماوەی خۆدەرمان بەکار نەیەنی پاش ماوەیەک نیشانە- کانی نەخۆشی پتر خۆ دەنوێنن و پیاو تووشی ناڕەحەتی و ئازار دەکەن .

شوێنەوارەکانی پاش نەخۆشی

لە تایبەتییەکانی نەخۆشی گولی لەئێراندا ئەوەیەکە ئاسەواری خراپی لێبەجێ دەمێنێ. گولی لە مەڵبەندە ساردەکانی ئێراندا وەک نەخۆشی دەمار (بیماری عصبی)خۆ دەنوێنێ . بەگشتی ناڕەحەتی عەسەبی وەک ئیفلیج بوونی ئەندام،وبەتایبە - تی چاوئێشە لە ئێراندا دەبینرێ .

گولی بەهۆی "میکۆباکتریۆم لیپرە" (باسیلی هانسێن)بڵاو دەبێتەوە . ئەوانەی لە مەڵبەندێکی خاوێنرا بۆ جێگایەکی باسیلاوی بڕۆن دەیگرنەوە . هەرئەونەخۆشانە لە کاتی گەڕانەوەدا دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی نەخۆشی لە ماڵی نێو خۆیان وبێتوو بەرگری لێنەکرێ خەڵکێکی زۆر تووشی دەبن .

باسیل لە ڕێگای پێست و هەموو موخاتێکی داڕووشاوی لەشەوە وەدەر دەکەوێ. چونکوو موخاتی کەپۆ ئەوەڵین جێیەکە کە نەخۆشی دەیگرێتەوە ،بۆیە موخاتی دەموزار ،کەپۆوگەروو کەپڕن لە باسیل ڕێگای ئەسڵی دەرچوونی باسیل لە لەشن .



باسیل بە نێو پێستی داڕووشاوی وەک : " برین " "شوێنی دەرزی لێدان " دا - ڕووشان بەهۆی خوراندن" ،"خاڵ کوتان"و ...وەدێتە نێولەش.

لەبابەت هۆیەکانی یارمەتی دەری نەخۆشییەوە دەبێ بگوترێ هەرچەند لە بڵاوبوونەوەی باسیلی گوایدا دوو عامیلی " **هێرشی باسیل**" و " **هێزی بەرگری لەش**" تەئسیریان هەیە بەڵام ڕەنگبێ عەوامیلی بیۆلۆژ- -یکی بتوانن وەزعەکە بگۆڕن .

ئەو کەسانەی لە تەمەنی منداڵییەوە بکەونە بەر پەلاماری باسیلی نەخۆشی گولی زووتر تووش دەبن ، لەووڵاتانەدا کە ئەم نەخۆشی یەی تێدا هەیە منداڵ دەیگرێ و گەورەش دەیگرێتەوە .

هۆ گەلێکی دیکەی یارمەتی دەر،عەوامیلی کۆمەڵایەتین وەک زۆربوونی ئەندامانی خاو خێزان ، نەبوونی شت ومەکی پێویست ، نەبوونی بێهداشت و خانووبەرە .

زۆرتر ئەوانە گیرۆدەی گولی دەبن کە گوێ نادەنە پاک و خاوێنی لیباس و جێ خەوتنیان . یا بە هۆی دەست کورتی و نەدارییەوە بۆیان نالوێ . ئەوەی کە سەلماوە ئەوەیە کە دابین بوونی ژیان بە ئیمکاناتی بێهداشتی بە تایبەتی بێهداشتی کۆمەڵ و فێرکردنی گشتی بێهداشت دەبێتە هۆی بەرگری هەموو لایەنە و بنەبڕکردنی ئەم نەخۆشی یە .

بەرگری

باشترین ڕێگەی بەرگری لە

گولی بەگوێرەی ئەوشتانەی باسیان کرا ناسین ودیتنەوەی نەخۆش و جوێ کردنەوەیان لە خەڵکی دیکەیە . پێویستە چلۆنایەتی گرتنەوەی نەخۆشی-یەکە بزانین .

الف : گرتنەوەی راستەوخۆ لە مرۆ بەهۆی تف ، چڵم ، بەڵغەم و برین .

ب : گرتنەوەی ناڕاستەوخۆ بە هۆی جلک وهەرشتێکی باسیلاوی بێ .

کەوابوو باشترین رێگەی بەرگری بریتیيە لە :کەمکردنەوەی ئام و شۆی ساغ و نەساغ . بۆ دابین کردنی ئەم گرینگەدەبێ چەند خاڵی ژێرەوە لەبەرچاو بگیرێ .

- ناسینی گول
- دەرمانی نەخۆش

لەو وڵاتانە کە گولی هەیە چون منداڵەکان زووتر لە گەورە ساڵان دەیگرنەوەدەبێ زۆرتر چاوە دێریان لێ بکرێ تا هێزی بەرگری لەشیان پتر بێ .

رێگای بەربەرکانی دژ بە نەخۆشی گولی لەئەسڵدا بەرگری لە نەخۆش بوونە و ئەوانەن :

- دۆزینەوەی نەخۆش (ئەوانەی کەتازە گیرۆدە بوون)
- داودەرمان
- کۆنترۆڵی ئەو نەخۆشانە کەلەژێرچاوە دێری دان .
- چاوەدێری و بەرگری لەپەیوەندی .

بۆ دۆزینەوە وناسینی نەخۆشەکان دەبێ هەموو خەڵکی ناوچە و دێهات موعایەنەی پێستی بکرێن . هەر وەک ئەزموون سەلماندوویەتی موعایەنەی ٨٠٪ ی خەڵکیش بەس نیە .

- موعایەنەی گشتی قوتابیانی ناوچەی باسیلاوی . ئەم کارە بێتوولە سەریەک و دوابەدوا درێژەی پی بدرێ دەبێتە هۆی ناسینی نەخۆشە-کان لە سەرەتای نەخۆشییانەوە و دەکرێ زووتر دەرمان بکرێن.
- لێکۆڵینەوەو پرسلە دەور وبەری ئەوانەی تازە تووشی نەخۆشی بوون . و موعایەنەی بنەماڵەوهاوسێکانی. بەگشتی ئەوانەی پەیوەندی-یان دەگەڵ نەخۆش هەیە .
- بنۆسەکانی نەخۆشی
- لەکاتی نەخۆش دۆزینەوەدا دەبێ بەرنامەیەکی باشی بێهداشتی بەتایبەتی لە گوندەکان بڵاو بکرێتەوە .

چون دێ گولان لەناوچەدا بڵاون و هەموولە سەریەک نین ئیمکاناتی یارمەتی گەیاندن و "واحیدی خەدەماتی" وەک: نانەواخانە ، قوتابخانە ، حەمام ، دەرمانگا و...گەلێک دژوارە . بۆ لە نێو بردنی ئەم کۆسپە دەبێ شارۆچکەیەک دروست بکرێ تا ٣٣٥ گولی ناوچەی تێدا نیشتەجێ بن . ئەگەر بۆ مەسئوولان نەلوێ باشتر وایە لەزەوی یەکانی دەوروبەری"سەرچناری گولان " بۆ کۆ کردنەوەی ئەمنەخۆشانە کەلک وەربگیرێ .

مەسەلەیەکی گرینگیتر پێک هاتنی کۆمەڵی لایەنگیری لە گولانە ، کە پێشتر باسی کرا. دەبێ کە هەموو خێر خواز و ئینساندۆستێک بەپێی هێز و توانا یارمەتی ئەو چارە-رەشانە بدا . دیارە نەک هەر خەڵکی مەهاباد بەڵکوو هەموو خەڵکی خێر خوازی کوردستان لە : فەرهەنگی ، کارمەند ، بازاڕی و ... بۆ یارمەتی گەیاندن بەو لێقەوماوانە ئامادەن .

دوایین پێشنیار ئەوەیە کە کار و باری بەرهەم هێنان و کار بەوانە بسپێرن وەک : ئاژەڵداری و ...تا بتوانن بژیوێک بۆ خۆیان وەدەست بێنن و نەبنە سەرباری کۆمەڵ. خەڵکی بەشەزەفی ناوچە دەتوانن لە بەڕێوەبردنی کار و باری سەر بەو ناوچەیە وەک دروست کردنی شارۆچکە ، نانەواخانە ، فێرگە ، حەمام دەرمانگا و بەشەکانی دیکە هەر چەشنە یارمەتی یەکیان لە دەست دێ بۆ " انجمن حمایت از جذامیان "ی بنێرن. خودا جەزای بەخێریان بداتەوە وروووسووری دنیا و قیامەت بن .

هەواری شیعر

شەب و رووز

«مەلای جزیری»

تودزا نــی ب خودێ من تو خیا لی شـــەب و رووز
ب خیا لا خوه مەدا م مـن تو ل با لی شــەب و رووز

هەر ب میزا ن دڕەشینی جەگەرێ تیر و خـــەدەنـگ
ژنەسەق سا عیقە مەژ قەوسێ هیلالی شەب و رووز

میسلی گۆیین تە رەوا ن نا ل ژ دلێ مسکین تێـــن
ئەم نزا نین تو چرا هەڕوە دنا لی شـــەب و رووز

تەب فەریا د و ڤغا نا ن ب خوە بولبول کــــەڕکـرد
اللە اللە ژچ دەردێ وە دکا لی شـــەب و رووز

داکوو دلبەر قەدەمێ لێ بنەهەد رەوشەن کــــەت
لەوتوو خوونێ وە ژ چەهڤا ن ڤەدما لی شـــەب وروز

تەتنێ زەوق و سەفا کرب سەیێـــن دلبـــــەرا
سەرنخوون گەه شوبی نوونگەه وەکوو دا لیشەب و رووز

فتوەیا پیری "مەلا" یا ن توب ئیلها مێ نەبـــی
ڤێ مەیێ هەر وەدنۆشی ب حلالی شـــەب و رووز

ولّم کە

«شامی کرماشانی»

پـــەریشا نـــم پەریشا نم ولّـــم کـــە
دوچـــا ر دەرد پنهـــا نـــم ،ولّـــم کـــە

وەدەردم ئـا شنـا کــردی نــەکــردی
ستەمگەر فکـر دەرمـــا نـــم ، ولّم کـە

ولّمکەتا نەوەیت کەس پـــەی وەدەرد م
دووســێ رۆژێ کــە مهما نــم ولّــم کــە

نەگرت کەس دەعوەتم خوەم بیمە مهمـان
وەکـا رخوەم پـەشیمـا نـم ولّـــم کـــە

نەسا خت من وەفوولادە نەوە ســەنـگ
هەف هەشت دە تیکە ســوقا نم ولّـم کــە

تەنم زا نم نەسیبـی مـورو مـــا رە
نە مــوورم نە سولەیمـا نـم ولّـم کـە

وەوا ویلای دلّ هــەر شــەو رەوا نـــە
ســرشک غــەم وەدا ما نـــم ولّـــم کــە

گوزەشت فەسـلّ بـەها رو موســم بـاغ
وەفکر لــەرز زمسا نــم ، ولّـم کـــە

لەوەترسم‌بکیشد کـــا ر وەهـــــ!وار
نەکەی کەس گـــوش وەئەفغا نــم ولّم کە

وەکا م دوشمەن بووەم ئەی دووس شکایەت
کە دووس بی قا تـــلّ گیا نـم ولّـــم کــە

ولّم کەولّ کەرت نیم سوب لـە مەحشـــەر
تو کردی خـا ر دەورا نــم ولّـــم کـــە

تۆ کردی بێ سەروسا ما نی " شا مـــی "
وەمەولا خـوەم قەشەنگ زا نم ولّم کـــە

تەم رەوێن «حەقیقی»

کورتە چیرۆکی بەسەرهاتی ژیان
چاری ناکا دەفتەری حەفتا مەنی

من گوتم حەوسەدمەنی پێ رادەگا
ئەوسەری لێ راوەشاندم پێکەنی

بەرهەمت چی بێ لەشیناوەردیژین
کاتی شین بابردەلەیبەربا وشەنی

ویشکەلێتا وسووتەشەمچێکی بەسە
کۆنە کۆخێکی بەچرپیمان تەنی

لای من وتۆرا یجەدنیا ،دەنا ....
را یجێکی نایەنێ دنیای دەنی

غەیری مەلبەندیژیانم چونکەئەو
وەک بەهەشتەدەشت وکێووبەندەنی

تحتها الانها رەجۆبار وچەمی
رەوزەیی رزوانە باغ وچیمەنی

کاتی خەرمانی گولانی کێو وکەژ
بەرز و نزموشیوودۆل وچرگەنی

نەخشی بێ پرگاریسەرسینەیزەوین
موستەقیم وموستەتیل ومونحەنی

وردەئەلماسی پریشکی قەلپەزەی
ئاوی هەلدێران کەژی کردن خەنی

سوورەلەممەستوورەیە باغیئیرەم
کواخەوەرنەقکۆخیئەفگەن ئەفگەنی

ئەی گولی ئاواتمئەیسروەیئومێد
بۆنی تۆدێ بۆیەبولبول راچەنی

گەرچی نەوبووکی بەهارینیشتمان
دل رفێنەبەژن وبالاو دیمەنی

تۆیلەسەرچاویخەوالۆتەمرەوێن
تۆلەقوولایی دلن خەمهەلکەنی

خەمرەوێنی گیانەکەمزوو زووەرە
واحەقیقی چاوەڕێتە ئەزبەنی!

لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاه و هەناسەی گەرم
کەسی شێتانە بەردم تێ گرێ من بەرقی تێ دەگرم
(مەحوی)

تۆ لە ئەووەل گۆی وەفات هێنایە ناو مەیدانەوە
ئێستە چەوگانی خیلافت پشتی سەد وەعدەی شکاند
(حەریق)

زستان «پیرەمێرد»

بەیانی بوو لە خەو هەستام کەروانیم بەفرە باریوە
سلێمانی ئەلێی بەلقیسە تارای زیوی پۆشیوە
دەمێک بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم موژدە بێ باری
سەرم بەفرە ،کەچی هێشتا شەڕە تۆپەلمە بۆ یاری
لە بیرمە شێرەبەفرینەم ئەکرد سواری دەبووم بێ زین
نسێ بوو جێگەکەی ئەیبەست ئەما تاکوو دەمی هاوین
بە بەرگی سپیەوە چەند شۆخە شاخی گۆیژە بیبینە
لە رەنگی ئاسمان دلبەرترە ئەو سپیە ، ئەم شینە
هەموو پێچەکلووی بەفرێک فریشتەی خوای لە گەلدایە
فریشتە کەوتە ناومان بۆیەوا ئاشووب و هەلدایە
ئەوا سامالی کرد ،رۆژ کەوتە سەر شاخی (گلەزەردە)
بەسەر ئەو بەفرەدا تیشکی هەتاو ئەلماسی خواکەردە
بەسەر گۆنای سپیدا خشلی زێڕینە بریسکەی دێ
پەری سەر کێوی قافیش هێندە پرچی زەردی خۆی لێ دێ
لەسەرسەربان بەفر توێژالێ بەست ، وێنەی چۆڕی شیرە
قەتارەی سەر لق و پۆپی درەختان چەندە دلگیرە
چلوورەی گوێسەوانە پلپلەی زیوی کچە کوردە
سەهۆل ئاوێنەیە ، لێکدانەوەی ئەم دووشتە وردە
کە پیرێژن سەروپۆیلەی بە شینی چللە تێک ئەلا
بەهاردێ ،داری پیر ئەژیێتەوە دێتە قەد و بالا

گەلێکم رۆژگاری تال و شیرین رابوارد ئاخۆ
مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر
ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە
لەسەر کێکی تەمەن هەلناکرێ دیسان شەمێکی تر
(هێمن)

حیساباتی ئاخری ساڵ

«مەحموودی شکاک نیژاد»

ساڵی ساڵان، ئەو دەم کە هێشتا شارستانیەتی نوێ و بەرهەمەکانی لە نێوماندا پەرەیان نەگرتبوو، ئەودەمەی کە هێشتا پیرەلامپا و چراگەرچەک لەسەر کورسی و تاقەی ماڵان وەک جحێڵی سمێڵ قنجی پێچ و کڵاو قیتی بە هەوا خۆیان نیشان دەداو بەناز گڕیان لێ بەرز دەبۆوە، وەک ئەورۆ هەموو شتێک بە هەڕەمە نەبوو. هەموو شتێک بەساڵ و بە مانگ بوو. بڵێی لەبیرمان چووبێتەوە ساڵێ جارێک قاورمە ساز دەکرا، ساڵێ چەند جاران پلاومان دەخوارد، و ساڵێ جارێک بەرگمان نوێ دەکردەوە؟ بەڵێ هەموو شتێک بە ساڵ و بە مانگ بوو.

شارستانیەتی ئەودەم و ژیانی ئەوسامان بەکاوەخۆ بوو. هەرچی هەمانبوو کۆمان دەکردەوە و بۆ وەعدەی خۆیمان رادەگرت. بەهار و هاوین و پاییز کارمان دەکرد. دەچەوساینەوە، هەتا زمهەری زستانێ داخەین. بەڵام داخەکەم زۆر ساڵان تێ دەشکاین و نەدامەتیمان بەسەر دادەهات، و ئاخر مانگی ساڵ واتە رەشەمە کە بە مانگی .... هەڵکڕێنە بەناوبانگ بوو دەگەوتینە قەرزان و زارە خوارەمان لەبەر خزم و دراوسێ و ئەقرەبایان دەکرد. خودا بەوێ رۆژێ نەکا و نەیان بیننەوە، هەرچەند زۆر جاران ناچار دەبین بڵێین "هەر ئەو ساڵ خۆزگەم بە پار". ئەگەر ئەورۆ کار لە سانیەش تێپەڕیوە و هەر ئەو سانیە دەکەنە چەندسەد و چەند هەزار بەش و کاری تێدا دەکەن ساڵی ساڵان وانەبوو، پتر حیساب رۆژ ـ حەوتوو ـ مانگ ـ ۳ مانگ و ساڵ بوو. پتری حیسابەکان ۳ مانگ ۳ مانگ دەکران، کە ئەورۆش زۆرکەس هەن رۆژ ژمێرەکەیان لەسەر ۳ مانگ ۳ مانگە.

بەڵام ئەگەر ۳ وەرزی ساڵ بەکاوەخۆ کەوتبانە بەر سەرنج، ساردی و سەغڵەتی سێ مانگەی زستان وانەبوو و هەر رۆژ و حەوتوو و مانگێکی بە وردی دەکەوتنە بەر سەرنج و حیسابیان لەسەر دەکرا، بەتایبەتی ئاخر مانگی ساڵ کە بە مانگی(.....هەڵکڕێنە) و رەشەمە بەناوبانگە.

لەو مانگەدا کەم وابووە بەتایبەتی دێ نشینێک هەموو بەیانان خۆی نەپێچابێتەوە و لە گزینگی بەیانی وزەردەی سەرانی نەڕوانیبێ و جەغزێکی لەسەر دیوار نەکێشابێتەوە. هەر ئەو جەغز کێشانە خۆی زنجیرە حیساباتێکی پێک هێناوە کە بە حیساباتی ئاخری ساڵێ بەناوبانگە و هەرکە ۱۸ رۆژی لە ئاخرمانگی زستان دەما دەستی پێ دەکرا.

ئەمن بە بەشی خۆم تاق و لۆق ئەوئی ناوچەی مەهاباده و رەنگە لە جێگای دیکە وا نەبێ.

سروە داوا لە هەموو هاونیشتمانان دەکا هەرکەس حیساباتی ئاخری ساڵی ناوچەی خۆیمان بۆ بنووسی، چونکوو ئەم حیساباتە

(سروە)

حیسابانەم لە پیر و بە ساڵدا چووەکان بیستبوو و حەزم کرد بەر لەوەی یەکجاری لەبیر بچنەوە بیانهێنمە سەر کاغەز و بیان نووسمەوە و بیانخەمە بەرچاوی خوێنەران . بەلام رووم لە زۆر کەسان نا و تکام لە زۆران کرد چەند کەسێک بزەیان هاتێ و خۆیان لێ بواردم و چەند کەسێکیش بە رووی گەشەوە هەرچی زانییان پێیان کوتم کە ئەوا لێرەدا سپاسی هەر دووک لایان دەکەم .

بەلام تۆ خوا ، با ئەو ناسۆرەشم لە دلدا نەمێنێ و وەدەری خەم . " هەروەک پیرەهێمن زۆرجاران کوتوویەتی " هەلێکە و هەلکەوتووە حەیفە لە دەستی بدەین" ، وەرن نووسەران شاعیران، چازانان ، برایان و خوشکان قۆلی هیممەت هەلمالین، هەرچی لە دەستمان دێ ئەو هەلە باشە بە دەرفەت بزانین و بیکەین و دوایە بەردی پەشیمانی لە چۆکمان نەدەین؟ رەنگە بۆ زۆرکەسان گرینگ نەبێ کە سالێ سالان باب وباپیرانمان هەر کە لە گلەک دەهاتەوە دەیانکوت " ئەوە ١٨رۆژی زستان ماوە" بەلام ئەوەش بزانین چاکە کە هەر ئەو مەسەلەیە بۆ رۆژێک کە کوری کوردی رەنگە سەر لە عاسمانان وەدەرنێ ئەو"رۆژئەژمێرە " بکاتە بناخەی ئاگادارییەکانی و لە هۆیەکانی ئەو ئاکارەی مام لەگلەگی بکۆلێتەوە و بیکاتە چرای رێگای خۆی.

با کورتی ببرمەوە لە رابردوودا کە زۆریش دوور نیە نیشانەی زۆر هەبوون کە ژیانی کپ و تاریکی کوردی ئەودەمی رووناک دەکردەوە و هیوای پاشەرۆژێکی گەشەداری دەدانێ ئەمنیش ئەوا لێرەدا هەرچی وەگیرم کەوتووە دەینووسمەوە .بەو هیوایەی خوشک و براکانم وەدوای کەون و تەواوی بکەن ، یا بە هەرجۆرێک بۆیان دەلوێ بۆمی بنێرن هەتا دیسان بیاننووسمەوە و سروەی خۆشەویستیش لە چاپیان بدا . انشاءالله .

هەژدە رۆژ بمێنێ بۆ بەهار پێی دەلێن : سێ شەش یا سێشەشەی هەیاسی ، شەشیان ناخۆشە ، شەشیان خۆشە ، شەشیان خۆش و ناخۆشە .

هەر بەو ١٨ رۆژەی دەلێن: **بیستەکەی گۆرانی، ئەگەر نەبارێ لە قولتەی رانی ، گۆران چ لەچی نازانی .**

هەروا دەلێن هەژدە رۆژی زستان بمێنێ **" بای وەعدە دەلووجەی دێ".**

دەلێن هەرکە هەژدە رۆژی زستان ما لەگلەگ دێتەوە و لەوبارەدا نووسراویش هەیە و خوێنەران دەتوانن لاپەرەکانی" شاری



وێران" لە شوێنەوارەکانی کاک عەلی حەسەنیانی هەلدەنەوە و بەسەرهاتی لەگلەگی بخوێننەوە .ئەمن بۆ ئەوەی وتارەکە لە خۆرا درێژە نەکێشێ واز لە نووسینەوەی دێنم . هەر لەو رۆژەدا دەلێن : **بزن لەسەر تەنیشتێ ئەستێرەی دەخوا** ". دەلێن ١٢ رۆژی زستان بمێنێ**"حەقە با دێ"** حەقە با ئەو بایەیە کە بەفران دەتوێنێتەوە و رەشانگ ساز دەکا و بەفر خۆی لەبەر راناگرێ وکورد کوتەنی " **چۆرچۆرەی دەکەوێتە بنی**". هەر ئەو حەقە بایە ئەوەندە بە توندی دێ کە دەلێن سوانان هەلدەتەکێنێ و بە تەپلێ و دووزەلەوە دێ .**رۆژی ١١ش دزەی دێ** یانی

سەبر و لەسەرە خۆیە. هەر لەو رۆژەدا دەڵێن: **داڵ وەسەرڕا، با وەبەرڕا**. لەو رۆژەدا هەروا **وشتری پیرێژنێ وەفاڵ دێ.** حەڤدە رۆژی زستان بمێنێ دەڵێن "**بزن لەسەر گلۆپکی رێواسی سەرما بردوویە**" پێنج رۆژی زستان بمێنێ دەڵێن :

یار بە بۆزێ کیژ بە گواران
برمێ ماڵی کاول داران

لەو بارەوە دەگێڕنەوە کوڕێک تفاقی نامێنێ بیدا بە بارگینەکەی بەڵام ماڵەمامی دەیانبێ کوڕ دەچێ بۆ سەوەتە کایەک هەتا بیدا بە بارگینەکەی. مامی دەڵێ : ئەگەر سەوەتە کات دەوێ، خوشکەکەتم دەیە بۆ کوڕەکەم . کوڕ قینی هەڵدەستێ و دەگەڕێتەوە بە خوشکی دەڵێ: ئەتۆ گوارەکانت بەرە و بچۆ بەو گوارانەت سەوەتە کایەک وەرگرە.

کچ دەچی و دەڵێ: مامە بەو جووتە گوارانە سەوەتەیەکم کا دەیە بۆ بارگینی کاکم. مامی دەڵێ : زێڕم ناوێ مێرد بە کوڕەکەم بکە هەتا کات بدەمێ، کچەش قبووڵی ناکا و دەگەڕێتەوە ماڵێ، ئەوشەوە چ ناکەن بەیانی کە لە خەو راست دەبنەوە، دەبینن تاو و ساوێکی خۆشە و بن داران رەش بۆتەوە و گیا سەری وەدەر ناوە، ئەوجار کچ و کوڕ دەچنە سەربانی مامیان وکچ ئەو شیعرەی پێشەوە دەخوێنێتەوە و بەوجۆرەش دەگێڕنەوە کە کچە دەڵێ:

کوڕ بە بۆزێ کیژ بە گواران
رەش بۆتەوە بنی داران
برمێ ماڵی کاول وکادێن داران

دەڵێن ئەو مامە ناوی برایم بووە و دێی برایم خەسار بەناوی وی کراوە، لەبەر ئەوەی کایەکەی خەسار دەبێ وکچ و کوڕەش لە کابرایەک دەبن بەناوی "مووسا" و دوو دێی مووسا و برایم خەسار لە ناوچەی **گەورکایەتی** بەناوی ئەو دوانە کراوە.

بەردێکی بۆر هەیە لە **دێبوکر** کە دێیەکە لە ١٠–١٢ کیلۆمیتری رۆژئاوای مەهاباددا، دەڵێن ساڵ دوازدەی مانگێ تاو لێی نادا هەرکە تاو لێی دا ئەوە هەوەڵی زستانە.

لە دێی **لاسەگولان** (لە ناوچەی یەڵ تەمر) دارێک هەیە پێی دەڵێن"**داری سەیدئەحمەدان**" دوو کۆگا بەردیشی لە تەنیشتە، هەرکە تاو لە کۆما بەردی هەولێی دا، دەڵێن ٣٠ رۆژی لە زستانێ چووە، هەرکە کۆما بەردی دووهەم تاوی وێکەوت، دەڵێن ٢ مانگی لە زستانێ چووە، تاو کە گەیشتە دارەکە دەڵێن هەوەڵی بەهارە.

لە دێی " **گلێنان**"ی ناوچەی (یەڵ تەمری مەنگورایەتی)دا تەپۆڵکێک هەیە پێیدەڵێن (**تەپکی لاسان**) کە قەت بەفری لەسەر نانیشێ ئەگەر هاتوو بەفری لەسەر نیشت هەتا نیوەڕۆیە زیاتر خۆ ناگرێ .ئەگەر ئەو بەفرە خۆی گرت دەڵێن زستانەکەی سەختە.

دەڵێن هەر لەو دێیە گۆمێکی لێیە کە تەنانەت پاشاوەکەشی نایبەستێ ئەگەر هاتووبەستی دەڵێن زستانەکەی سەختە و ماسی دەنێو ئەو پاشاوەیدا گەرمۆکێ دەبەستن کە پێی دەڵێن "**قەڵاغی ماسیان**" ساز بووە. سەهۆڵەکە دەشکێنن و بە تەلیسان ماسیەکان خڕ دەکەنەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم لەو برادەرانەش سپاس بکەم لەبەر ئەوەی ئەو قسانەیان بۆ کردووم و منیش راستەوراست نووسیومنەوە: برایان :

کاک محمدی مینە جهانگیری :خەڵکی دەرمان محاڵی یەختەچی

کاک قادری ئاژەند : خەڵکی سلۆکی ناوچەی مەنگوران

سۆفی عبداللەرسولی: خەڵکی کێلێ و بابەکراوائی هەوشینان

کاکساڵحی قەساب (ئەحمەدنەژاد).

پاشماوەی مانگا زەرد

ئەمجاریش خێرا چوومەخزمەت شێخ مارفی کوڕی حاجی شێخ حسەین ئەویش نووشتەیەکی بۆ کردو فەرمایشی فەرموو بیکەم بە بەین شاخیا گوێچکەیشی لە دووسێ لاوە کەل کەم . ئەمانەم هەموو بەجێ هاورد، بەڵام هێشتا هەروەکوو خۆی واسە و خۆش نەبوەسەو . دوێکەیش ئاغای مودیر بۆماس سەندن ڕێی کەفتە ماڵ ئێمە کەمانگاکەی بەو حاڵە دی مۆژگاری کردم بێمە خزمەتتان.

روومەتە چرچ و لۆچەکەی نیشانەی دەیان ساڵ ئێش و ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆژگاری پێوە دیار بوو. چاوەپرووشە کانی وەکوو هەتاوی وەرزی گەڵاڕێزان تینی لێ بڕابوو ، هەناسە قووڵ و پڕ سۆزەکانی ڕەنگدانەوەی ساڵەها نەداری و دەربەدەری و چەرمەسەری بوون. پێراری ئەهاتەوە بیر کە لەگەڵ شەریفی کوڕی بۆ کرێکاری دەچوونە ئەهواز ، بەڵام پێش ئەوەی لە شیرکەتێکدا بگیرسێنەوە لە قرچەی نیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرمی هاویندا شەریف کەوتە ژێر ماشێنێکی باری ولاشەی شەکەتی لەسەر قیرتاوە ڕەش و داخەکەی ئەهواز داپلیشایەوە و ئەرکی بەڕێوە بردنی سێ کچی هەتیوی بۆ ئەم بەجێ هێشتبوو . لەماڵی دنیاش دوو هۆگان زەوی دێمەکار و مانگایەکی پیری شک دەبرد . سەری هەڵبڕی دڵۆپە فرمێسکێک بە روومەتە چرچ و لاوازەکەیدا هاتە خوار .

دوای چارەکە سەعاتێک گەیشتینە ئاوایی . بەرماڵی کابرا قەرەباڵغ بوو دووسێ کچ بەگریانەوە خۆیان دەڕنی و خەڵکیان لێ کۆ ببۆوە .کە چوومە نێو حەوشە مانگا زەرد بەقەد ڕەشکەکایەک ڕەوابۆوەو و چوارپەلی بەرەو ئاسمان ڕەق وەستابوو و نووشتەیەکی سەوزوپان لە نێوان چاوە بە مۆڵەق وێستاوەکانیدا بەدی دەکرا .

داوای لێ بووردن

١ ــ لە ژمارەی پێشوودا بەڵێنمان دابوو فەرهەنگۆکی هەر چوارژمارەی " سروە "وەک پاشکۆی چوارەمین ژمارەی گۆوارەکەمان لە چاپ بدەین . بەداخەوە فریا نەکەوتین ئەو بەڵێنی یە جێبەجێ بکەین داوای لێبووردنتان لێدەکەین.

٢ ــ "سروە"ی ژمارە سێ لەباری چاپەوە چەند هەڵەی زۆرگەورەی تێدابوو، کەبەم جۆرە ڕاستیان دەکەینەوە .

* یەکەم دێڕی ستوونی دووەمی لاپەڕی پازدە" حەرەکە ئەبێتە هۆی پچڕپچڕ بوونی" دەبوو سی و سێهەمین دێڕی ستوونی یەکەمی ئەو لاپەڕە بوایە .

* لەباسی " ڕاوەتاژی"دا پێنج دێری یەکەمی لاپەڕی ٣٥ زیادی یە و دەبێ پاک بکرێتەوە .

* لەباسی"چەند تێبینی لەسەر مەولەوی"دا لەو شیعرەی مەولەویدا کە لە ستوونی دووەمی لاپەڕی ٥٨ دا چاپکراوە لەجێگای وشەی" شەوال" بەهەڵە" شەماڵ" نووسراوە .

* لەباسی"ناڵەی‌منداڵ"دا ستوونی دووهەمی لاپەڕی ٩٤ خراپ خراوەتە سەریەک ، دەبێ جێگای ١٩ دێڕی سەرەوە و ١٨ دێڕی خوارەوە بگۆڕدرێ. یانی ١٩ دێڕی سەرەوە بچێتە خوارەوە و ١٨ دێڕی خوارەوە بێتە سەرەوە .

پاشماوەی سەروتار...

قلم، گفتیم که "مثل آن مثل تیغ است که باغبان با آن خار و خائنان با آن شار می‌چینند". همچنین ذکر شد که وسعت، گیرائی، نفوذ و ارزانی زبان قلم موجب گشته تا جمعیت قابل توجهی بدان روی آورده و جمعیتی چندبرابر از ثمراتش بهره گیرند و این خود دلیلی بود تا در کنار تلاشهای مفید و انسانی، دشمنان انسانیت و سودجویان ضدبشر بتحرک افتند و موج عظیم نوشته‌های مخرب و ویرانگر را برای نابودی استعدادها، هنرها و قریحه‌های سالم و یا انحراف و دربند – کردنشان براه اندازند. نیز گفتیم که استعمار اندیشه که برای تسلط برجمیع ابعاد زندگی مردم، شرط لازم و بلکه کافی می‌باشد، هدفی است که سیاستمداران استکبار و الحاد از قلم انتظار تحققش را دارند و در پایان ضمن دعوت از همه آزاداندیشان و اولوالالباب درجهت اقدام به مقابله جدی و بنیانی و بهره‌گیری بصلاح از این سلاح، وعده دادیم که حتی المقدور در ابعادی از تعهد قلم به بحث بنشینیم.

تعهد چیست و چه ویژگیهائی دارد؟

تعهد لفظی عربی و از ریشه عهد و بمعنی پیمان پذیری است و متعهد به کسی گویند که پیمانی بسته و البته بدان وفادار باشد، بطوریکه این صفت در او ثابت و مشبه قلمداد گردد. وقتی سخن از تعهد بمیان می‌آید باید اجزاء بحث روشن شود. برای اینکار باید به این سئوالات که تعهد نسبت به چه کسی است؟ و عهد کدام است؟ و چه ویژگیهائی بر آن مترتب است؟ پاسخ داد.

دراینجا نظر به روشنی موضوع، درپاسخ دو سئوال اول به مختصر توضیحی اکتفا کرده و سپس به برشماری ویژگیهای تعهد قلم و یا تعهد نسبت به ستمگران و طاغوتیان و خدایان مکر و نیرنگ و زورگویان رنگارنگ منظور نخواهد بود.

تعهدنسبت به چه کسی است؟و عهد کدام است؟

واضح است که در چهارچوب عقیدهٔ مشترک جامعه و اکثریت قریب باتفاق جمعیت ما (اکراد)، تعهد در قبال خداوند است و بس. یعنی ما در قبال پروردگارمان متعهدیم و درست بهمین خاطر هیچ قید غیرالهی را پذیرا نخواهیم بود. هرچند ضرورت دارد که لازم و ملزوم بودن تعهدالهی و تعهد غیرالهی را موردبحث واستدلال قرار دهیم لیکن از آنجا که این یک سوژه صرفا عقیدتی است از طرح آن دراینجا صرفنظر کرده، بلکه بلطف حق درجای خود به رسم تحقیق و بطور کاملا اندیشمندانه به نقد و بررسی کشیده شود. (۱)

روشن است که برنامه عملی منتج از تعهد نسبت به آفریدگار درمحدودهٔ روابط بین فرد و خدا و عبادات و رازونیاز خلاصه نمیشود، بلکه تعهد الهی برای تمامی شئون زندگی بشری برنامه داده و روابط و مناسبات زندگی وی (ازکوچکترین واحداجتماعی تا بزرگترینش) را معین می‌نماید و درست در همینجا ـ ست که می‌توانیم عهد را مشخص سازیم. عهد ما دراین تعهد حاکم کردن روابط و مناسبات مذکور است، اکنون روشن می‌شود که چگونه مسئولیت درقبال جامعه و مردم و خلاصه همه چیزازجماد و نبات و.... از تعهد نسبت به پروردگار ناشی می‌گردد و چگونه متعهد نسبت به خدا، مسئولترین فرد نسبت به یکایک اجزا و جهان آفرینش و بویژه مردم و خلق خداست. باتوجه به آنچه که گفته شد و با عنایت به شناختی که از این تعهد و عهد در اذهان خوانندگان عزیز وجود دارد به تشریح ویژگیهای تعهد قلم بعنوان بخشی از مجموعه تعهدات می‌پردازیم. پیشاپیش این نکته را هم بعرض

برسانیم که این بحث نه تنها به قلم بلکه اصولا به تمامی تلاشهای فرهنگی که به شکلی اندیشه، جوهرهٔ آن باشد مربوط خواهد بود. از سوی دیگر باید دانست که لازمهٔ حقیقی این بحث ذکر استنادات کافی (با استفاده از آمار و ارقام و نمونه‌های واقعی و تمثیلات مناسب و ......) و ارائه استدلالات متقن و منطقی و موشکافی عام و عمیق است که در این مقوله فرصت و امکانش وجود ندارد و باید به شکل تخصصی تحت عناوین علمی و هنری و .... از سوی صاحبنظران مورد بحث و بررسی و مباحثه و مناظره قرار گیرد و بدیهی است که ما هم بفراخور حال و درخور مقال درمعیت آن دوستان و در مقام تحقیق و تفحص، بوستان علم‌وادب را بتماشا خواهیم نشست (انشاءالله).

ویژگیهای تعهد قلم و قلم تعهد :

تعهد قلم و قلم تعهد دو تعبیرند از یک معنی و دو تصویرند از یک مفهوم که در کانونی بهم رسند، تعهد قلم همانست که گر بدست تعهد، قلم سپاری، حاصل آیدوبعبارت ساده‌تر تعهد قلم، تراوش قلم تعهد است، فی‌الحال این قلم متعهد را ویژگیهائی است که در آثارش هویدا باشد و از آن جمله است :

۱- عدم تخطی از اصول :

یکی از مسائل اساسی در اینگونه موضوعات که اگر بدرستی تعقیب وپیگیری گردد اصالت و صداقت هر حرکتی را محفوظ نگاه داشته و بالعکس سهل انگاری و بی‌توجهی بدان ضررهای جبران ناپذیری تاحد چرخش ۱۸۰ درجه از مسیر اصلی حرکت را بدنبال دارد، مسئله " عدم تخطی از اصول " است. اصول پذیرفته شده که مبتنی بر نوع تعهد و موضوع آنست باید در جمیع ابعاد که نقش قلم در آن متصور باشد بعنوان محک و معیار ملحوظ گردد، براین اساس **" تحت هیچ شرایطی نباید اصول زیرپا گذارده شده و یا اقدامی بی‌ملاحظهٔ آن معمول گردد و تغییرات زمانی و مکانی هرگز مجوز نقض اصول نخواهد بود".** هرچند که در مبحث مقتضیات زمان به اثرات تغییرات زمان در آثار قلم خواهیم پرداخت لیکن همینجا بسیار لازم میدانیم که من باب تاکید تصریح شود هر نویسنده که به بهانه‌ای آگاهانه اصول را زیرپا بگذارد متعهد نبوده و به جامعه اهل قلم و مردم بهره‌گیر از آثار قلم خیانت کرده است. **ما منکر تغییر و تحول و دگرگونی در شرائط نیستیم و هم نمگوئیم‌در حرکت قلم بدانها توجه نشود بلکه بسیار هم براین لحاظ اصرار میورزیم، منتها آنچه که باید بدان توجه داشت آنستکه صحیح نیست اصول فدای تغییرات گردد و چهارچوب کار نمیتواند بهاء تغییرات مذکور باشد.** مثلا فرض میکنیم تغییر شرائط زمانی، محیطی، و ... بگونه‌ای است که روش نگارش، عبارات و جملات و موضوعات بحث در گذشته و حال بکلی متفاوت است و وجه سابق مورد پذیرش نیست. دراین صورت آیا حق خواهیم داشت درآنها تجدید نظر بکنیم؟ و شکل جدیدی را برای کار درنظر بگیریم؟

مسلما حق ما و بلکه وظیفهٔ ما اینست که درجهت تجدیدنظر اقدام لازم را صورت دهیم، لکن باید مواظب بود که این تجدیدنظرها به چهارچوب کلی خدشه‌ای وارد نساخته و در معادلهٔ اصول صدق کند وگرنه تجدیدنظر در روش، اصول را نقض خواهد کردو اگر بپذیریم که برای تجدیدنظر در روشها نقض اصول بلامانع باشد، با فرض ضرورت تجدیدنظر مستمر در روشها و باتوجه به تغییرات آتی شرائط، اصول نیز باید مرتبا نقض گردد. ازطرف دیگر چون نقض

آگاهانهٔ هر اصلی بمعنی نفی آن و پذیرش موقت اصل دیگری است آنگاه باید نتیجه گرفت که اصل ثابتی وجود ندارد تا معیار و محک باشد. اما این نتیجه از یکطرف با فرض اولیه بحث (درمورد تعهد و عهد) سازگاری ندارد و از سوی **دیگر روشن است که در صورت پذیرفتن عدم وجود اصل ثابت و قابل قبول در شرائط مختلف، مجوز برای هرگونه خیانتی به بهانه تغییرات شرائط صادر میگردد، چنانکه در ادامه تا حدودی تبیین شده است.**

قبل از ادامهٔ بحث لازم است توجه خوانندگان عزیز را اشارهٔ به این نکته جلب کنم که موضوع "**وجود و یا عدم وجود اصل ثابت در جهان**" مقوله‌ای است فلسفی و ریشه در تفکرات و اندیشه‌های فلسفی دارد که علیرغم اهمیت، زیبائی و صلابت بحث ناچاریم از آن صرفنظر کنیم. همینقدر که با عبارات ساده آثار سوء انکار وجود اصول ثابت و صدور مجوز نقض اصول در قبال تغییرات شرائط را دانسته‌ایم برای این گفتار کفایت میکند، مجددا بازمیگردیم باصل مطلب حداقل گروه قابل توجهی از خوانندگان ما با اصطلاحات استراتژی و تاکتیک آشنا هستند، هرچند در زبان ما (چه کردی و چه فارسی) لغت معادلی که بار معنوی آنرا تماما بدوش کشد، نیست لیکن بطور اصطلاحی از استراتژی به اهداف و اصول اولیه و غایت برنامه‌ها و از تاکتیک به شیوه‌های اجرا و عمل و برنامه‌های قطعی و کوتاه‌مدت که باتوجه بشرائط متغیرند، تعبیر میشود. اکنون ضمن توجه مجدد برابطهٔ استراتژی و تاکتیک بصراحت میتوان گفت که تاکتیک متغیر باید درخدمت استراتژی ثابت باشد. با عنایت به مطالب گفته شده میتوان بطلان اتخاذ تاکتیکهائی که با استراتژی نمی‌خواند را نتیجه گرفت.

موید منطقی این مطلب این نکته است که اگر فرد، گروه و یا موسسه‌ای استراتژی خاصی را برای خود تعیین و منظور کرده و سپس درمقام عمل به روشهائی دست زند که با استراتژی تعیین شده متضاد باشد، چه تضمینی وجود دارد تا بصحت ادعای فرد یا گروه یا موسسه مذکور در اختصاص استراتژی اعلام شده بخود، اعتماد کرد؟

بنظر شما آیا هیچ تضمینی وجود خواهد داشت؟ معلوم است که پاسخ منفی خواهد بود. آیا صدور مجوز برای استفاده از اینگونه تاکتیکها عملا راه را برای فعالیت انسانهای منافق هموار نخواهد کرد تا بهنگام مچ گیری بگویند این حرفم و این کارم تاکتیکی بیش نبوده است؟ و این دقیقا همان حربه‌ای است که همواره مورد استفاده منافقین قرار گرفته است. آیا ادعای دوستی کسانیکه اینگونه می‌اندیشند خوشحال کننده است؟ آیا ممکن نیست دامی بیش نباشد؟

آیا هدف وسیله را توجیه میکند

این جمله مشهوری است که در بحثها (نوشته‌ها و صحبتها) بسیار از آن یاد میشود وما اکنون در مقام یافتن پاسخ صحیح این پرسش هستیم. ابتدا مختصرا آنرا توضیح میدهیم و سپس با استفاده از بحث، پاسخ صحیح را انتخاب میکنیم

مفهوم اینکه هدف وسیله را توجیه میکند اینستکه استفاده از هر وسیله‌ای برای رسیدن به هدف موجه و مباح است، یعنی برای آنکه به هدف برسیم (اصول و استراتژی تحقق یابد) میتوانیم از هر وسیله‌ای (هر روش و تاکتیکی)

استفاده کنیم، دراینصورت مجاز است به روشها و تاکتیکهای دست زدکه مخالف ضوابط تعیین شده از سوی اصول بوده و اعمال آنها لاجرم ناقص استراتژی وچهارچوب کلی خواهد بود اینجاست که باید در پاسخ به سوال فوق گفت که خیر هدف وسیله را توجیه نمی کنند و وسیله‌هائیکه برای رسیدن بهدف بکارگرفته میشوند باید با اصول سازگار باشند وگرنه به بهانهٔ رسیدن بهدف انجام هرگونه جنایت و خیانتی مجاز خواهد بود چنانکه در نزد پیروان آن عقیده چنین نیز هست.

براین اساس قلم هر نویسندهٔ متعهد از هرگونه تهمت و افتراء، دروغ و کذب، تخریب شخصیت، رواج فساد و تباهی، پوشاندن لباس ارزش برضد ارزشها و بالعکس، کتمان حقایق، کوری ناشی از حب و بغض (در دیدن نقاط مثبت و منفی دشمن و دوست)، بی انصافی و عصبیت کور، خیانت در امانات و دزدی (آثار دیگران)، دستکاری در گفته‌ها و نوشته‌های دیگران (بهنگام نقل مطلب) و .... بدور خواهد بود و این صداقت و درستی تنها درصورت احترام به موضوع" عدم تخطی از اصول" تحقق می‌یابد و اِلّاَقلّا.


"اِدامه دارد"

(۱) ـ لازم است یادآور شویم که ما همچون بعضی دیگر نیستیم که در تغذیهٔ مصنوعی عقیده به مردم، منحرفانه و بیهوده اصرار میورزند تا بدانحد که اعتقادات مخصوص و بیگانه را از اقصی نقاط جهان به عاریه گرفته و سعی دارند ضمیمهٔ فرهنگ این مردم نمایند. غافل از آنکه:

وصلهٔ ناچسب کی ماند بجا
غافلان از هوشیاران کن جدا

در این موضع توجه به واقعیات موجود و ارزشهای اصیل و خاص شریعت محمدی (ص) جائی برای تحیر و سرگردانی نمی‌گذارد.

هونەر و هونەرمەندانی کوردستان



کەریمی قەییوومی :

وێنەگەری هونەرمەند
مستەفا شێرزاد

لەپشت پەنجەرەوەتێی دەفکریم هێدی ولەسەرخۆ قەڵەمەکەی لە رەنگەکە وەردەدا ،بە سپایی بەسەر پارچەکەیدا دەگێڕا.

تۆزێک لە تابلۆکە کشاوە . سەیرەیەکی دایە وئەوجار قەڵەمەکەی دانا . لەسەر کورسی یەکە هەستا . چاوێکی لە دەوروبەری خۆی کرد ولە وێنەی کەوێک راما.بەدەرفەتم زانی لێی وەژوور کەوتم . سڵاوم کرد .

هەرکە ئاوڕی داوە ومنی چاوپێ کەوت بەگەرمی وڵامی دامەوە . دوای بەخێر هاتنێکی گەرم و گوڕ دەستی بەردام نەمدەزانی لەکوێڕا دەستپێ بکەم . بڵێم چی ؟ بڵێم بۆ هاتووم ؟ .

هاتووم هەتاتێر سەیری زەماوەندبکەم ؟ هاتووم هەتا هەست بەسۆز و کوڵی باڵندەکانی یەخسیری نێوچوارچێوە بکەم ؟ هاتووم تا دیمەنی جوانی شار و لادێی وڵاتەکەم ببینمەوە ؟ یا هاتووم تا حەز لە هونەر بکەم ؟ بەڵێ بەدوای هونەر داهاتبووم بەڵام کام هونەر؟ ئایا منیش قەدری هونەرم زانیوە؟ رێزم بۆ هونەر و هونەرمەند داناوە؟ یاخۆ هەر ئەودەمە لەبیرمەکە لە بەرامبەریدام ؟

تێک رامابووین . ئەو پێی سەیر بوو کەمن بەم هەموو قفڵ و قەرازەوەچم دەوێ؟منیش ئەوەم پێ سەیر بوو کە خاوەنی ئەم هونەرە بۆوا بێ هەوایە .

قەراغم تێک کردنەوە ولە مەبەستەکەم حاڵی بوو .ناو بانگی زۆر لەمەپتر دەرکردووە کەبمەوێ بیناسێنم . ئەدی چی لێ پرسم ؟ بالەزمانی خۆیەوە لە ژیانی ئاگادار بم .

من مستەفای شێرزادم کوڕی حوسێن لەبنەماڵەی فەیزوڵڵا بەگی بۆکانم . لەساڵی ١٣٢٠ای هەتاوی لەشاری مەهاباد لەدایک بووم . ئێستا رەئیسی ئیدارەی دوخانیاتی بۆکانم .

ئەوجار دەمەوێ بزانم چ ماوەیەکە خەریکەو هەوڵ


دەدا کەوالە نێوتابلۆکانیدا تواوەتەوە .

ـ بیری منداڵی تیژە ئەودەم کلاسی ئەووەڵی سەرەتایی بووم زۆرسەیر عەلاقەم بە نەققاشی بوو . ماڵمان لە تەورێز بوو .چەند ماMۆستای نەققاشی دەستیان گرتم وبوونە رەورەوەی دارەـ دارەیهونەریم دنەیان دام ، تەشویقیان کردم ، رچەیان بۆ شکاندم .تا لە دەورەی دەبیرستاندا لە موسابەقەی وێنەگەری لە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی دا بەشداریم کرد و پلەی یەکەمم وەدەست هێنا . وەدەست هێنانی ئەم پلەیەبوو بە هۆی ئەوە کە بمنێرنە ئوردووی رامسەر لەوێش موسابەقە بوو. ئێستاش نەمزانی هۆی چ بوو کە لەم موسابەقەدا سێهەم هاتمەوە . لێم سوور بوو کە هەوەڵین پلە هی منە . بەڵام ئەودەم "ضابطە "یەک نەبوو ، تەنیا "رابطە" بوو مەرجی ناسین وناساندن .

بەڵێ ئەوەی روون وئاشکرایە ئەوەیە کە هونەری نەققاشی پەیوەندی لەگەڵ هونەرەکانی دیکە هەیە .بۆوەی قسەکەم بسەلمێنم دەڵێم

ـ کاک مستەفا تەنیا لە زەمینەی نەققاشیدا کارت کردووە ؟ یابابەتەکانی دیکەی هونەریشت تاقی کردۆتەوە ؟

ـ من هەروەکی لە پێشداگوتم عەلاقەیەکی زۆرم بە نەققاشی هەیە ولە هەموو بابەتە هونەرییەکانی دیکەپتر بە دڵمەوە دەنووسێ . دەنا لە دەورەی دەبیرستاندا لە زەمینەی تئاترکارم کردووە ، گریم ،دکۆراسیۆن ،گۆرانی ، و مووسیقا بەشێکی دیکەی ژیانی هونەری من بوون ، بەڵام هونەری نەققاشی دەورێکی وەهای لە گۆڕانی هەستمدا بوو کە فیکرو زیکری خۆم بۆئەو مەبەستە تەرخان کردووە .



تائێستاچ هەنگاوێکتان بۆفێر بوونی لاوەکانەهەڵگرتووە و چ چاوەڕوانی یەکتان لە بەرپرسانی فێرگەکان هەیە ؟


ـ من ئێستاش لە حاڵی فێر بوونی نەققاشی دام . دەمەوێ تەکامول پەیدا بکەم . ماوەیەک لە فەرهەنگ و هونەر بووم لەوێ کلاسی نەققاشیمان بوو . ئەوجار کەهاتمەوە بۆکان لێرەش هاوینانکلاسمان هەیە .

بەداخەوە ئێستا لە فێرگەکاندا هیچ هەوڵێک بۆ نەققاشی نەدراوە . منداڵ لە هەوەڵ پلەی خوێندنیدا ئەگەر بێتوو بە قەڵەم و کاغەز تەنیا فێری کێشانی خەتی راست بکرێ دەستی رادێ ،من ناڵێم هەموو ببنەوێنەگەر بەڵام لانی کەم ئەوانەی ئیستعدادی ئەم هونەرەیان هەیە ، ئەو هەستەیان تێدا نەمرێ و بتوانن لەداهاتوودا وەدیووی بکەون .

دەمویست سەبارەت بە هونەری نەققاشی لەجیهاندا رای ئەم هونەرمەندە بزانم لە وبارە شەوە پرسیارم لێکرد .

ـ ئێمە لە شارێکی بچووک دادەژین . لەنێوخۆماندا هەزار کۆسپی گەورە هەیە کە دەبێتە بەرهەڵستی پێگەیشتن و پەرەگرتنی هونەری نەققاشی.

لەمێژ بووحەزم دەکرد ئەم تابلۆیانەی عەکسەکەیانم لێرەولەوێ دیتووە لەنزیکەوە ببینم هەربۆیەش سەفەرێکی شەش حەوت مانگەم بۆ ئورووپا کرد ولەوێ لە وڵاتەکانی ئینگلیستان ، ئاڵمان،فەرانسە




هۆلەند ، بلژیک ،ودانمارک نمایشگای نەقاشیم چاو پێ کەوت بەتایبەتی لە ئامیستردام تابلۆیەکی نەققاشی رامبراند زۆری شوێن لەسەر دانام و لێبڕاوی کردم کەتەواوی ئاسەوارەکانی ئەم هونەرمەندە لەنزیکەوە ببینم .

هەرواچاوم دەگێڕا هەر تابلۆیەی جوانی یەکی تایبەتی هەبوو . هەرکە قسەکانی تەواو دەبووسەری هەڵدێنا وچاوی لەتابلۆیەک دەبڕی کە دیمەنی خاسەکەوێکی سەربەرد بوو . ئەم روانینە پرسیارێکی لە مێشکمدا گەڵاڵە دەکرد .بۆوەی لەم مەبەستەش حاڵی بمبەشێوەیەک پرسیارەکەم گەیاند وگوتم :

ـ هەموو تابلۆکانت جوانن بەلام کێهەیان پتر بەدڵتەوە نووساوە ؟

ـ پێم سەیرە ! من پێم وانیە کە تابلۆکانی منتا ئەورادەیە دڵگربن . من هەرچی هەستم نەبزوێنێ خۆی لێ نادەم . هەموو تابلۆکانم سەرچاوەیان بیرەوەری تاڵ وشیرینی دەورانی ژیانی خۆمە ،من سێ کارم زۆربەدڵ بوون ،یەکیان ئەم کەوەیە (دەستی بۆلای تابلۆی کەوەکە راداشت) .



من کەوێکی نێو قەفەسم کێشاوەتەوە . ماوەیەکی چەندشەو ورۆژ دانیشتووم و ئەوکەوەم بەرامبەری خۆم دانادە .بڕوام پێبکە زۆرم سەرنج داوەتێ جوان سەیری دندووک و باڵ ولاقی ئەوم کردووە . زۆرم دەدیت بەزمانی بێزمانی هاوار دەکا من لەنا و قەفەسی شوو بێنە دەر .بەڵامبەداخەوە من ئەوەدەسەڵاتەم لە خۆمدا نەدەدی کە بتوانم لە قەفەس رزگاری بکەم . هەربۆیە تمامم گرت کە ئەوکەوەبە ئازادی لە سەر بەردێک ببینم . ئەگەر نەمتوانی ئازادی بکەمتوانیم وێنەکەی ئازادکەم ونەیخەمە نێو چوارچێوەی تەنگەبەری رکەوە . لە زۆرجێگا پێشنیاری فرۆشتنی ئەم تابلۆیەم پێ کراوە بەڵام هەرگیزرازی نەبووم لەخۆمی دوور کەمەوە تابلۆی دووهەم ئەوزماوەندەیە کە لەسروەی ژمارەسێدا چاپ کراوە .

لەچ سەبکێک داکاردەکەن .

ـ من کارەکانم زۆرتر لە سەبکی "امپرسیۆنیسم " دایە . پێوستی بە دەرفەتێکیزۆرهەیە دەبێ بچی بۆ دەرەوەی شار ، لە تەبیعەتی ئازاددا ،لە سەحراو دەشتو دەمەنی کوردستاندا وێنە هەڵگرییەوە بەڵام بە داخەوە فرسەت نیە.

زۆرباشە ئەدی ئێستا چ کارێکتان بەدەستەوە ؟

ـ من زۆرم بابەتەکانی فۆلکلۆری پێ خوشە .دەمەوێ زیندوویان بکەمەوە . بۆوێنە قەدیم دەستەیەک هەبوون بە دەهۆڵ و زۆڕناوە دەگەڕان و ورچ ومەیموونیان هەڵدەپەڕاند،دێ بە دێ

دەگەڕان و خەڵکیان سەرگەرم دەکرد . تابلۆی تازەی من ئەوەیە کە دەمەوێ ئەو مەبەستە دیسان بخەمەوە بەرچاو .

دیاربووماندووە و،لەکارم کردووە بەڵام لە دانیشتن لەلای ئەم هونەرمەندە تێر نەدەبووم . ویستم ئەمجار بزانم ئەوبەچی دەڵێ هونەر و بەکێ دەڵێ هونەرمەند.

-هونەرمەندیواقیعی دەبێ دووشتی گرینگی لەبەرچاوبێ:

یەکەم ئەوە کە :بەخیل نەبێ وئەوەی بۆ خۆی دەیزانی لە ئیختیاری خەڵکیشی بنێ و پێی وانەبێ کەوا باشە هەر ئەو ئەم کارە بزانێ وبەس . ئەم باسە تەنیابۆ نەققاشی نیە و بەڵکوو هەموو بابەتەکانی دیکەی هونەری دەگرێتەوە . چون ئەم کارە نەتەنیا بۆ هونەرمەند زیانی نیە بەڵکوو زۆریشی قازانج هەیە و دەتوانێ پەرە بە کارەکەی خۆی بدا .

دووهەم ئەوەیە کە :هونەر-مەند نابێ لە رەخنە بترسێ. دەبێ کارەکانی خۆی لە بەردەستی خەڵک دابنێ و راونەزەری خاوەنڕایان بزانێ. بەبڕوای من گەورەترین هۆی سەرکەوتنی کەسێک نەترسان لەرەخنەیە .هەڵبەت رەخنەی سازندە. واتەکەسێک کەدێ چاولەتابلۆیەک دەکا و بەقسەیەک دەڵێ ئەوحاستەی تابلۆکە ناحەزە ئەوە رەخنە نیە بەڵکوو دەبێ ئەوەش بڵێ کە ئاوابێ باشترە . من لە ماوەی ژیانی هونەری خۆمدا ئەو ئەزموونەم وەدەس هێناوە ودەزانم کە ئەگەر من تائێستا رەخنە لە کارەکانم نەگیرابا نەمدەتوانی تا ئەورادەیە تەکامول پەیدا بکەم .

بەگشتی پێم وایە هونەرمەند بەرەخنەوە پێدەگا .من ئەگەر ئەسەرەکانی خۆم لە قفڵوهاچەر نابا ئێستا هەر ئەوەندەم دەزانی کە بیست ساڵ لەمەوبەر دەمزانی .



-ئەو دەمەی خەریکی نەققاشی و دەتەوێ تابلۆیەک پیادە بکەیچ هەستێکت هەیە ؟

-من ئەودەمەی خەریکی تابلۆیەکی نەققاشیم لەدنیای ماددی هەڵدەبڕێم وهیچ پەیوەندی یەکم لەگەڵ دەرەوە نامێنێ . تارادەیەک نوقمی خەیاڵ دەبم کەزۆر جارلەبیرم دەچێتەوە وەختی نان وچاو وچان دان هاتووە.ئەم کارە دووهۆیهەیە .

یەکەم:ئەوە کە بتوانم هەستی خۆم نیشان بدەم .

دووهەم :رەنگەکان جوانتر تێکەڵ بکەم . لەسێ رەنگی ئەسڵیکە زەرد وسوور وئابییە ئەوەندە رەنگ سازدەکرێ کە پیاو سەری سوڕ دەمێنێ . خۆشترینکاتی ژیانم ئەوەیە کە لەتابلۆیەک رادەمێنم و رەنگەکانی بەدڵی خۆم هەڵدەبژێرم .

پرسیارێکی زۆربێ وەلام مابوونەوە .بەڵام نەمدەویست لەمەپتر ماندووی بکەم . کاس ووڕ لە خزمەتی وەدەرکەوتم وەک زۆربەی هونەرمەندان دڵ پڕ لەژان بەڵام پاک و خاوێن وبەدڵ وەدەروون بوو.

ڕێنوێنی

سەقز :کاک رەحیمی لوقمانی

رەخنە وپێشنیارەکانت زۆر بەجێ بوون . خوایاربێ لەبەر چاویان دەگرین .

شیعرەکانی خۆیشت لەگەڵ ئەوەی کەلەباری وشەوکێش و قافیەوە کەم و کووڕی زۆر نەبوو ،بەڵام شەقلی شیعری شاعیرێکی ناسراوی پێوە دیار بوو. بەتایبەتی لەو جێگایەدا کە دەڵێ :

لەگەڵ زوربەی‌منداڵەکان
ئەو پێخاوسەژین تاڵەکان

لەباری زمانیشەوە ئەم عەیبانەی تیدا دەبینرێ :
هەر لەم شیعرەدا " ئەوپێ خاوسە ژین تاڵەکان "دروست نیە و دروستەکەی "ئەوپێ خاوسە ژین تاڵانە"یە بەمەرجێک دەست لە دێڕی یەکەمیشی بدەی تا قافیەکەی تێک نەچێ .
هەروەها لەم شیعرەدا :

"زۆر ئاوات بوودەیبزوانین
کۆشکی هیوای دەڕازانین"

"دەڕازانین "نادروستە . چونکوو "دەڕازاندینەوە"مان هەیە نەوەک "دەڕازانین" . کەبەلەهجەی شیماڵ یانی کۆشکی هیوای دەخەواندین . بەجێگای "دەیبزوانین"یش باشتر بووبڵێی"دەیبزواندین"

ئەڵبەت زەوقی شیعریت زۆر باشەو هیواداریـن درێژە بەکاری خۆت بدەی و لەبەرهەمەکانی دیکەشت بێبەشمان نەکەی .

بێسارانی سنە :کاک عەدنان زەبیحی

هەرسێ نامەی ئێوەمان پێ گەیشتووە . زۆرمان پێ خۆش بوو شیعرەکانت بەناوی شاعیرێکی لاوی هەورامان بڵاو بکەینەوە .بەڵام بەداخەوە لەبەر هێندێک کەم و کووڕی نەمانتوانی کەلکیان لێ وەربگرین .بۆ وێنە لەم شیعرە ئاخرییەتدا:

١ ـ هەموودێڕەکان قافیەیەکیان هەیە .نەغەزەل وایە ونە مەسنەوی .

٢ ـ شتێکی تازەیان تێدا نیە و لەتەعبیری کۆن وەک " چەرخی چەپگەرد" کەلکت وەرگرتووە .

٣ ـ ئاخری زوربەی شیعرەکان "کەرد"ە کەدەبێ بە رەدیف . بەڵام قافیەیان نیە .

کەوابێ داوات لێ دەکەین لە بەشەکانی دیکەدا هاوکاریمان بکە .

ورمێ :کاک شەریفی دەستە کزەن

کوردی نووسینەکەت جوانە هیوا دارین لەباتی‌لەشیعر خەریکی نووسین بی .

مەهاباد : کاک حوسینی تەلەنگ

دیارە ئیستیعدادی شاعیریت هەیە . بەڵام لەوشیعرەتدا ناهومێدی زۆر بەدی دەکری . چاوەڕوانی شیعری تازەتر و لەبارتری تۆین .ئاواتی سەرکەوتنت بۆدەخوازین .

سنە :کاک حامیدی کەریمیان

شیعرەکەت هەستێکی جوانی تێدایە . بەڵام لەشەش جێگادا وشەی"گرتووە"ت بەقافیە هێناوەتەوە ،کەردەیفە و وشەکانی پێشتریان قافیەنین .بۆوێنە لەم شیعرەدا

عەسری بەهارە سیبەر چەن
جوان سنەی گرتووە
خاڵ خاڵی بەفری سپی
ئاویەری گرتووە

"سنەی"و"ئاویەری"قافیە نین .

بانە: کاک محەممەدی بەرزەخ

کوردی نووسینەکەت زۆر جوانە . درێژەی پێ بدە و پێت وا نەبێ هەر شیعر ئەدەبیاتە ،دەتوانی لە شیعر و نووسیندا خزمەت بە ئەدەبی کوردی بکەی سەکەوتووبی .

ئەدەبی

مەهاباد :**خوشکەفەوزیەق**

ئیستیعدادێکی باشت بۆ شاعیری هەیە .پتر موتالاّ بکە .چاوەڕوانی گەیشتنی شیعرەکانی دیکەشتین .

گوندی کاژێی سەردەشت : **کاک ع.شیواو**

کێش و قافیە و رەدیفی شیعرەکانت تەواوە و ئیستیعدادت باشە .بەلاّم هەولّ بدە بۆ ئیحساسی خۆت شیعر بلێی .جیاوازی نێوان شیعرو نەزمیش هەر ئەوەیە .

چاوەڕوانی هاوکاری پتری ئێوەین .

بۆکان :**کاک کەمال بێناو**

دیارە زەوقی شیعرت هەیە ئەگەر پتر تێبکۆشی هیوای سەرکەوتنمان بۆت هەیە .

بالکی مەریوان :**کاک عبدالله کەریمی**

یەکەم بەیتی پارچە شیعرەکەت کەدەلێ :

دەمێ نەبوو لەژێندا سەرلە سەرین کەم بێغەم
خۆم لە غەم ئەشاردەوەخانە خوێ بوولەجێگەم

زۆر جوان بوو ، بەلاّم لە وانی دیکەدا ئەوناسکی یە نابینرێ . ئەگەر پەلە نەکەی شاعیری چاک دەبی . سەرکەوتووبی .

لە کۆتاییدا پێویستە رابگەیەنین شیعر و نووسراوەیەکی زۆری دیکەشمان گەیشتۆتە دەست کە هێشتا نەمانتوانیوە پێیان رابگەین و لەم ژمارەی " سروە "دا بەهرەیان لێ وەربگرین. خوا یار بێ لەمەودوا دەیانخەینە بەر سەرنج و لە ژمارەکانی داهاتوودا هەرکامیان پێویستی بە رێنوێنی بێ رێنوێنی دەکەین .

شیعری ئەم ئازیزانەشمان پێ گەیشتووە کە وێڕای سپاس لەو هەستە جوانەی بەرانبەر بە " سروە " دەریان بڕیوە ، داوایان لێ دەکەین پەیوەندیمان لەگەلّ نەپسێنن و ئەگەر شیعر و بەرهەمی باشتریان هەیە بۆمانی بنێرن ، بەلاّمئەوەش بزانن کە زوربەیان نووسینێکی جوان و لەبار و پاراویانهەیە و دەتوانن هەرکەسە بەپێی زەوق و زانستی خۆی جگە لە شیعر لە مەیدانەکانی دیکەی ئەدەبی وەکوو پەخشان نووسی، چیرۆک نووسی ، نووسینی مەقالەی زانستی ، تەحقیقی و.... دا سەرکەوتوو بن ، سەرنجیان بۆ ئەم مەبەستە رادەکێشین و سەرکەوتنیان بەئاوات دەخوازین :

مەهاباد :**کاک فەرهادی ئێرانپەنا ،کاک عبدالله لەجێ ، کاک محەممەدی بەهرام بەگی، کاک سەعیدی ئ .**

بۆکان : **کاک کەمالی ئەحمەدی(ناسر) ،کاک قادری خدرزادە ، کاک پ . شێرکۆ عادلّ .**

سەقز : **کاک عەلی یوسف ـ زادە ، کاک مەسعوودی فەتتاحیان، کاک ئ . شەم .**

رەوانسەر : **کاک بەختیاری شەریفی ، کاک ئەکبەری حەسەن زادە .**

سنە : **کاک عەلی ئەکبەری خازە .**

مەریوان :**کاک م.مەلوول .**

ورمی :**کاک رەحیمی ئازادی.**

شنو : **کاک ئەمجەدی خزری.**

جەلدیان :**کاک عوسمانی کانی رەشی .**


شارۆچکەی زارعانی خۆی : **کاک جەمالی قشووری .**

گوندی کولتەپەی بۆکان: **کاک حەکیمی فەیزی .**

گوندی گردەبنی لاجان:**کاک ئ.رزگار .**

گوندی خوڕخوڕەی شارـ ویرانی مەهاباد: **کاک سەید خدری میر سەییدی.**

گوندی نەلاّسی سەردەشت : **کاک عوسمانی سالّحی ،**



لە سەر سەکۆی بەتاڵی ئێستادیۆم دانیشتبووم،لە بیر ڕاچوو بووم،هەستی دەستێک رایپەڕاندم ،وەرسوو- ڕامەوەدۆستێکی خۆشەویستم گوتی :

— برالە وەرزش لە مەڵبەندی ئێمەدا زۆرمەسەلەی تاقی کردۆتەوە .تۆش لە هە دەرفەتێک دەگەڕای کە قسەکانت بکەی .دەجا رابەو ڕاست ودروست هاوار بکە کە



وەرزش لەم مەڵبەندە........

بەڵێ بە راشکاوی و ڕووڕاستانە دەڵێم وەرزش لەم مەڵبەندە بێ بەشی دیوە. گیروگرفتی هەبووەو پێویستی بە فەزایەکی بلاوترهەیە کە مەسایل وکەم وکوری یەکانی بێنێتە گۆڕ.دەبێ بە وردی لەم گیروگرفتانەبکۆڵدرێتەوە گۆوارە سەرانسەری یەکان ، دەرفەتێکی تەواویان بۆ باس کردن ولێتوێژینەوەی ئەمگیروگرفتانە نیە .تەنگ وچەڵەمەی وەرزشی لە وڵاتی پان وبەرینی ئێراندا ئەوەندە زۆرە کە گۆوارەسەرانسەری یەکان ناپرژێنە سەر هەموو ناوچەکان .

ئێستاکە گۆوارێکی کوردی لە کوردستاندا بلاو دەبێتەوە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی کەم وکووری یەکان بخەینە ڕوو تا بەڵکوو بۆ بنەبرکردنیان ڕێگایەک بدۆزینەوە .

زۆرەوانی ئێمەو....

زۆرەوانی سەقزبە بوونی مورەببیانی دڵسۆزی وەک عەبباسی خاکی توانیویەتی جێگایەکی تایبەتی لە وەرزشی ئێراندا بۆ خۆی تەرخان بکا .خاکی لە درێژایی کاری بەرچاوی خۆیدا توانیویەتی شاگردانێکی وەک مرادخانی وسەلیمی پێگەیەنێ وپێشکەش بە کۆمەڵی وەرزشی وڵاتیان بکا ،ئەم دووانە بەوەرگرتنی مەدرەکی نێونەتەوایەتی مورەببیگەری بە نمرەی مومتازەوە شانازی یان بۆ ئەم مەڵبەندە خولقاندووە مورادخانی وەک مورەببی یەکی تیمی زۆرەوانی فەرەنگی بۆسەفەری مەجارستان جێگای فەخری وەرزشی بێ بەشی ئەم مەڵبەندەیە ئەوانەش بەبار هێنانی شاگردانی وەک موحەممەدی چەمەن گوڵی خاوەنی پایەی یەکەمی کێشی ٦٢ کیلۆی ساڵی ٦٣و٦٨کیلۆی ساڵی ٦٤ی موسابەقاتی نێونەتەوایەتی ٢٢ی بەهمەنی ئێران وژمارەیەکی زۆر وەرزشکاری بەئەزموون بەئەخلاقی تر توانیویانە ناوبانگی ئەم مەڵبەندە بەرز بکەنەوە دیاری زۆرەوانی یاملانە لە شارەکانی تری کوردستانیشدا جێ و شوێنی خۆی هەیە .بۆنموونە،سنە بەهادی موخبیری،فەرهادی جەعفەری عەبدوڵڵای ئەلیاسی وشاپووری عەلی پەنائەندامی تیمی میللی کرێکارانی ئێران ویەکێک لە خاوەن میداڵە سەرەکی یەکانی سوئێدەوەخۆ دەنوێنێ .دیارە هۆی سەرکەوتنی ئەو وەرزشکارانە پتر نەزم ورێک وپێکی یەکە کە لە کاریاندا وەبەرچاودێ.

کاسیب نیشانی دا ...

کاسب بەوەدەست هێنانی پلەی دووهەمی پینگ پۆنگی ئینفرادی ئێران نیشانی دا سەرکەوتنی کەسانێکی وەک ، فەریدی فەرەجپووری وجەمیلی (لطف‌اللە‌نسب) بە هەڵکەوت نەبووە وئەگەر ئیمکاناتی

باشلە کوردستانی ئێراندا ، بۆ وەرزشکارانی ئەم رشتەیە پێک بێ دەتوانن لە داهاتوودا جێگا هومێدێکی باش بن .

بەسکتبالی بێ هیزی ئێمە

بەسکتبالی بێ هێزی کوردستان زەمانێک زۆر قسەی بۆ کوتن هەبوو بەلام بەداخەوە ئێستا هێزوتوانای جارانی نەماوە .جابۆ؟


ئەمە پرسیارێکە بۆ هەموو وەرزشدۆستانی بێ وەلامماوەتەوە .هیوادارین بتوانین لە داهاتوودا بە شێوەیەکی بەربلاوترلە سەری بڕۆین .

جەمیلی تەوانایی و تیمی میللی

پێویستە یادێکی جەمیلی تەوانایی دەوەندەی بەهێز و نوێنەری ئێران لە رشتەی ٣٠٠٠ میتری بەمانیع بکەین کە ئێستا بەرپرسی تەربیەت بەدەنی کرێکارانی ئوستانە ولە موسابەقەکاندا بەشداری ناکا .بۆ روون کردنەوەی پتری ئەم مەبەستە خوایار بێ لە داهاتوویەکی نزیکدا وتوویژێک لە گەل کاک جەمیل وشەهرزادی حەزرەتی لە قوروەوە پێک دێنین و لێرەدا بە کورتە باسی دەو و مەیدانی دوایی دێنین .

لطف اللەنسب وبەهرامی ..

بەلام لە لایەکی ترەوە (لطف اللەنسب)و بەهرامی دوو مورەبی فووتبالی شاری سنە بە ئامادە کردنی تیمێک بۆموسابەقاتی گشتی دەستەی دووهەمی قودس زەحمەتێکی زۆریان کێشاولە پلەی یەکەمی موسابەقاتدا سەرکەوتن .بەلام بەداخەوە لەپلەی دووهەمدا نەیانتوانی لەم هەلەباشە بۆ چوونە نێو دەستەی یەکەم کەلک وەربگرن لە سالی داهاتوودا کێشەیەکی سەختتریان لە پێشە چونکوو دووتیمی بەهێزی دەستەی یەکەم هاتوونەتە نێودەستەی دووهەمەوە .



محەممەدی چەمەن گولی خاوەنی پلەی یەکەمی ٦٨ کیلۆی زۆرەوانی فەرەنگی ئێران

داوەرانی بۆکان وهەیئەتی ..

ماوەیەک بوو ،نەک هەر بۆداوەری ئەوموسابەقانەی کە بە بەشداری تیمێکی میوان بەرپادەکران .بەلکوو بۆ موسابەقەی نێوخۆیی تیمە بۆکانی یەکانیش داوەری شارەکانی تریان دەهێنا . ئەمەش ببووە هۆی بەخۆداشکانەوەی داوەرەبۆکانی یەکان وبە هێزتربوونی ئەم گومانە کە ئەم داوەرانە دەسەلاتی بەرێوەبردنی موسابەقەکانیان نیە .بەلام دوای لاچوونی ناکۆکی نێوان داوەران و هەیئەتی فووتبال بە داوەری کردنی چەند موسابەقەیەک نیشانیان داکە لە رادەی باشترین داوەرەکانی ئوستاندان .

پرسپۆلیس ،کارۆ ....

تیمگەلی پرسپۆلیس و کارۆی سەقز ماوەیەکە بە یاری رێک وپێک وپشتیوانی هەموو لایەنی لاوان ومێرمندالان ودەستەی پاشەکەوت (ذخیرە) دێن فووتبالی ئەم شارە سەرلە نوێ ببووژێننەوە کە ئەم سەرکەوتنە بەهاوکاری دوو تیمی بێبەشی(شاهین) و (ساحل) وەدەست هاتووە و دەبێ ئەوەش بلێین کە ئەم دوو تیمە لە ریزی بێبەشترین تیمەکانی شاردەژمێردرێن

ئەم دوو تیمەبەهۆی نەبوونی ئیمکاناتەوە جێ وڕێ یان دایم دەوروبەری شارە .

ئەگەر ئیمکاناتی باش بۆ تیمەبێ بەشدکا نپێک بێ و ئەوان چاکتر بتوانن خۆ بۆ داهاتوو ئامادە بکەن،بۆی هەیە کە فووتبالی بەهێزی دەهەی ٥٠ی سەقز سەر لەنوێ زیندوو بێتەوە .

ناوبانگ لە شارەدوورەکانەوە بانگێشتن دەکەن و جاری واشە سەرکەوتنیان دەبێ کە دەکرێ بڵێین ئەو سەرکەوتنانە پتر لەوەی کاری تێکڕایی تیم بێ لە بەرهەمی تێکۆشانی یەک یەکی و فەردی وەدەست دەکەوێ .

باسو لێکۆڵینەوەی زۆرتری فۆتبالی بۆکان بۆ داهاتوو-



تیمی فووتبالی بۆکان

درەوشینەوەی فۆتبالی بۆکان

کەباسی فۆتبال کرا ناکرێ ناوی بۆکان نەیەتە گۆڕێ، دوو هۆی«رێک و پێکی» و «تەماشاچی»هەڵێکی وای بۆ فۆتبالی ئەم شارە پێک هێناوە کە دەکرێ بڵێین بێتوو ئێستا یەکێک لە دەستە باشەکانی فۆتبالی ناوچە نەبێ لە داهاتوودا چاوەڕوانی پتریان لێ دەکرێ . دیارە یاری لەگەڵ هاوسێکان چیدی بەدڵی بۆکانییەکانەوە نانووسێ و جار وبار میوانی بە

یەکی نزیک تەرخان دەکەم. بەڵام پێویستە دوایی کەمەوە کە ئەو سەرکەوتنانە بەهۆی تێکۆشانی یاریکەران (بازیگران) و مورەبی گەلێکی وەک "تووتوونچی"،"کۆچەری" و "فاڕووقی ئێلخانیزادە"یە کە لە تەمەنی چل ساڵیدا بیرەوەری " عەلی پەروین "لە مێشکدا زیندوو دەکاتەوە .

جێی سەرنجە هاتنی دەهەزار کەس لە شارێکی چکۆلە وەک بۆکان بۆ موسابەقەو کەسانێک وەک

حاجی بێهنام بە پتر لە ٥٠ ساڵ تەمەن، شار بەرەو گەشە کردنی وەرزیشی دەباودەیان و سەدان حاجی بێهنام دەکێشێتە نێو ئیستادیۆمەکەی شارو لاوان بەرە و خەباتێکی وەرزیشی هان دەدا .

ئێلخانی زادە :من رازی....

بۆ ئەوەی وا بیر نەکرێتەوە مەبەستی تێکدانی ئەم باوەڕە سەرکەوتن خوازانەم هەیە ، باسی لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو بۆ داهاتوو تەرخان دەکەم. بەڵام ئەوەی کە جێی باسە و تاری کاک عوسمانی ئێلخانیزادە مورەبی شارەزا و وریای بۆکانە کە دەیگوت :(بەڕاستی دەتوانم بڵێم لە یاری نێوان ئێمە و تیمی " سرخەحصار"ی تاران هەرچەند سەرکەوتن بە ئێمە بوو، رازی نیم).

کاک عوسمان لە بەرزایی سەرکەوتندا باسی کەم و کووڕیەکان دەکا . من باش دەزانم ئەوە هەموو هێز و گوڕی بۆکانییەکان نیە ، بێتو گیرو گرفتی تیمی پرسپۆلیس لەگەڵ هەیئەتی فۆتباڵ چارەسەر بکرێ ، دەکرێ چاوەڕوانییەکی زۆرتر- مان لەم شارە بێ. ئەوە جێی شانازیە کە مورەبیانی دڵسۆزی ئێمە بە سەرکەوتنێک تووشی هەوای بێ جێ نابن. هەروەک شکانیش نابێ ببێتە هۆی دڵساردی و پاشەکشە .لە


هەر سەرکەوتن و شکانێکدا دەرسێک و تەجرەبەیەک بۆ دوارۆژ دەبیندرێ .

فۆتباڵی مەهاباد وهیلالی ئەحمەر ....

لەچەندساڵی رابردوودا تیمی هیلالی ئەحمەری مەهاباد توانیویە جێیەکی باش لە وڵاتدا بۆ خۆ دیاری بکا .یاری دو یاری.باشی مەهابادی بە نێوی " جەلالی سمایلزادە" و بەتایبەتی مورتەزا گەنجعەلی لەتیمی ئوستاندا جێی سەرنجێکی پترە.چاک دەزانم ، ئەوەش هەموو هێزی مەهاباد نیە .

فۆتباڵی بانە و....

بۆ هەموو کەس ئاشکرایە کە لەم هەل ومەرجە ئەستەمەدا ، پەرەپێدانی وەرزیشی بانە کارێکی گەلێک دژوارە . بەڵام تیمی هەڵبژێردراوی بانە بە



تیمی پرسپۆلیسی سەقز



تیمی کارۆی سەقز

هاوبەشی لە چەندموسابەقەدا سەلماندوویەتی کە هەر چەند گیر و گرفتیش زۆر بێ دەکرێ

یا تەنانەت هێنانەوەی ناویان پێویستە. هێشتاش تیمگەلێک هەن کە لە ریشتە

لە وەرزشدا وەدوا نەکەون. جێی خۆیەتی سپاسی تێکۆشانیان، با قەڵەمیش توانای نەبێ، بکەم .

دەرسێک لە فاتیح ...

لە جێگایەک دەست لە نووسین هەڵدەگرم کە هێشتا زۆرم پێ ماوە .هێشتاش لە شارەکان و جێ دوور و نزیکی ناوچەدا زۆر کەسی واهەن کە لە رێبازی وەرزیشدا ، هەنگاو هەڵدێنن و ناویان نەهاتووە کە ناساندنیان و

جۆربە جۆرەکانی وەرزشیدا سەرکەوتوون و میداڵیان هێناوەتەوە کە جێی مەقالە ـ یەکی جیاوازە و لێرەداباس نەکراون . هێشتاش گیر و گرفت و کەمایەتی‌یەکی زۆر لە رێی وەرزیشی‌کوردستاندایە کە چارەسەرنەکراون و سەرنجیان نەدراوەتێ.هێشتاش کەڵە پاڵەوانی بێ ناووپیاوی خێر خواز و تێکۆشەری رێبازی وەرزش هەن کە دەست و مەچەکی پیاوەتی یان هەڵماڵیوە و ناویان نەهاتووە . دەرسێکی بەجێ لە کاک فاتیح کارمەندی تەربیەت بەدەنی سەقز فێر بووم کە گوتی :

(داوەری موسابەقەیەکی بەسکتباڵ بووم، لەسەرەتای دەست پێ کردنی موسابەقەدا تۆپم بردە لای (پێش‌کسوەتێک) کە لە ریزی تەماشاچیاندا بوو و ئیجازەی دەست پێ کردنی موسابەقەم لێ ویست..

مام جوامێر به هه‌موو هێز و توانایه‌وه خه‌ریکی پاراو کردنی ده‌غڵ و دان بوو و مێشکیشی سه‌رگه‌رمی لێک ـ دانه‌وه بوو، به خۆی ده‌گوت: خوا پار بێ ئه‌وساڵ به‌روبوویه‌کی باشم ده‌بێ، چاڵه‌که‌م پڕ له گه‌نم ده‌که‌م،

جوامێر هاتبۆوه یادی که پاره‌کانه سه‌ره‌ڕای شه‌هید بوونی سواره‌ی کوڕی به‌رهه‌می کوێره‌وه‌ری و ره‌نجی یه‌ک ساڵیشی ئاگری گرتبوو و به بره‌ی بۆمب سووتابوو، هه‌ر چه‌ند خزم و دۆسته‌کانی زوو به فریایه‌وه هاتن به‌ڵام چونکه له قه‌دیمه‌وه گه‌وره‌ماڵ بوون و که‌متر وایان لێقه‌وما بوو

زه‌وییه‌که‌ی هاته ده‌ر و به‌سه‌ر جۆگه‌دا رۆیی تا گه‌یشته سه‌ر به‌راوه‌که پێمه‌ڕه‌که‌ی له‌سه‌ر شان داگرت، شێله‌گه‌ی هه‌ڵبڕی، به شاقه‌لی چۆغه‌که‌ی ئاره‌قه‌ی نێو چاوانی سڕییه‌وه و به په‌له به‌ره‌و ئه‌و شوێنه رۆیی که خێزانی کاک پیرۆتی ده‌سته‌برای لێبوو.

تۆڵه‌ی ئه‌ژده‌هاک

خ: ئه‌وینذار

به‌شی دووهه‌م



که‌ندووی ئاردی بۆ زه‌مهه‌ر داخنمه‌وه، به‌شی منداڵه‌کانی کاک پیرۆتیش ده‌ده‌م. ئه‌وی ماوه له قه‌رز و قۆڵانی ده‌ده‌مه‌وه، وه‌ک پار، ئه‌م ده‌رک و ئه‌وده‌رکان ناکه‌م، خۆ من مردم، جاوه‌ره کوڕیشت بکوژن و نانیشت ببڕن، مام ـ

که بکه‌ونه سه‌ر ساجی عه‌لی و زه‌مهه‌ری خۆیان نه‌بێ، ئه‌م باربووه‌ی زۆر له‌به‌ر گران بوو که له‌و خه‌یاڵاته بۆوه و سه‌ری هه‌ڵبڕی ئاپۆره‌ی خێزانی مام پیرۆتی دی. پێی وابوو شتێک قه‌وماوه، له‌سه‌ره‌خۆ له نێو قوڕ و قاڵی

ملی باریکه‌ڕێی سه‌ره‌وانی گه‌نمه‌که‌ی گرت، دوور و نزیکیان بوو، دیتی هه‌ر چوار ده‌وره‌ی شوانه‌یان داوه، ئه‌ویش به په‌رێشانی قسه‌یان بۆ ده‌کا ئه‌وانیش زه‌ق ده‌یانڕوانییه زار و لێوی و که‌س ورته‌ی لێ نه‌ده‌هات هه‌ر

دەتگوت رازێکی زۆر گەورە و گرانیان بۆ ئاشکرا دەکا. مام جوامێر ئەو پیرە دنیا دیتەیە کە ئاوای دی دوو دڵ بوو، بە خۆی گوت: "حەیف نیە ئەو مەجلیسە خۆشەیان لێ تێک بدەم کە خۆشەویستی و سەفا و باوەڕی بە یەکدی لێ دەبارێ ؟! ئەمما نا ... دەبێ منیش بزانم بۆچی وا لێک هالاّ بوون، بۆ ئەوەی ناخافڵ بەسەریاندا نەدا بە ئارامی لێیان وەدەنگ هات و رووی لە دایکی شوانە کرد.

– ئەرێ... براژنەخاتوون ئەوە چاتان نیە ؟ زۆر ماندووم و ئیشتیام لە چایە. وێکڕا سەریان هەلبڕی، دیتیان ئەوە مام جوامێری لاق و لەتەر قوڕاویە، شەلاّلی ئارەقەیە، نەرمە بزەیەکی نیشتووەتە سەر لێوان و بە ئەسپایی بۆ لایان دێ، هەموو بەرەو پیری چوون، گەیشتنە پەنایان، سلاّوی لێکردن و ئەوانیش سلاّویان ئەستاندەوە و بە خێریان هێنا. دەستی بە سەری کچەکاندا هێنا، ماچی کردن و لاواندنییەوە. هەمین هەستا سەرپێ و هێندەی بلێی یەک و دوو چای دێم کرد و کەتری و چادانی هێنایە پێش. پوورخاتوون وەک هەموو سەرەژنێکی بە قسە، نەیهێشت پشوویەک بدا، ئارەقەی بسڕێتەوە یا جگەرەیەک هەلبەستێ، هەلێدایە:

– ئەوە چۆنە بەسەرت کردووینەوە؟خۆ بە خودای من هەر چاوەڕێت بووم، ئەمما دەلێی دەگەل مردنی ئەو پیاوەی دۆستایەتی تۆش دوایی هات. مام جوامێر هەناسەیەکی هەلکێشا و لە ولاّمدا گوتی:

– دۆستایەتی من و پیرۆت، دۆستایەتی نەبوو، دەسەد بریا من مردبام و مەرگی پیرۆتم نەدیبا، خودا ئەو کوڕەشم لێبستێنی ئەگەر فەرقی بایز و شوانە یا ئەم کچانە بکەم، بەلاّم چ بکەم یەکتەنم، پێناوەستم، کوێرە وەریم زۆرە، وەهەموو لایەک ڕاناگەم، ئێوە هەقتانە گلەییم لێ بکەن، ئەرکی خۆم بەجێ نەهێناوە، ئەمما چ بکەم پیرم و لەوەی پترم لە دەست نایە.

شوانە پرسی:

– ئەرێ مامە لە ئاوداشتن بوویەوە ؟

– شوانە، تا خەلاسیم هات چەقی مەرگم کرد، ئاوەکە کەم بوو، چاک هەلنەدەستا و پەلەکانیشی باش پێ هەلنەدەگیراوە.

چایەکەیان وەختی خواردنەوەی هاتبوو، مام جوامێر و شوانە ئیستکانی خۆیان بە تاڵ کرد. پوورە خاتوون و کچەکانیش وەرسووڕان و پشتیان لە پیاوەکان کرد تا چا خوراوە.

پیرە بە ئەسپایی دەستی بۆ بەر پشتێنی برد، کیسە توتنەکەی هێنا دەر، قلفەی بەنەکەی راکێشا، بە ئارامی پزووەکانی رەواندەوە، خەریکی هەلوێژنینی زارکی کیسەکە بوو، بە نەرمی سەری هەلبڕی و گوتی:

– پرسیارێکم هەیە بەلاّم تۆ خوا لێم مەشارنەوە ....

پوور خاتوون بە خۆی نەوەستا و نەشیهێشت قسەکەی تەواو کا، هەلێدایە:

– ئەیەڕۆ...چۆن شتی لە تۆ دەشارینەوە، هەرچی بپرسی جوابت دەدەینەوە.

– دە کە وایە پێم بلێن بۆ وا ئالۆزا بوون ؟

– شوانە لە شەرمان سوور هەلگەڕا بەلاّم بۆ ئەوەی پرسیارەکەی مام جوامێر بێ ولاّم نەمێنێتەوە گوتی:

– دایکم هەر لە خۆڕا دەیکاتە هەلاّ، دەبالە خۆمدا کەمێک ئالۆز بووم، ئەویش کردی بە گریان ئەوجار هەموو هاڕووژان دەتگوت تەرمی جوانەمەرگێکیان لە پێشە.

– ئەتۆ بۆ وا خۆ سەخلەت دەکەی دایکت سینگت بۆ بکوتێ و ئەو کیژۆلە هەناسە ساردانە خەم دایان بگرێ ؟

شوانە دیسان سەری لێ شێوا، زمانی تێک هالاّ نەیزانی چ بلێ، یا لە رووی هەلنەهات گرێی دلّی بکاتەوەونهێنییەکانی

بدرکێنێ ، پێدەنگ بوو ،سەری
داخست ، بەڵام هەناسەیەکی
ساردی هەڵکێشا ،لێرەدا بوو
کە مام جوامێر تێگەیشت
دەردێکی کوشندە ئازاری
دەدا و رازێکی لە دڵدایە.
پێی خۆش بوو سەرەدەری لێ
دەر بکا ، بەڵکوو بتوانێ
هاودەردی لەگەڵ بکا ،بۆیە
گوتی :

ـ شوانە ،بەرخم ،کوڕی خۆم
ژیان پڕە لە چەرمەسەری و
ئازار ،پیاو دەبێ خۆ راگرێ و
تێیدا هەڵکا ،ئەگەر لەبەر
هەژاری و نەداری نارەحەتی ،
شکور بۆ خوا ئەو ساڵ
بەرهەمێکی باشمان دەبێ و
بۆ خۆمان سەرپێکەوە دەنێین،
خۆ براله کەس لە برسان
نامرێ! رسق بە دەس خودایە
ئەگەر دەردێکی دیکەشت هەیە
زۆر حەز دەکەم منیش بیزانم
خۆ ئەگەر پێشم چاک نەبێ،
خراپتری ناکەم .

ـ خودا بۆ ئێمەت راوەستاو
کا ، مامە گیان، دنیا هێندە
نایەنێ، پیاو تا بژی پارووە
نانێک هەر دەبێ بیخوا،دەردی
من لە برسیایەتی و نەداری
زۆر گرانترە ،دەردی من دەردی
ئەو خەڵکەیە (بە پەلە بەلای
راستیدا سووڕا ، دەستی بۆ
گۆڕستان راداشت) مەرگی
ئەوانەیە پەڕ و پۆی کردوومە
و هەمیشە ئازارم دەدا ،

مام جوامێری زگ سووتاوی
رۆڵە کوژراو بێجگەلە دراوسێ
و خزم و کەس و ئاوماڵ سێ
کۆرپەی نازەنینی لە نێو
سیفەی ساردی خاکدا نوستبوون،
کە بە هۆی بۆمبارانی پەیتا
پەیتای دوژمنی بەعسی شەهیدکرا
بوون ، برینی کولاوە و
دیسانیش چاوەکانی پڕ لە
فرمێسک بوونەوە بەڵام بۆ
ئەوەی ئاوی چاوی نەڕژێتە
خوار ،سەری بەرز کردەوە و
گریانەکەی قووت داوە ،
زیبکی پیاوانەی خۆی
پاراست ، سیغارێکی تری
داییساند و بە گرژی رووی
دە شوانە کرد و گوتی :

ـ بەڵێ هەرچی دڵمان
پێوەیە لێمانی دەستێنن ،
هەر کەسێکی خۆشمان دەوێ
لە هەموان پتری شپرزە
کردووی ؟

شوانە وەک لە بیری
نەمابێ لەگەڵ کێ قسە دەکا ،
بە راشکاوی دەستی بە قسە
کرد وەک لەگەڵ ئاواڵەکانی
بدوێ ، دەریای ژان و ئازاری
شەپۆلی دەدا ، دەنا ئەو زۆر
لەوەی شەرمێونتر بوو، لەلای
پیرە پیاوێک یا لەکن دایکی
ئاوا رەپ و راست لە ئەوین
و دڵداری خۆی بدوێ و لێفە
لەسەر هەتیوان هەڵداتەوە
بە درێژی لەسەر خۆشەویستی
و مەرگی خۆشەویستەکەی بڕوا.

ـ مامە گیان ئەم ئاگرە
راستەوخۆ دەجەرگ و هەناوی
منیش بەربووە . گڕفەی ئەم



دەیمرێنن ، دەزانی بۆ؟ تا
تۆڵەمان لێ بستێننەوە ، تۆ
دەزانی بێجگە لەو هەموو
دۆست و نزیکانەم سێ رۆڵەی
شیرینم ،بڕبڕەی پشتم ،گۆچانی
دەست و کوڵەکەی ماڵم بەم
ئاگرە سووتاون، تۆ کێت
هەڵقرچاوە و بۆتە خەڵوز ،
دەمەوێ بزانم مەرگی کێیە
ئاگرە ماڵی وێران کردووم،
هێلانەی لێ شێواندووم، زۆر
هاورێ و خۆشەویستی بەرەو
دنیای نەبوون لێ رفاندووم
وەک شاعیر دەڵێ :

هەڵیپرووزاندووە لێم زۆر گوڵی گەش
مەرگ زۆر خۆشەویستی گرتمە باوەش

بەڵام لە هەموان گورچووبڕتر ئەو زەبرەیە کە مەرگی خۆشەویستەکەم لێی وەشاندووم ، (رووناک) چڵە پۆپەی هەرە بەرزی ئاواتی ژیانم بوو ،نزیکە سێ ساڵ بوو یەکترمان خۆش دەویست ، بێ یەکتر هەڵمان نەدەکرد ، بەڵێنمان پێک دابوو ، ئەویش مەدرەسە تەواو بکا ئەوجار پێکەوە بژین . لە ئەوین و عیشقەکەماندا ئەوەندە پاک بووین کە قەت درۆمان لەگەڵ یەک نەدەکرد ،بەڵام ئاخ...حەیف و هەزار مخابن ئەویش وەکوو زوربەی جوانەمەرگەکانیتر بوو بە دەستە چیلەی ئەم



ئاگرە بێ ئامانە ، بە هۆی بۆمبارانەکەی زستانی رابردوو بە رووسووری بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد و بە هەزاران ئاوات و ئارەزووی ژێرینەوە کەوتە نێو گۆڕی تەنگ و تاریکەوە بەڵێ .. . بەڵێ مامە گیان ئەم ئازارەیە بڕستی لێ

بڕیوم و لەباری رووحی یەوە ئەوەندەی تەنگەتاو کردووم کە ژیانم بە تەواوی تاریک دەبینم ،تاریک تاریک وەک شەوە زەنگێکی بەسام و پڕ مەترسی .

مام جوامێر کە تا ئێستا بێدەنگ ببوو و بە وردی گوێی دابووە قسەکانی شوانە هاتەوە بیری کە ئەویش سێ جاری ئەم چارەڕەشیە تووش بووە کە رەنگە زامی دڵی زۆر لە ناسۆری شوانە بە سفت و سۆتر بێ بەڵام ئەو پیرە پیاوێکی بە ئەزموون بوو ، غیرەتی وەبەر خۆ دەنا ، دەیزانی ئەگەر تاقە فرمێسکێکی لە چاوان بێ ئەو پتر پەشێو

دەبێ و ناتوانێ خۆی بەربەست بکا ، جا بۆیە بە دڵسوزیەوە رووی تێکرد :

منیش زۆر لەو کارەساتە بە پەرۆشم و خۆم بە شەریکی خەمانت دەزانم بەڵام هیچ دەزانی لە قەدیمەوە گوتوویانە دۆستایەتی دەگەڵ مردوو ناکرێ ، جا پیاو نابێ

وابکا لە پێ بپەڕێ ،پەڕۆیەکی لە مامە پیرەی خۆت دادڕە ، چاو لێ بکە دوو شێرە کوڕی چۆنم لە دەس داوە ،دەشزانی کە بێری چاو جوانم کوو لە خوێندا گەوزی ، ئەو خۆشەویستانەیان ئاوا لێ ئەستاندووم و خەلە و خەرمان و بەرهەمی کوێرەوەری خۆم و ماڵ و خیزانەکەشیان لێ سووتاندووم ،دیسانیش دەبێ بە خۆ بوەستم ،تۆش هەروا ، ناچاری تەحەمول بکەی .

شوانە بێ وڵام مابووە سەرێکی بادا و بە تووڕەیی پرسی :

ـ باشە مامەجوامێر پێم ناڵێی بۆ وامان لێ دەکەن ؟ بۆ دەمانکوژن؟ بۆ ئەم ئاگر و ئاسنەمان بەسەردا دەبارێنن ئاخر تاوانی ئێمە چیە؟!!!

ـ کەسی مامی رەنگ بێ تۆش بزانی بۆ وامان دەگەڵ دەجووڵێنەوە ، شارەکانمان بۆمباران دەکەن،ئاواییە-کانمان دەسووتێنن ، خۆشەویستانمان لێ دەستێنن ، نانمان دەبڕن ، قووتی گیان و هێزی لەشمان بە تاڵان دەبەن ، بەڵێ.. تا تۆڵە وەرگرنەوە ، تۆڵە ...تۆڵەی ئەو خوێنمژانەی کە دەرۆستمان نەهاتن و قەتیش هێزی ئێمەیان پێ لە نێو ناچێ .

ـ بەڵێ تۆڵە ... تۆڵە... تۆڵەی ئەژدەهاک ...

دیاری

مەتەڵ

سایەقەی ساماڵ
هەوری فەڕەنگی
دوو ئاولەیەک جام
هەر یەک لە رەنگێک
" هێلکە "

بلوورین گومبە دێکم بوو
مانگ و رۆژی تێدا بوو
کە رۆژ هەڵدێ لەنێو گومبەد
بلووری شووشە دەشکێنێ
ئەگەر مەردی و مەتەڵزان
بە بیری خۆت هەڵی بێنە
کە چۆلەکەش هەڵی دێنێ
" هێلکە "

قەڵای گەچی
رێت نیە بچی
" هێلکە "
کڵاوی هەمزە پاڵەوان
نە تیکی هەیە نە درووما ن
" هێلکە "

پەندی پێشینیان

★ زستان سەرهەڵوەشێن بێ
کلک هەڵوەشێن نەبێ.
★زستان راشەوێ،
پیران راتووێ،
بۆران راهەوێ.
★خودا کێوان دەبینێ
بەفریان داوێتێ.
★بەزستان جارێک دەڵێن
سارده.
★زستان شەوێکی بمێنێ
کاری خۆی دەکا.
★مانگی ئادارێ،
ببارێ تاگوێی دارێ،
نامێنێ تا ئێوارێ.
★برامان برایەتی
کیسەمان جودایەتی.
★بدە لە هەرد
مەدە لەپردی نامەرد.
★ئەوەی هەڵیگرت شمشێر
نابێ بترسێ لەشێر.
★کەر وەچست و چابوک
باوار نەوە رۆ ،
ژن وەنگ و ناموس
با کار نەکەرۆ .
★خووی شیری تا پیری.

★ جەرب ریا ئاڤێ ڤە دشکێت
★ داری ستوێر نابت کۆپال
★ کەنگی بباری هنگێ زستانە
★ کەو عەزمانێ کەوی دزانت
★ دەستی تنێ دەنگ ژێ نایێ
★ خۆش خەبەرە بەلێ من نەباوەرە
★ شوغلا بچویک مەزن نەکە
★ بەحرا شینە و ئاڤ تێ نینە
★ دیزکا کەڤانی بشکنێت بێ‌دەنگە
★ گوتنێن مەزنا نەقشین لە بەرانە

« من پیرترم »

رۆژێکی گورگێکی برسی لەگەڵ رێوی‌یەک دەبنە هاوسەفەر. لە رێدا گورگ زۆری هێرش بۆدێ لەپڕ روو لەرێوی دەکا و دەڵێ:

ـ وەرە هەر کامێکمان پیرتر بووین ئەویدی بخوا.

رێوی دەڵێ:

ـ من حازرم .تۆ چەند ساڵ دەبی؟

گورگ گوتی :

ـ من زەمانی تۆفانی نووح لە دایک بووم .

رێوی دەستی کرد بەگریان .

گورگ گوتی :

ـ بۆچی دەگری ؟

رێوی گوتی : بۆ دوومنداڵەکانم .دەگریم.لە تۆفانی نووح دا خنکان .

لێرەدا پڕ بەدڵ سپاسی کاک سەید ئیسماعیلی سەید شوکری ، کاک رەسووڵی مەلا، خوشکە نازداری غەفووری . کاک ج .م. شەمزاو ، کاک ئازادعیسا و کاک زریان محەممەد کاکەیی ،دەکەین کە بۆ رازاندنەوەی ئەم بەشە یارمەتی یان داوین .

وەعزی شیرین

دەڵێن یەهوودییەکانی تورکیە خاخامێکیان بوو زۆر قسە خۆش بوو. ڕۆژێک داوایان لێکرد بۆ یەهوودییەکانی ئاڵمان قسە بکا. ئەویش قەبووڵی کرد و چوو. ئەو دەمەی چووە پشت تریبون گوتی:

ـ من بە خۆڕایی قسە ناکەم ٥٠٠ مارکم بۆکۆکەنەوە خەڵکەکەش هەستان ٥٠٠ مارکەکەیان کۆ کردەوە خاخام لە گیرفانی نا و دەستی کرد بە قسە.

وەعزەکەی زۆر شیرین بوو. هەموو لێکڕا گوتیان ئەم وەعزە ٥٠٠ مارک دێنێ. خاخام قسەی تەواو بوو هاتە خوار و دەستی بە گیرفانی داکرد و گوتی:

ـ هەر کەسە پووڵی خۆی هەڵگرێتەوە.

لێیان پرسی ئەوە بۆ واتکرد؟

گوتی: من پێویستیم بە پووڵ نیە بەڵام پیاو گیرفانی پڕ بێ جوانتر قسەی بۆ دێ.



ڕۆژێک کابرایێک دەچێتە لای خەیات و دەستێک کەوا! پاتۆڵ بەدروون دەدا. پاش چەند ڕۆژ دەچێ وەریدەگرێتەوە تەمەشا دەکا یەخەی نیە. ڕوو لە کابرای خەیات دەکا و دەڵێ:

ـ کاکە بۆ ئەو کەوا پاتۆڵە یەخەی نیە؟

خەیات دەڵێ:

ـ کاکە وامزانی زۆر قەرزداری گوتم با قەرزدا!ر یەخەت نەگرن.

دەردی دڵ

جارێک مارک تواین خێزانی نەخۆش دەکەوێ و لە مردن دەبێ. بۆ وەی بزانێ کە مارک خۆشی دەوێ یا نا دەڵێ:

ـ ئەرێ ئەگەر من بمرم چ دەکەی؟

ـ باوەڕ بکە شێت دەبم؟

ـ یا زوو دەچی ژن دێنی؟

ـ نانا ئیدی ئەوەندەش شێت نابم؟



•••

درۆی زل

دوو درۆزن بە ڕێ یەکدا! دەڕۆیشتن. یەکیان لە پێشەوە دەڕۆیی. گەیشتە دێیەک. گوتی:

ـ لە ڕێگایە جێخوونێکم هێلکە دی، گێرەیان دەکرد. خەڵکەکە کەشتی وایان نەبیستبوو پێی پێکەنین.

کابرا گوتی:

ـ هەرکەس لە دوای من هاتە ئەم دێیەلێی بپرسن بزانن وایە یان نا. ئەگەر وا بوو مەڕێکم بدەنێ.

خەڵک ڕاوەستان هەتا درۆزنی دووهەم گەیشتێ.

لێیان پرسی:

ـ کاکە تۆ جێخوونێکت هێلکە دی گێرەی بکەن.

کابرا کوتی:

ـ نەمدی گێرەی بکەن بەڵام دیتم بەشەنەی بەبابان دەکرد. جووجکە دەکەوتە لایەک و هێلکە دەکەوتە لایەک

تەنز چیە؟

دارا.م

تەنز چیە ؟ تەنز بریتیە لە بەرهەمێکی ئەدەبی سەرنج راکێشکە خەڵک وەپێکەنین بخا و رووداوەکانی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی وەرگیرا بێ و لەو دیاردانە بدوێ کە گیر و گرفت و کۆسپ لەرێگای ژیانی کۆمەڵدا پێک دێنن.لە تەنزدا نووسەر دەبێ مەبەستێکی سەرەکی بۆ لێ دوان دیاری بکا و لە لایەنەکانی دیکە زیاتر گرینگی پێ بدا و باسی لێ بکا

مەبەست لە " وەپێکەنین خستن"ی خەڵکی چیە .....؟ پێکەنین نیشانەی شادی و سەرکەوتنە،ئینسان کاتێک پێدەکەنێ کە هەست بە سەرکەوتن دەکا ،کاتێک بۆی دەردەکەوێ مەسەلەیەکی بەرواڵەت دژوار بەسادەیی قابیلی چارەسەرکردنە ، هێز و توانای رەوانی و جیسمی خۆی بەردەدا و پێ دەکەنێ ، پێکەنین رەنگدانەوەی کاری عەسەبی مێشکە ،کە بە شێوەی بزواندنی دەم و چاو و ماسوولکەکان وەدەردەکەوێ.

باشە ئەگەر پێکەنین نیشانەی شادی و سەرکەوتن بێ ئەدی ئەوانەی کە هێشتا لەژێر باری هەژاری و ستەمدا دەناڵێنن بۆ پێدەکەنن ! ؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین :

لە پێکەنیندا جگە لە نیشانەی شادی،شتێکی دیکەش هەیە کە دەبێتە مایەی مەرگی کەسانێک ، زۆر سەیرە! شتێک شاد و دڵخۆشکەر بێ، کەچی لە هەمان کاتدا مایەی مەرگی کەسانێکیش بێ !! ....

راستیەکەشی ئەوەیە کە پێکەنین،ئەو کەسە ناکوژێ کە پێدەکەنێ،بەڵکوو ئەوە دەکوژێ کە بۆتە مایەی ئەو پێکەنینە و خەڵکی پێی پێدەکەنن.کاتێک تۆ بە کەسێک پێدەکەنی ، ماناکەی ئەوەیە کە بە سووک و نابووت و بێ قەدر تەماشای دەکەی و بە پێکەنینەکەت خۆ بە سەرکەوتووتر و بەهێز و تواناتر لەوی دەبینی .

دەبێ ئەوەش بزانین کە تەنز تەنیا شادی و پێکەنینی تێدانیە ،بەڵکوو رق و تووڕەیی و بێزاریشی تێدایە کەوەک هەورێکی رەش و تاڵ هەڕەشە لە خۆری پێکەنینەکە دەکەن و و تەنانەت لەنێوان پێکەنینەکانیشدا نهێنی گریان و فرمێسک بەدی دەکرێن . ئەو جۆرە پێکەنینانە لە کوێوە هەڵدەقوڵێن ؟...

ئینسانی رەنج کێش کاتێک ئاوا پێدەکەنێ،دوژمنەکەی خۆی لەرووی ئەخلاقی و مەعنەویەوە تێک دەشکێنێ و رێ و شوێن و رەوشتیان بە هیچ دەگرێ وجگەلەتاریکاییەکی پڕوپووچ بە هیچی دیکەی نازانێ کاتێک خۆی لەگەڵ وان بەراوورد دەکا ،ئەوان بە فس فس پاڵەوان و خۆی بە نەوەی دێوان دەزانێ،دەنا یەکێک کە دەبینێ وڵاتەکەی لە لایەن دوژمنانەوە گەمارۆ دراوە و لەبار و وەزعێک دایە کە نائومێدی پێوە دیارە چۆن پێدەکەنێ...! ؟یەکێک کە دەبینێ سەدان دەردی کۆمەڵایەتی جەرگی گەلەکەی کوڵێوە چۆن پێدەکەنێ...! ؟ بەڵام بێگومان ئەو پێکەنینە پێکەنینی ئینسانی پێشکەوتوو خوازە ،پێکەنینی ئینسانێکە کە باوەری وایە قانوونە کۆمەڵایەتیەکانی تەبیعەت مژدەی سەرکەوتنی دەدەنێ . پێدەکەنێ تا بە پێکەنینەکەی خۆی،تاڵی تێک شکانەکانی ئینسان لەنێو بەرێ.

لە لایەکی دیکەوە کاتێک خوێنەر بە تەنزێک پێدەکەنێ ،

تەنانەت بەولایەنە خراپانەش پێ دەکەنێ کە لە خۆیدا هەن. «گۆگۆڵ»(١٨٠٢-١٩٠٩) لە جەنابی "موفەتیش"ەکەی خۆیدا دەڵێ : "ئێوە بە کێ پێدەکەنن؟ ئێوە دەتانەوێ بەخۆتان پێبکەنن! ماناکەشی ئەوەیە : ئەو چاکەیەی کە لەگیانی ئێوەدا بێدارم کردۆتەوە،بەنابەجێ - ترین شتەکانی ناو خۆتان پێدەکەنن.

جا ئەو کەسەی کە بیەوێ کارێکی ئاوا بنووسێ، پێش هەموو شتێک دەبێ وردبین بێ،واتا بە وردی ئاگاداری ژیانی رۆژانەی خەڵکی بێ و ئەو گیروگرفتانە بدۆزێتەوە کە هێشتا خەڵکی بۆخۆیان باش نازانن لەکوێوە سەردێننەدەر

جیاوازی نووسەرێکی ئاسایی دیکە لەگەڵ تەنزنووس لەکوێ دایە؟نووسەرێکی ئاسایی کاتێک مەقالەیەکی جیددی لەسەر مەسەلەیەکی گرینگ دەنووسێ ئەو نایەوێ کە هەر لەپێشدا دوژمن تێک شکاو نیشان بدا ، بەڵکوو لەوانەیە لەتۆ بەهێز- تریشی بخاتە روو.بەڵام تەنز- نووس بەگاڵتە و پێکەنینەوە خەڵکی بانگ دەکا و هەر لە پێشەوە سووک و بێ نرخ تەماشای دوژمن دەکا و سەرەنجام مەحکوومی دەکا و بەسەریدا زاڵ دەبێ. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە: کاتێک باسی "سەرکەوتن بەسەر دوژمندا" دەکەین ئایا بەڕاستی دوژمن لەناو دەچێ و دەمرێ........؟ راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو سەرکەوتنە زیاتر لەوەی ماددی بێ ئەخلاقییە.تەنز نووس تەنیا خوێنەر بۆ تێکۆشان و کارکردن بانگ دەکا و هانی دەدا و هیوای پێدەدا، هەروا کۆن و کۆنەپەرستی لەبەر چاو ناشیرین و ریسوا دەکا.گرینگی گەورەی تەنز لە ئەدەبیاتدا ئەوەیە کە ئینسان بە ئاسوودەیی یەوە خۆی لە کۆت و پێوەندەکانی رابووردوو جودا کاتەوە و نەخشەی لەبار بۆ داهاتوو بکێشێ.پێکەنین ئینسان فێر دەکا و یاریدەی دەدا تاخۆی لەزۆر رێ و شوێن و رەسمی کۆن ئازاد بکا.خراپترین ئینسان ئەو کەسەیە کە رابووردوو لە وجوودی دا قووڵتر لە خەڵکی دیکە ریشەی داکوتاوە.

کە واتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە تەنز شتێکی بێمانا و تەنیا بۆ سەرگەرم کردنی خەڵکی نیە،بەڵکوو لە پلەی یەکەمدا دەبێ گرنگی بە ناوەرۆک و جەوهەری کۆمەڵایەتی بدرێ.

نووسەری تەنزیش وەک هەموو نووسەرێکی دیکە بۆ ئەوەی باش بنووسێ،دەبێ خۆی لە جێگای خوێنەر دابنێ، دەبێ بەچاوێک تەماشای بەرهەمەکەی بکا کەوەک ئەوە وابێ تازەبابەتە و بۆ یەکەمین جارە دەیخوێنێتەوە و خۆی بەشداریی یەکی تێدا نەکردووە.دەبێ دڵنیاش بێ لەوەی کە بەرهەمەکەی تەنیا بۆخۆی تێی ناگا،بەڵکوو نرخەکەی لەوەدا دەبێ کە بە تەواوی قابلی تێگەیشتن بێ.

جا ئەگەر لێرەدا برێک بگەڕێینەوە نێو ئەدەبی کوردی خۆمان و گەرانێک بەدووی تەنزدا بکەین،بەئاسانی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە داخەوە لەو بارەیە شتێکی ئەوتۆ وەبەر چاوان ناکەوێ کە شایانی باس و لێکۆڵینەوە بێ.

هەرچەندە لە ئەدەبی کوردیدا هەر وەک دەزانین بە شێوەیەکی گشتی پەخشان لەچاو شیعر لە دوایە، بەڵام پێم وایە لەوەیدا ئەدەبی تەنز لەدوای هەموانە، لە کاتێکدا دەتوانم بڵێم: تەنز لە هەموو بەشێکی دیکەی ئەدەبی خوێنەری زیاترە.

ئیدی بەهیوای هەوڵ و کۆشش و کارکردنی ئەو کەسانەی لەوبوارەدا بەتوانا و لێ زانن.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- مکتبهای ادبی- جلد ١
٢- دربارۀ ادبیات- «لونا چارسکی»
٣- از پوشکین تاشولوخوف
ترجمه :ع امینی و م سجودی

ئەگەر جارێ ... ژ هیوا

وەنەوشەی جوان و نەشمیلی بەهاری
کەتۆ رەحمی بەحالم کەی بەزاری

وشەی تازەت بەیادی هەڵدەڕێژم
دەکووژم غەم، خەفەتباری دەنێژم

بەیادی تۆوەیە وامەست و شادم
لەرووی دونیا بەتەنیا تۆی مرادم

گە بێتو لێو بزێوی تۆ لەسەر لێو
دەتارێ غەم لە دڵما شەشحەوت کێو

کەبێتوو خێسەیەکمان پێ بدەی تۆ
غەم و مەینەت لە دڵما بۆدەبی کۆ؟

کەبێتو بێیە لامان جار و بارێ
هەچی غەمبارییە و حەسرەت دەتارێ

ئەگەر جارێ بەیادم کەی بەخۆشی
کلۆی سەر ژینی من پاک دادەپۆشی

بزەت گەر بێتە سەرلێوی شەکەربار
لەبەرچی من دەبم غەمبارو بێزار؟

ئەتۆ مانگی گوڵم، ئەستێرە، خۆری
فریشتەی تۆ، ونۆسی یانە حۆری؟

بۆنی بەهار — سابیری خودامرادی

وەکوو بیستوومە دەڵێن سروە سبەی دێتەوە
سبەی لە هەر زمانێ دەنگی ئۆخەی دێتەوە

هەرچی ئەدیبی کوردە تینووی دیداری سروەن
بۆیە هەموو چاوەڕێن خودایە کەی دێتەوە

سروە ئاواتی کوردە یاخوا هەرئاوا نەبێ
هەر خۆش بێ ئەم بەهارەلەمانگی دەی دێتەوە

بەڵێ بەهارە سروە نەک هەرتەنیا بەهارێ
بەڵکوو بۆنی سەد بەهار لەهەروشەی دێتەوە

خۆشەویستێکە مەزن گەورە و بەنرخە سروە
ئەوینی گەلی کوردە بۆ گەلەکەی دێتەوە

خەم و پەژارە دەڕوا لەبەرسروەی نەسیمی
خۆشی و شادمانی لە گەڵ شنەی دێتەوە

لەگەڵ شیعری ...

ئەگەر مامۆستا توورەش بێ لە تۆ
دەبێ بزانی لەبەر چیەو بۆ؟

ئەوە دەزانێ نەخوێندەواری
دەردێکی سەختە و زامێکی کاری

ئەوەی پێش دەگرێ بەکاروانی شەو
ئەوەی بانگ دەکا راپەڕن لە خەو

ئەوەی هەمیشە خۆشی تۆی دەوێ
ئەوەی پێی خۆشە گەلی سەرکەوێ

ئەوە مامۆستا دڵسۆزەکەتە
چرای رووناکی رێی هۆزەکەتە

رێزی لێ بگرە جێگای خۆیەتی
هەر ئەو پەرۆشی ژینی تۆیەتی

"" ناسری ئاغابرا ""

"" مامۆستای دڵسۆز ""

برام هاودینم هاونیشتمانم
هیوای داهاتووی وڵاتی جوانم

لە ژێر چ زەبرێک بێ حاڵ وکاسی؟
ریشەی دەردی خۆت لە چی دەناسی؟

ئەودەردەی ئەتۆ پێوەی دەناڵی
بۆت بەیان دەکەم حاڵی بەحاڵی

وابیر مەکەوە مادەرزادی یە
دەردی نەزانی وبێسەوادی یە

سروه‌كه‌هات

"ک.د.ئازاد"

له‌خۆشترین رۆژی سالّم ،
نائومێدی شه‌وێ تاریكی دا مه‌زراند .
به‌و شه‌وه تاریك و تووشه ،
له سێبه‌ریشم ده‌ترسام .
له ده‌روونما گورگێكی برسی ده‌یمڕاند!
كه ده‌ستی بێ باوه‌ڕی من ،
په‌رده‌ی شڕی شه‌وی دڕی ،
نوورێك درا له‌چاوی من .
ته‌می شه‌وگار ده‌ڕه‌ویه‌وه ،
خۆر لانه‌ی به‌ختی خۆی چێ كرد .
له‌نێو دلّی هه‌راوی من ،
" سروه كه هات ؛
دڕی ده‌دا به باوه‌ڕی شه‌وی شڕۆلّ ،
" ئازاد"ی كرد به خوێنگری هه‌تاوی من !

كۆتری خه‌یاڵ

ج.قه‌قنه‌س

ئـه‌مڕۆ كـۆتـری خه‌یالّ و بیـرم
له كونجی جه‌سته‌ی خه‌سته‌ی ئه‌سیرم
فـڕی بالّی گرت به‌ره‌و سه‌مـا وات
تا بگاته‌شار ،ئاره‌زوو ئـــا وات
تاله هێلانه‌ی ئازیزان، یـــاران
بحه‌سێته‌وه لـه لای دلّـــداران
هیوایه یاران بالّی نه‌شكێنـــن
تووی‌نه‌ومیدی له دلّی نه‌ڕوێنـــن
ئه‌م بالّه‌نده‌یه گه‌لێ ماڵـــدووه
باو بۆران بالّی زۆرته‌زانـــدووه
ئه‌فڕێ هه‌تا كووله هێلانه‌یـــان
گه‌رم كاته‌وه جسم وته‌ن و گیـــان
هیوایه یاران نه‌یخه‌نه قه‌فـــه‌س
به‌ئاگری قارنه‌یكه‌نه‌قه‌قنه‌س! ...

شاعیرانی لاو

"هیوای جێژن"

شنه‌ی شه‌مالّه هـاژه‌ی دێ
جۆگه‌له‌ی به‌ست ئاوی به‌فرێ

قه‌لّبه‌زه‌كه‌ی به ئاهه‌نگـێ
به ئاهه‌نگ و جۆره ده‌نگـێ

به گـۆرانـی ده‌یلێتـه‌وه:
" ئـه‌وه بـه‌فره ده‌توێتـه‌وه

زستـانـه سـه‌ر ده‌نێتـه‌وه
ده‌رگای بـه‌هار ده‌كرێتـه‌وه

وه‌نـه‌وشـه روو دامـه‌پۆشه
نیزیكه ئه‌و رۆژه خۆشـه

ئه‌گه‌ر كورتیش بێ ته‌مه‌نت
تاوێك ده‌ڕوانیـه وه‌ته‌نت

شنه‌ی شه‌مالّه هـاژه‌ی دێ
لكی دارانـــه راده‌ژێ

ئـه‌و لقـانـه‌ی راده‌وه‌شێـن
گۆرانیه‌كی دیكـه ده‌لّێـن

ده‌لّێـن گۆرانـی بۆ مـه‌لان
بـۆ بالّنده‌ی چڕ و تـه‌لان

وه‌خۆ كـه‌ون بـه‌ره‌و ژیـان
نه‌ما زستـانی پـڕ زیـان

هێلانه‌كـان نوێ كـه‌نـه‌وه
سروده‌كـان بخوێننـه‌وه

ئه‌و سروودانـه‌ی ئێـواران
رێك و پێكتر له‌هی جاران

به‌یانان به ئاهه‌نگ گێـڕان
ساز كه‌ن به‌زمێ بۆ وه‌رزێران

شنه‌ی شه‌مالّه هـاژه‌ی دێ
جۆگه‌له‌ی به‌ست ئاوی به‌فرێ

لكـی دارانـــه راده‌ژێ
گیان له‌به‌رانـن چـاوه‌ڕێ

ده‌نگی تازه‌یان دێته گوێ
ئاخۆ ئاواتیان وه‌دی دێ ؟

هه‌موو به‌هیـوای ژیـانـن
بـۆ رۆژی خـۆش چاوه‌ڕوانـن

لـه زستـانـی سڕ بێـزارن
ده‌ستـه‌ودا مێنـی بـه‌هـارن

بـه‌و هیوایه ئه‌و رۆژه بێ
جێژن و خۆشی بۆ شارودێ

٭ ٭ ٭

"مسته‌فا شێخه"



شیردا بۆ داپیردا



هەبوو نەبوو پیرێژنێک بوو پیرێژن ! جا دەڵێ پیرێژن لە دارەتی دنیایە تەقە بزنێکی هەبوو . هەموو رۆژێ شیرەکەی هەوێن دەکرد و لە حەسارێ لەبن سوێنەی دەیشاردەوە .

رێویەکی بەدفەڕیش هەبوو بەشیری پیرێژنێ فێر ببوو . جار دەگەڵ جارێ کە پیرێژن چاوی خافڵ دەبوو ، رێوی دەچووە زگ سوێنە وشیرەی دەخوارد .

پیرێژن نەیدەزانی ئەو چۆرە شیرەی هەوێنی کردووە چی لێ هاتووە . هەتا رۆژێکی کوتی "ئەو حاڵە بەوحاڵە ناشێ " تەوەرداسێکی هەبوو ، دەستی دایەو خۆی لەکەلێنێک مەڵاس دا .تەوەرداسیش ئەوەندە تیژ بوو مووی دەکرد .

لەسەر قەراری رۆژان هێندەی تێوەرنەسووڕاوە مام رێوی پەیدابوو . چاوێکی لەولاوئەولای کرد و غاریدا سوێنەی . پیرێژن نەیکردە نامەردی تەوەرداسی هەڵێنا و بەهەموو دەمایە خۆی تەوەرداسێکی داهێنا رێوێ .

رێوی دەرپەڕی ئەمما کلکی وەبەرهات و قرتاندی.بەچۆرە چۆڕی خوێنێ رێوی تێ هەڵبۆوە بۆ کن ئاواڵەکانی .پێیان کوت ئەدی کوا کلکت ؟هەموو قوماریان پێکرد .لەتاوان پەنای بۆ پیرێژن بردەوە و کوتی : .

— داپیرە ئەمن کردم ئەتۆ نەیکەی وەرە مەردی خودای بە کلکە قولەم وێدەوە .

پیرێژن کوتی : دەی دەی مام رێوی هەتا شیرم لێدەخۆی دەخۆی دەنا ئەوجار کلکە قولەت دەوێتەوە ؟

مام رێوی کوتی: قەول بێتا زە زیانی نەکەم . وەرە پیاوی چا بە کلکم دەوە ، ئابڕووم چوو . پیرێژن دەڵێ : بڕۆ شیرەکەم بۆ بێنەوە لەجێی خۆی دانێوە هەتا کلکەقوڵەت وێدەمەوە .

مام ریوی چارەی لێ براوچوو



کن بزنی گوتی :

بز شیردا بۆ داپیر دا
بەشکە کلکەقوڵەم وێدا

بزن کوتی : هەستە بچۆ کن داری گەڵام بۆ بێنە باشیرت دەمێ.ڕێوی ئەوجارچۆ کن داری کوتی :

دار گەڵا دا بۆ بز دا
بز شیردا بۆ داپیر دا
بەشکە کلکە قوڵەم وێدا

دار کوتی : مام ڕێوی هەستە بچۆ ئاوێ بێنە ئاوم دەبن کە باڵق و پۆپی دەرکەم جا ئەو جار وەرە گەڵات دەدەمێ .

مام ڕێوی ئەوجار چۆکن کانی. کوتی :

کانی ئاودا بۆدار دا
دار گەڵا دا بۆ بز دا
بز شیر دا بۆ داپیر دا
بەشکە کلکە قوڵەم وێدا

کانی کوتی : دەنا ئەگەروایە بچۆ کیژان بێنە بالەسەرم چۆپی بکەن ئەودەم ئەمیش ئاوم وێدێ .



ئەوجار ڕێوی چۆکن کیژان کوتی :

کیژ چۆپی کا لە کانیکا
کانی ئاودا بۆ دار دا
دار گەڵا دا بۆ بز دا
بز شیردا بۆ داپیر دا
بەشکە کلکەقوڵەم وێدا

کیژ کوتیان : ئەمە کەوشمان نیە ، داوەتیش بێ کەوش ناکرێ بچۆ کەوشمان بۆ بێنە جا لەسەر کانی هەڵدەپەڕین .

ڕێوی هەستاوەڕی کەوت خۆی گەیاندە وەستاو گوتی:

وەستا کەوشکا بۆکیژکا
کیژ چۆپی کالە کانی کا
کانی ئاودا بۆ دار دا
دار گەڵا دا بۆ بز دا
بز شیردا بۆ داپیر دا
بەشکە کلکەقوڵەم وێدا

وەستا کوتی : بچۆ هێلکەم بۆ بێنە .

ڕێوی چۆ کن مریشکی . کوتی:

مرهێلکە کا بۆوەستاکا
وەستا کەوشکا بۆکیژ کا
کیژ چۆپی کا لەکانی کا
کانی ئاودا بۆ دار دا
دار گەڵا دا بۆ بز دا
بز شیردا بۆ داپیر دا
بەشکە کلکەقوڵەم وێدا

مریشک کوتی : بچۆ هەرزنم بۆ بێنە !



بەڵێ جادەڵێ ڕێوی ڕۆیی . کەم ڕۆیی زۆر ڕۆیی گەیشتە کابرایەکی گێرەی هەرزنی دەکرد .

ئەویش کوتی : مامە پیرە !

گێرەی لێ خورە بادەستو دم



مامە هەرزن‌دابو مردا
مرهێلکە کا بۆوەستا کا
وەستا کەوش‌کا بۆکیژ کا
کیژ چۆپی کا لە کانی‌کا
کانی ئاودا بۆ دار دا
دار گەڵا دا بۆ بز دا
بز شیر دا بۆ داپیر دا
بەشکە کلکەقوڵەم وێدا

و چاوم بشۆم و وچانێکی بدەم دوایە هەرزنت دەدەمێ .
کابرا رۆیشت بۆ سەرکانی . ڕێویش چاوێ گێرا قۆپیەک دیار بوو . خۆی دەقۆپی هەڵکێشا و هاتەوە. دەنێو هەرزنیندا گەوزی . هێندەی هەرزن پێوە نووسابوو نەیدەتوانی بڕوا .



کابرا کوتی : باشە جارێ وەرە زۆر ماندووم .بڕێک

هەر چونێک بوو هەڵات هاتەوە کن مریشکێ . لەوێ

خۆی تەکاند مریشک هەرزنی خوارد ،هێلکەی کرد . هێلکەی برد بۆ وەستای . وەستا کەوشی دایە کەوشی برد بۆ کیژان . کیژ لەسەرکانی چۆپیان کرد . کانی ئاوی هاتێ.دار گەشاوە . گەڵای برد بۆ بزنی .بزن شیری دایە شیری برد بۆ داپیرەی داپیرە کەلکە قوڵەی وێداوە .
ئەمیش لەولای راهاتمەوەکاڵەم درا چم پێ نەبرا .

نەخوێندەوار بێکەسە

بووکە باغەی نەخشینم
کۆرپەی ساوا و شیرینم

هەستە لە خەو بەیانە
کاتی کایە و سەیرانە

تۆ وەک گوڵی بەهاری
کەسک و سوور و نازداری

خۆت زۆرجوان داپۆشە
دابچینە کانیە خۆشە

لە عەمری منت کەوێ
چاوجوان، خوێن شیرن"کەوێ"

گۆزەڵەت لە بیرمەکە
تا ئاو بەرین بۆ مەشکە

دایە چاوەڕێمانە
هومێدی زۆر پێمانە

دەم و چاوەکەت بشۆ
لە پاشان نانی بخۆ

خێرا بچۆ مەدرەسە
نەخوێندەوار بێکەسە

س ـ سیروان

خوێنەرانی بەڕێزی "سروە"

وێڕای سڵاو لە ئێوە ئازیزان کە لە ماوەی ساڵی رابردوودا بە هەر شێوەیەک لەنەدەستتان هات یاریدەتان داین وبە دنەدان ورێزگرتنی خۆتان شەرمەندەتان کردین. پشتیوانی خۆتان لە بڵاوبوونەوەی سروەدەربڕی. بە تایبەت هونەروەران،ئەدەبدۆستان، زاناتیان و نووسەرانی خۆشەویست کە بە ناردنی شعر و وتار وچیرۆک و ... بوونەهۆی ئەوە کە ئەم گۆوارە نێوەرۆکەکەی بە دڵی ئێوە بێ. دەستەی نووسەرانی سروە بە پێویستی دەزانێ لە هەموو ئەو ئازیزانەی لە ساڵی رابردوودا بەهەر شێوەیەک یاریدەیان داوین، وێز بگرێ و سپاسیان لێ بکا.

بە ئاشکرا دەبێ ئەم مەسەلە رابگەیەنین کە بڵاوبوونەوەی سروە مەدیوونی هاوکاری و یارمەتی ورێنوێنی زوربەی ئەم خوشک وبرایانەیە کە لە نزیک ودوورەوە یارمەتییان داوین. گۆواری سروە لە ساڵی داهاتووشدا هەر بە هاوکاری بەردەوام وپتری ئێوە خۆشەویستان دەتوانێ دەرچێ. ئێمە بەڵێنی دەدەین ئەوەندەی لە توانامان دابۆ، باشتر و جوانتربوونی ئەم گۆوارە تێ بکۆشین بەڵام بە مەرجێک کە دۆستان لە بیرمان نەکەن وهەرچی لەدەستیان دێ سەبارەت بە سروە دەریغی مان لێ نەکەن.

بەراستی ئەم هاوکاری یانە بۆ ئێمەجێگای شانازین. کە وابووبانگەوازی گۆواری خۆتان قبوولّ بکەن وبە ناردنی نووسراوە، سووژەی جوان، مەسەلەی نوێ وناساندنی هونەر و ... بۆ دەرچوونی گۆوارێکی پڕنێوەرۆکتر سروە یاریدە بدەن. ئێمە پێویستمان بەم مەسەلانە هەیە:

١ـ تەحقیق، لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی بەیت وباوی کۆنی کوردی بە شێوەی نووسراوە، یا وێنە یانەوار و یا بەسەرهاتی ئەوانەی ئەم بابەتانە دەزانن.

٢ـ نووسینی وتاری تەحقیقی لە زمینەکانی جۆرا وجۆری عیلمی، ئەدەبی، عەقیدەتی عیرفانی وهونەری (بە زمانی کوردی یا فارسی)

٣ـ نووسین یا کۆکردنەوەی باسە مێژوویی یەکان وەک:

الف: بێگانە لە کوردستاندا

ب: ئیسلام وکورد

ج: ناودارانی کورد و ... " بە زمانی کوردی یا فارسی "

٤ـ تالیف وکۆکردنەوەی باسە مێژوویی وجوغرافیایی یەکان ورەسم وباوی شارە کورد نشینەکان وژیانی عەشیرەیی (بە زمانی کوردی یا فارسی)

٥ـ ئالیف وکۆکردنەوەی زمان وئەدەبیاتی کوردی وەک رێزمان ورێنووس وفەرهەنگی زاراوەیی و فەرهەنگی وشەکان و .....

٦ـ نووسین وکۆکردنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان (بە زمانی کوردی یا فارسی)

٧ـ کۆکردنەوەی پەندی پێشینیان وقسەی نەستەق وفەرهەنگی عامیانە

٨ـ نووسینی تەنزی کۆمەڵایەتی

٩ـ کێشانەوە یا ناردنی وێنە یا خەت، تەرح ،وکاریکاتۆر و ....

١٠ـ وێنە هەڵگرتن لە سووژەی تەبیعی (جوغرافیایی) مێژوویی، کۆمەڵایەتی ئابووری و..

١١ـ نووسین وکۆکردنەوەی وتارەکانی جۆرا وجۆر وەک باسی بنەماڵە، مافی ژن، کار و کرێکاری، بێهداشت ودەرمان، کشت وکاڵ وئاژەڵداری و ...

١٢ـ لە ئاکامدا ئەو باس ووتارانەی بە دڵتانە وپێتان شک دێ.

تکایە نووسراوەکانی خۆتان بە ناونیشانی

" ارومیە ـ صندوق پستی ٧١٧ " انتشارات صلاح الدین ایوبی " بەرێ بکەن

وێڕای رێزو سپاس

دەستەی نووسەرانی "سروە"

سپاس بۆ خودای بەرز و بێ هاوتا کە یارمەتی داین چوارەمین ژمارەی "سروە" لە چاپ بدەین زۆربە پێویستمان زانی بۆ ئاگادار بوون لە چلۆنایەتی نێوەرۆکی گۆوارەکە لە هەموو بارێکەوە راونەزەری خۆشەویستان بزانین ، ئەوەشمان بۆدەرکەوێ کە لە ساڵی رابردوودا سروە توانیویەتی تاچ رادەیەک خوێنەران رازی بکا . لێرەدا لە هەموو خوشک و برایانی بەڕێز داوادەکەین رای خۆیان دەرببڕن و بۆ ئێمەی بنێرن و بەوەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە بەڕێوەبەرانی "سروە " یارمەتی بدەن .

* * * *

ناو وشورەت .... تەمەن .... ژن / پیاو .... ئیش وکار.........

ناونیشان ....

نووسینی ناوونیشان بەقەد ئەوانی تر پێویست نیە بەڵام ئەگەر بنووسرێ باشترە .

* * * *

١ ـ تائێستا سروەتان خوێندوتەوە ؟ چ ماوەیەک و چۆن ئاگاداری دەرچوونی بوون ؟

٢ ـ سروەتان خوش دەوێ ؟ بۆ ؟

٣ ـ کام بەشی سروەتان پێ خوشترە وکام بەشتان پێ ناخوشە ؟ بۆ ؟

٤ ـ بۆ تەکمیل بوون وپرنێوەرۆکتر بوونی سروە چ پێشنیارێکتان هەیە .سەرچاوەمان پێ بناسێنن و ئەگەر بۆخوشتان دەتوانن یاریدەمان بدەن ؟

٥ ـ بەرای ئێوە سروە دەبێ چ رێبازێک بگرێتەبەرو چ پێ سپێراوی یەکی هەیە .

٦ ـ بەگشتی دەرچوونی سروە لە ماوەی ساڵی رابردوو چۆن بوو وهەڵوێستی چ بوو ؟

٧ ـ ئەگەر لە داهاتوودا پاشکۆ (ضمیمە) مان بۆ سروە هەبوو بەرای ئێوە دەبێ زۆرتر چ بابەتێکی تێدابێ .

٨ ـ بۆ پتەوتر بوونی هەرچی پتری پەیوەندی نێوان سروە و خوێنەران چ پێشنیارێکتان هەیە .

٩ ـ نەزەرتان لەبارەی ماوەی دەرچوون ، قیمت ، شکڵ و ئەندازەی گۆواری سروە چیە ؟

١٠ ـ هەر چەشنە رەخنە و پێشنیارێکی دیکەتان پێشک دێ بۆمان بنووسن ؟

تکایە وەڵامی خۆتان بەخەتێکی خۆش (کوردی یا فارسی) بەم ناونیشانە بەرێبکەن :


ارومیە : خیابان شهید باکری ـ نبش کوی ساعد (صندوق پستی ٧١٧) انتشارات صلاح الدین ایوبی .

ئەگەر لە گەل گیروگرفتێک لەم بارەدا بەرەوڕوو بوون پەیوەندی لەگەڵ شمارەتلفنی ٣٥٨٠٠ بگرن .

زستان

سەیدکامیلی ئیمامی
(ئاوات)

زستانە، بەفرە، حەشرە، وڵات پڕ لە ناڵە نناڵ
دێوی سپی بە قینەوە هات بۆتە پیرە زاڵ
هێن قورسە، هێن گرانە، هەڵستانی حەستەمە
وەک مۆتە کە لە سەر سەروسنگمانە مانگ وساڵ



سەر سنگمانی گرت و هەناسە نەما بە کەس
کەوتووینە ژێر کلیلەوە دەبزووینەوە بە حاڵ
ئینسان لە ژووریٚ ماونەوە وەک کەوی قەفەس
وەک مەیتە پیرەلۆکێ لە عەرزا ببێ شەلاڵ

ماوین بەڵام چ مان؟ بە خودا مەرگ خوشترە
مەرگێکە نێوی ژینە چ ژین؟ ژینی ترش و تاڵ
بێ باڵ نەماوە گەر دەرەتانی تەنانەتیش
باڵدارەکان فەقیرە هەموو کەوتوون لە باڵ
هەر پێکەنین بووکاتی بەهاران دەهاتە گوێ
هەر زیرە زیرە ئێستە لە سەرمان و زاڵە زاڵ
کیژان بەتوێی کراسێ لەگەشت بوون وگوڵ چنین
ئێستا لە خۆوە گۆوە دەکەن سەد سرو سیپاڵ
خۆزگە تەمەن ببایە کە دیبام بە چاوی خۆم
ئەو کاتە خۆشە دێنەوە سیسارک و پیرە داڵ
یادی بە خێرێ کاتی بەهار و کزەی شەماڵ
سەیران و شایی گرتنی لاوان و کیژ و کاڵ
چەن شۆخ وشەنگ وجوان ولەبەردڵ دەچوونە باغ
بەرز و بڵند و دڵبەر و لێو ئاڵ و چاو کە ژاڵ
یادی بە خێرێ قیرەیی قاز و قورینگەکان
پۆل پۆل دەهاتەوە لە سەرا وا بە قیل و قاڵ
یادی بە خێرێ ئەو دەمە قاسپەی کەوان دەهات
جوانیان دەڕشت نێرە و مێ ریزە وردە خاڵ
ئەو کاتە ئەو دەمانە کە خێڵ دەچنە بەندەنێ
یادیان بە خێرێ بێری و کابانی گەورە ماڵ
جێژوان بە تاڵە، داخۆ کوڕو کیژی نیشتمان
هێشتا لە بیریانە بە دڵ دادەکەن خەیاڵ؟
داخوا دوبارە دێتەوە گوێمان ودێ بەهار:
دەنگی شوان و توورەیی بلوێر لە هەردویاڵ؟
داخوا دەگەینە فەسڵی بەهار و دەژینەوە:
وەک گیا و گوڵ لە ژێرزەوی یادێنە دەرمناڵ؟
کاکی "ئیمامی" تۆ تەمەنت زۆرە حەستەمە
بووژانەوەت بە تاوی بەهار موشکوڵە و محاڵ

